ڕۆژنامە

٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەرببڕەکات

ژمارە 587 سێشەممە 22/ 6/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.587 Tue 22/ 6/ 2010


13

نۆپۆزسیۆنبوون

لەسەر کاغەزەوە پۆسەر زەوی ڕەخنەکان دەڕژێنە ناو خەڵکەوە



دۆسیەیەک سەبارەت بە (ئۆپۆزسیۆنبوون)

بۆ ل١٢-١٣

حەوت هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن!

چاودێریی دارایی، فوئاد مەعسوم و عارف تەیفور ئاگادار دەکاتەوە

ڕۆژنامە

چاودێریی دارایی هەریەک لە د.فوئاد مەعسوم و عارف تەیفور ئاگادارەکاتەوە لەوەی لە ڕێنماییە دارایییەکان لایانداوەو ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەش ڕایدەگەیەنێت ئەگەر کێشەکەیان چارەسەر نەکرێت دەدرێنە دادگا.

چاودێریی دارایی عێراق لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی پێشووی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان چەند ئۆتۆمبێلێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی لای خۆی گلداوەتەوەو نەیگەڕاندووەتەوە بۆ ئەنجومەن، هەروەها عارف تەیفور جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران (خولی پێشوو) دەیان ملیۆن دیناری لەدەرەوەی ڕێنماییەکان خەرجکردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؛ د. فوئاد مەعسوم (٧) ئۆتۆمبێلی لای خۆی گلداوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بە نووسراوی ڕەسمیی ئاگادارکراوەتەوە، کەچی نەیگەڕاندوونەتەوە، لەکاتێکدا ئەو ئۆتۆمبێلانە حکومینو لە کاتی خۆیدا بۆ ڕاپەڕاندنی کار بە شێوەیەکی کاتیی پێیدراون.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا باس لەوەشکراوە، کە عارف تەیفور بڕی (٥٣)ملیۆن دیناری بە موستەندی سەرف بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکەی خەرجکراوە، بەبێ ئەوەی لیژنەی کڕینی لێ ئاگادار بکرێتەوە، زۆربەی ئەو دەرخستانەش کە بۆ نۆژەنکردنەوەکە پێشکەشکراون ناوی بەڵێندەری جێبەجێکاری لەسەر نییە.

لەوبارەیەوە ئەندامێکی پێشووی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە کە لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە پێکبهێنێت.

سەبارەت بەوەی ئەگەر ئەو بەرپرسانەی ناویان هاتووە، وەڵامی لیژنەکەیان نەدایەوە، یان لیژنەکە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە وتی: «ئەگەر لیژنەکە نەیتوانی ئەو پاکتاوە بکات ئەوا دۆسیەکە ڕەوانەی دەستەی نەزاهەی عێراق دەکرێتو پاشان دەدرێتە دادگاو دادگاش لەوبارەیەوە وەک تۆمەتبار مامەڵە لەگەڵ ناوبراوان دەکات».

لە ل٣دا وردەکاریی زیاتر بڵاوکراوەتەوە



عارف تەیفور



فوئاد مەعسوم

«گومان» لە هەبوونی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەتیرۆری سەردەشت دەکرێت

ڕۆژنامە

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دوومانگ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووس، هیچ زانیارییەکی نوێ لەسەر بکوژانی سەردەشت ئاشکرا نەکراوەو چاودێرانیش دەپرسن ئایا شتێک هەیە بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوە؟

ڕۆژنامەنووس ئاسۆس هەردی، وتی: کاری لیژنەکە جێگای گومانو سەرسوڕمانە، چونکە کاتێک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی حکومیی بۆ کەیسێکی وا پێکدەهێنرێت، بۆ دەشاردرێتەوەو کارەکانی نادیارو تەمومژاوییە.

هەروەها ئاسۆس دەڵێت: «وا بڵاوکرایەوە کە بەڕێوەبەری پۆلیسو ئاسایش ئەندامی لیژنەکەن، دواتر بەڕێوەبەری پۆلیس ڕەتیدەکاتەوە، ئەمەش ئەو پرسیارە دروستدەکات، کە ئایا لە بنەڕەتدا ئەو لیژنەیە هەیە یان نا؟».

بۆ ل٦

دەسەڵات پڕۆژەیاسایەکی دیکەی «گرنگی» فراکسیۆنی گۆڕانی ڕەتکردەوە

ڕۆژنامە

زۆرینەی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانیی، پڕۆژەیاسای داواکاری گشتیی ڕەتدەکەنەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە کارابوونیو پاراستنی سامانو مافی گشتیی پێویستی بە پڕۆژەیاسایەکی تایبەتە کە دەسەڵات بداتە دەزگای داواکاری گشتیی.

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «ئێمە ویستوومانە پێگەی ئەو دەزگایە (داواکاری گشتیی) لەگەڵ سەردەم بگونجێتو دەستەبەربێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو مافو سامانی گشتییو سەروەریی یاساو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەلیی دارایی و ئیداریی و پاریزگاری لە مافەکانی مرۆڤ، بۆئەوەش ئەو پڕۆژەیاسایەمان پێشکەشکرد».

د.زانا ڕەئوف پەرلەمانتار لە لیژنەی یاسایی، وتی: ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیاساکە کاریگەریی لەسەر سەروەرنەبوونی یاساو مافو سامانی گشتیی دەبێت، هەروەها وتی: «ئەم بابەتە بەداخەوە لە ڕوانگە یاساییەکەی هێنرایە دەرەوەو وەک بابەتێکی سیاسیی تەوزیف کرا».



ئۆپۆزسیۆن دەستەوسانە

بۆل٧

٣٣ ڕۆژە تۆپبارانە

بۆل٥

ئەمڕۆ وەفدی کوردی لەگەڵ مالیکیو ڕەوتی سەدر کۆدەبێتەوە

بەرهەم خالید

چاوەڕواندەکرێت ئەمڕۆ سێشەممە وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ حیزبی دەعوە کۆببنەوەو سبەینێش لەگەڵ ڕەوتی سەدرییەکانو ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانی کۆببنەوە.

سەرچاوەیەک لە وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغداوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە درێژەی گفتوگۆو دانیشتنەکانی وەفدەکەدا ئەمڕۆ لەگەڵ حیزبی دەعوە کۆدەبنەوەو واش چاوەڕواندەکرێت نوری مالیکی، سەرۆکایەتی وەفدی دەعوە بکات.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند: سبەینێ وەفدەکەیان لەگەڵ ڕەوتی سەدرییەکان دادەنیشنو دواتریش لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی ڕەوتی چاکسازیی نیشتمانیو بۆ دووەمجار لەگەڵ لیستی عێراقییە کۆدەبنەوە.

وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە (١٢)ی ئەم مانگەوە لە بەغدایەو چەندین دانیشتنیان بە مەبەستی دانوستان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان ئەنجامداوە.

گەندەڵیی (حەج)یش دەگرێتەوە

ڕۆژنامە

بەشێک لەحاجیانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکەن، کە کەموکوڕییو گەندەڵیو پارەخواردن لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی حەجدا جێبەجێدەکرێنو مامۆستایەکی ئاینیش جەخت لەوە دەکاتەوە، پرۆسەی حەجکردن بەو دیاردانەوە بەتاڵ دەبێتەوە.

عارف عوسمان، یەکێک لەوانەی سەفەری حەجیان ئەنجامداوە، دەڵێت: «کاتێک لە سەفەرەکەمدا لە حەج ڕووبەڕووی هەندێک کەموکوڕییو گەندەلیی دەبوومەوە، دەمکرد بە هەراو حاجییەکانی دیکە پێیان دەوتم (کاکە گیان ئەوەندە قسەمەکەو بە ڕووی ڕێبەرەکەماندا هەڵمەشاخێ، چونکە حەجەکەت بەتاڵدەبێتەوە).

عارف دەڵێت: «لە سەفەری حەجدا کەموکوڕیی زۆرە، سەرەڕای پارەخواردنی حاجییان، ئەگەر بێتو ئەو حاجییانە وریا نەبن». وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دان بە بوونی کەموکوڕیدا دەنێتو هاوڕایە.

کەسایەتی ئاینیی ناسراو، مامۆستا حەسەن شەمێرانی ڕایدەگەیەنێت: «گرتنەبەری ڕێگەی نایاسایی وەک واسیتەکاریی و کرینو فرۆشتنی ناوو خزمخزمێنە کارێکی نەشیاوەو لەڕووی شەرعییەوە حەرامە».

بۆ ل١٦



دیندار نەجمان:

پێشتر بەرنامەیەکمان نەبوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان

بۆل٩

بازگەکانی سەری ڕەش گوندێک لە دانیشتووانەکەی قەدەغە دەکەن

بۆل١٩

بەرپرسە کوردەکان، لە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایيدا

ئا: رۆژنامە

دیوانی چاودێریی دارایی عێراق، هەموو (٣)مانگ جارێک راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر هەر سێ سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران و وەزارەتەکان، دەستە تایبەتەکان ئامادە دەکات و لە راپۆرتەدا رەخنەکان، تێبینییەکانو سەرپێچییەکان دەخاتەڕوو.

دیوانی چاودێریی دارایی، ئەو راپۆرتەی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانو دەستەی نەزاهە، لیژنەی نەزاهەو لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات.

دیوانی چاودێریی تەنیا بەو راپۆرتە (٣)مانگییەوە ناوەستێت و راپۆرتێکی (٦) مانگ جاری بەناوی راپۆرتی (تقیم اداء) بۆ هەڵسەنگاندنی وەزارەتەکانو دامودەزگاکانی حکومەت دەردەکات.

لەو راپۆرتە (٦)مانگییەدا، دیوانی چاودێریی دارایی هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ کاروباری حکومەت لە ماوەی (٦)مانگدا دەکات و سەرجەم کەموکوڕییەکان دەخاتەڕوو، رای خۆی لەبارەی هەموو کەموکوڕتی و سەرپێچییەکانەوە دەخاتە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران، تا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات و ئەو وەزارەتانەی کاروبارەکانیان بەباشی رایی نەکردووە، ڕێوشوێنی پێویستیان لەگەڵدا بگیرێتەبەر.

دیوانی چاودێریی دارایی عێراق، جگە لە (٢)راپۆرتە (٣ مانگی و ٦ مانگییە)، سالانە راپۆرتێک بۆ دەرخستنی سەرجەم سەرپێچییەکان لەسەر هەموو سەرۆکایەتییەکان، بە سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران، وەزارەتەکان و دەستە تایبەتییەکان ئامادە دەکات و بەهەمان شێواز رەخنەو تێبینییەکانی دیوان دەخاتەڕوو.

ئەو راپۆرتە، کە زانیارییەکانی زیاتر لە (٢)راپۆرتەکەی پێشوو چڕترن و دەخرێتە بەردەستی سەرۆکایەتییەکان، دەستەی نەزاهە، لیژنەی نەزاهەی دارایی پەرلەمان تا ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەرو چارەسەر بۆ کەموکوڕتییەکان بدۆزرێتەوەو لێپێچینەوەش لەبارەی سەرپێچییەکانەوە بکرێت.

جگە لەوراپۆرتە سالانەو خولی و وەرزییانە، دیوانی چاودێریی بەردەوام راپۆرتی تایبەت لەبارەی کاروبارەکانی دەزگاو دامەزراوەکان، هەر لە سەرۆکایەتییەکانەوە تا سەر وەزارەتو دەستە تایبەتەکانو فەرمانگەکانی تری حکومەت دەردەکات و کاروبارەکانیان لە ڕووی ئیداریو دارایی و یاساییەوە هەڵدەسەنگێنێت و ڕەخنەو پێشنیازەکانی خۆی دەخاتەڕوو. ئەو لایەنانەی کە راپۆرتەکانیان لەبارەوە دەردەچن، ئەگەر هاتوو لەماوەیەکی دیاریکراودا لێپێچینەوە لەبارەی کەموکوتییەکانو سەرپێچییەکانەوە نەکرد، ئەوا دیوانی چاودێریی راپۆرتە تایبەتە دەخاتە بەردەستی نەزاهەی عێراق، تا لایەنی کەمتەرخەم ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی بکرێتەوە.

لێرەدا وەکو نموونەیەک، یەکێک لە راپۆرتە تایبەتەکان کە دەربارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، دەخەینەڕوو.



راپۆرتەکە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٥/١١) دا بە ژمارە: (٥٦٨٩/١/٥٣/٥) دەرچووەو ناونیشانی (البيانات المالية لمجلس النواب للسنة المنتهية في ٣١/ كانون الاول/٢٠٠٨) هەڵگرتووەو ئاراستەی دیوانی سەرۆکی ئەنجومەن کراوە.

لە راپۆرتەکەدا، سەرجەم کەموکوڕییە دارایی و ئیدارییەکان خراونەتە بەردەستی سەرۆکی ئەنجومەنو داوای لێدەکات، چارەسەریان بکات و لێپێچینەوەش لەگەڵ سەرپێچیکاراندا بکات و لە ماوەی (٦٠)ڕۆژدا لە ئەنجامەکان ئاگاداریان بکاتەوە.

ئەوەی لە راپۆرتەدا سەرنجڕاکێشە، بوونی ناوی بەرپرسە کوردەکانە لەناو راپۆرتەکەدا کە دیوان ناوی هێناون، لەبارەی ئەوەی کە ئۆتۆمبێلیان لای خۆیان گلداوەتەوە، لەکاتێکدا ئەو ئۆتۆمبێلانە مولکی ئەنجومەنی نوێنەرانن، هەروەها بەرپرسێکی تریش ناوی لە بەشی خەرجییەکاندا هاتووە.

لەو راپۆرتەدا ناوی د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران هاتووە، کە (٧) ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆری لای خۆی گلداوەتەوە، هەر لەراپۆرتەکەدا دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی بە نووسراوی ڕەسمیی ئاگادارکراوەتەوە، کەچی ئەو ئۆتۆمبێلانەی نەگەڕاندووەتەوە، لە کا تێکد ا ئەو



ئۆتۆمبێلانە حکومینو لە کاتی خۆیدا بۆ ڕاپەڕاندنی کار بە شێوەیەکی کاتی پێیدراون.

لەگەڵ ناوی د.فوئاد مەعسوم-دا، ناوی هەندێک لە بەرپرسە باڵاکانی تر هاتووە، لەوانە: مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران، کە (٦)ئۆتۆمبێلی گلداوەتەوەو بۆ ئەنجومەنی نەگەڕاندوونەتەوە، هەروەها ناوی چاچم ئەلحەسەنی، سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانیش هاتووە کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسدیسی لەلاماوەتەوە.

جگە لەوانیش، ناوی نوری مالیکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، کە (٢)ئۆتۆمبێلی جۆرەکانی مارسدیسو کرۆلای ئەنجومەنی نوێنەرانی لای خۆی هێشتووەتەوە.

لە راپۆرتەکەداو لە بەشی (خەرجییەکان) یشدا، بەرپرسە کوردەکان بێبەش نینو ناوی عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتووە: کە بڕی (٥٣)ملیۆنو (٥٠٠)هەزارو (١٥)هەزار دینار بە موستەنەدی سەرف بۆ چاککردنەوەی خانووی پەرلەمانتار عارف تەیفور خەرجکراوەو خانووەکە لە لایەن (نووسینگەی حەیدەر زوبێدی بۆ بەڵێندەرایەتی) ئەنجامدراوە.

ڕاپۆرتەکە، ئەم تێبینییانە لەسەر چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە دەخاتەڕوو:

١- کارەکە، بەبێ ئەوەی لیژنەی کڕین (مشتريات)ی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەنجامدراوە.

٢- چەندین دەرخستە بۆ بەشەکانی کارەکە لە لایەن چەند کۆمپانیایەکەوە خراوەتەڕوو، بەبێ ئەوەی ناوی بەڵێندەری جێبەجێکار بهێنرێتو زۆربەی ئەو دەرخستانە دوای تەواوبوونی کارەکان بە تەواوەتی لەلایەن (نووسینگەی حەیدەر زوبێدی بۆ بەڵێندەرایەتی) پێشکەشکراون.

٣- زۆربەی ئەو دەرخستانەی پێشکەشکراون، بەڵگەنامەی تەواویان لەگەڵدا نییەو بەشێکیشیان بە دەستخەت نووسراونەتەوەو مۆریش نەکراون.

ڕاپۆرتەکە، چەند نموونەیەکیشی لەو دەرخستانە خستووەتەڕوو.

«پەرلەمان وەلاّممان نەداتەوە، کێشەکە دەبەینە دادگای فیدراڵی»

چاوان عەلی

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، وەلاّمی داواکاریی پەرلەمانتارانو ئەنجومەنی پارێزگاکان نادات‌ەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی یاسایی بۆ کێشەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم.

دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، یاسایەک نییە کە ئەنجومەنەکان پەیڕەوی بکەن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کاری ئەو ئەنجومەنانە دروستکردووە، بەتایبەت ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە هیچ مامەلەیەکیان لەگەڵ پارێزگاردا نەماوە.

کاوە عەبدوڵلاّ، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوابوو: کێشەکەیان زۆر درێژەی کێشاوەو وەلاّمیان نەدراوەتەوە لەلایەن پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێمەوە.

پەرلەمانی کوردستان، لە (٢٠٠٩/٤/٢٠) یاسای ژمارە (٣)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی پەسەندکردووە، بەپێی یاساکەش لە خولی داهاتووەوە کاری پێدەکرێت، بەڵاّم لەبەر ئەوەی ڕۆشن نییە کە کەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێت، لەئێستاشدا ئەنجومەنی پارێزگاکان لە بۆشاییەکی یاساییدا ماونەتەوە.



کاوە عەبدوڵلاّ

کاروان سالح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو: لەبەر ئەوەی کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان، یاسایەک هەبێت کاری پێبکەن، لیژنەی ناوخۆ لە پێشنیازەکانیاندا کە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، داوایان کردووە کە بەزوترین کات لیژنەی ناوخۆو یاسایی پەرلەمان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکو سلێمانی کۆببنەوەو ئەو برگەیەش هەموارکرێتەوە کە لەیاسای ژمارە(٣)دا هاتووە، بۆئەوەی لە ئێستاداو تا هەڵبژاردن دەکرێت، ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیڕەوی ئەم یاسایە بکەن کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

وەلاّم نەدانەوەو بەدەنگەوەنەهاتنی کێشەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەجۆرێک ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیگەرانکردووە، کە وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: «ئەگەر لەمە زیاتر وەلاّممان نەدەنەوەو بەدەنگ کێشەکەوە نەیەن، ئەوا ناچارین کێشەکەمان ببەینە دادگای کارگێڕیی لە هەولێرو ئەگەر لەوێش چارەسەر نەکرا، ئەوا دەیبەینە بەردەم دادگای فیدراڵی عێراق».

لەلایەکی دیکەوە، عومەر نوردینی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە تا ئێستا ئەو مەسەلەیە لە لیژنەی یاسایی باس نەکراوەو لەلایەن سەرۆکایەتیشەوە ئاگادار نەکراونەتەوە، بەڵاّم ئەوەشی خستەڕوو کە گرفتەکە لەوەدایە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوەندەی نەماوەو دوای هەڵبژاردنیش ئۆتۆماتیکی خۆیان بۆیان هەیە کار بە یاساکەی پەرلەمان بکەن.

بە بڕوای سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەموارکردنەوەی ئەو برگەیەی یاساکە، باشترین چارەسەرە لەم کاتەدا، چونکە یان دەبێت کۆتایی بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان بهێنرێتو هەڵبوەشێتەوە، کە ئەمەش دژی دەستوورو دیموکراسییەتە، یان هەوڵبدرێت ئەم مادە یاساییە لابببرێتو ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئێستادا بۆیان هەبێت پەیڕەوی یاسای ژمارە(٣)ی سالی(٢٠٠٩) بکەن.

کوردستانیی، بەڵێنەکەی جێبەجێنەکرد

شارا عەبدولڕەحمان

لیستی کوردستانیی پابەند نەبوو بەو بەڵێنەی لە بەرنامەی لیستەکەدا دابووی بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە، ئەندامێکی لیستەکەش ئەو کارە بە ئەرکی حکومەت دەزانێت.

لە برگەی (٩) لە خاڵی (٣١)ی بەنارمەی لیستی کوردستانیی بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، هاتبوو: «ئەنجومەنی ڕاژەی کوردستان بەگەڕدەخەین، بۆ دابینکردنی یەکسانیی لە دەرفەتی کارو جاردانی وەزیفە گشتییەکاندا»، بەڵاّم نزیکەی (١٠) مانگ بەسەر ئەو بەڵێندا تێپەڕیوەو تائێستا دروستکردنی ئەنجومەنەکە دەنگی نییە.

د.دلێر ئەحمەد، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕاستە ئێمە ئەو بەڵێنەمان دابوو، بەڵاّم ئەوە کاری پەرلەمان نییەو دەبێت حکومەت لەکابینەی شەشەمدا هەوڵی بەگەڕخستنەوەی ئەو ئەنجومەنە بدات، بۆئەوەی دامەزراندن لەسەر بنەمای تواناو پێداویستی فەرمانگەو وەزارەتەکان بێت».

ئەنجومەنی ڕاژە لە هەر شوێنێک بێت پەیوەندیی هەیە بە (ڕێکخستنەوەی میلاکاتی وەزارەتەکان، لێکۆڵینەوە لە بروانامەی ئەو کەسانەی کە دادەمەزرێن، چارەسەرکردنی فەرمانبەری زیادە، دۆزینەوەی هەلی کار، دامەزراندن، ڕێکخستنەوەی مووچە)، بەوپێیەش بوونی ئەنجومەنی ڕاژە پێویستییەکی حەتمییە بۆ کوردستان.

بەڵاّم سەرچاوەیەکی ئاگادار لە حکومەتی هەرێمدا ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: کە قسەیەک هەبووە لەسەر دروستکردنەوەی ئەو ئەنجومەنە، بەڵاّم نەبووەتە بڕیارو تائێستا کارەکانی دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە دەستی پێنەکردووە.

هێشتا هێزی هاوبەش لە کەرکوک دەستبەکار نەبووە

هاورێ عەبدوڵلاّ

لەگەڵ ئەوەی ماوەی شەش مانگە پێکهێنراوە، تا ئێستا هێزی هاوبەشی (ئەمریکی، پێشمەرگە، سوپای عێراق) لە سنووری پارێزگای کەرکوک بە تەواویی دەستبەکار نەبووەو هەروەک هێشتا ئەو هێزە لەژێر دەسەلاّتی سوپای ئەمریکادایەو نەکەوتووەتە دەستی هێزە عێراقییەکان.

عەقید یادگار شکور، بەڕێوەبەری سەنتەری هەماهەنگیی پۆلیسی کەرکوک، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە زیاتر لە حەوت مانگە سوپای ئەمریکا هێزی هاوبەشی پێکهێناوە، ئێستا تەوقی یەکەم کە بازگەکانە، دەستبەکاربووەو تەوقی دووەم (پشتی بازگەکان) سنووری پارێزگای کەرکوکو پارێزگاکانی تر، هەروەها تەوقی سێیەم کە مەرکەزی شارە، دەستبەکار نەبوون.

وتیشی: «میکانیزمی کارکردنی هێزە هاوبەشەکە لە مانگەکانی داهاتوودا جێبەجێدەکرێتو بە تەواویی دەستبەکاردەبن».

لە کۆتایی سالی(٢٠٠٨)دا، ژەنەرالڕایمۆند ئۆدیرنۆی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی لە ناوچەجێناکۆکەکان لەنێوان (هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای ئەمریکا) کردو بەرپرسانی کوردو عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز، ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان، دواتریش لیژنەیەک لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز پێکهێنرا.

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ئەمسالدا، چەند بەرپرسێکی سەربازیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو نوێنەری وەزارەتی بەرگریی عێراق، سەردانی کەرکوکیان کردو لە کۆبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی و ئیداریی کەرکوک، ئاشکرایانکرد کە ئەو هێزە هاوبەشەی بۆ پارێزگای کەرکوک پێکهێنراوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە پارێزگاکەدا جێگیردەکرێن. هێزە هاوبەشەکە لە سنووری پارێزگای کەرکوک کە لە (٤٠٠)کەس پێکدێت، بەسێ تەوقی (یەکەم، دووەم، سێیەم) بڵاودەکرێنەوە (دەوروبەری کەرکوکو بازگەکان، ناوەڕاستی کەرکوک، سنووری پارێزگاکە)، دوای چەند مانگێکو تا ئێستا، هێزە هاوبەشەکە تەنیا لە تەوقی یەکەم، بازگەکان دەستبەکاربووەو لەئێستاشدا کاردەکرێت بۆ جێگیرکردنی تەواوی هێزە هاوبەشەکەو بە وتەی عەقید یادگار: «تا ئێستا هێزە هاوبەشەکە لەژێر دەسەلاّتی سوپای ئەمریکادایەو نەکەوتووەتە دەستی هێزە عێراقییەکان».

لەو بارەیەوە، عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاونەحیەکانی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان هێزە ئەمنییەکانو هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجامدرا، بە مەبەستی دانانی میکانیزمێکی نوێی ئەمنیی لە سنووری پارێزگای کەرکوک، بەتایبەتی لە ناحیەی ڕەشاد کە هێزەکانی سوپای ئەمریکا لەو سنوورە جێگیرنو بەنیازن بکشێنەوەو پاراستنی ناوچەکە بە سوپای عێراق بسپێرن.

وەفدی کوردستان

پاش زیاتر لە (٥٢) سەعات کۆبوونەوە، رۆژی شەممە رێکەوتی (٦/١٢) وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتە بەغداو لە ئوتێل ڕەشید بۆ یەکەمجارو دواتر لە میوانخانەی نوێنەرایەتی هەرێم لە بەغدا نیشتەجێبوو.

ئەوەی تێبینی کرا سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گرنگییەکی باشیان پەم شاندە داو لەلایەن د.کەمال کەرکوکی-یەوە هەوڵێکی زۆر درا کە ئەم شاندە ڕوڵی خۆی ببینێتو وەک شاندی فەرمیی هەرێمی کوردستان بناسرێتو تەگەرەو کۆسپەکانی بەردەم دەستبەکاربوونی ئەم شاندە کەمبکرێتەوە.

گرنگی ئەم وەفدە لەوەدا خۆی نابینێت، کە هەر لایەنە سێ کەسی دەستنیشانکردووە بۆ نوێنەرایەتی خۆی، بەڵکو لەوەدا خۆی دەبینێت کە بۆ یەکەم جارە:

١- تەنیا یەک حیزب، یاخود دوو حیزب ڕوڵی گفتوگۆکردنو دانوستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە نابینن، بەڵکو سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش بەشێوەی وەک یەک ئەو ڕوڵە دەبینن و هەموو لایەکیان مافی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکانیان هەیە.

٢- پاش تەواوبوونی کارەکانی ئەم شاندە بە گەیشتن بە ئەنجام، یاخود گەیشتن بە بنبەست دەگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، وەک مەرجەعی خەڵکی کوردستانو ئەو ڕوڵە ڕاستەقینەیە دەدرێتەوە دەست نوێنەرانی خەڵک، لەگەڵ ئەوەش کە هەر دوو حیزب لەپەرلەمانی کوردستان زۆرینە پێکدەهێنن، بەڵام ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی ڕاستەقینەی دیموکراسییەو بەخاڵێکی ئیجابی بۆ سەرۆکی هەرێمو لایەنە سیاسییەکان ئەژمار دەکرێت.

٣- هەموو دانوستانەکانی پێشووتری شاندە کوردییەکان بەنهێنی بەڕێوە دەچوو، کەس نەیدەزانی چی دەگوزەرێ لە بەغدا، بەڵام ئەمجارە دەنگوباسەکان بۆ هاوڵاتیان دەگوێزرێتەوەو بەمەش لایەنە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆن ڕوڵی باشو بەرچاویان لەم بوارەدا بینیوە.

بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە دەبێت ئاماژە بەلایەنە سلبییەکانی ئەم هەنگاوە نوێیە بدەین:

١- تائێستا شاندەکە تەنیا لەڕۆژی (٦/١٧) هەردوو لیستی عێراقییەو (ئیئتیلافی وحدە العراق)، کە جواد پۆڵانی، سەرۆکایەتی دەکات، بەجیا دیدارو کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو وا چاوەڕواندەکرێت کە ئەمڕۆ لیستی دەوڵەتی یاسا ببینێت، هەروەها لەگەڵ ڕەوتی سەدرو عێراقییەو جەعفەریش لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆببنەوە، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێوە کراوە ئەو دانیشتنانەی پێشوو، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی لێ نەکەوتووەتەوەو لایەنی کوردی هیچ کارنامەیەکی پێشکەشی ئەو دوو لایەنە نەکردووەو چاودێرانی سیاسیی پێیان وایە: کە هەتا کێشەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکلایی نەبێتەوە، کورد ناتوانێت هیچ ڕێکەوتنێک ئەنجامبدات و ئەو کۆبوونەوانە هیچی لێ سەوز نابێت.

٢- ئەوەی تێبینی دەکرێت، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دڵگرانە بەوەی کە سەرۆک کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی وەک جاران ڕوڵی فەرمیی پێنەدراوە لە دانوستانەکانی بەغداو ئەو ڕوڵە دراوەتە دەست شاندە فەرمییەکەو پەرلەمانی کوردستان، کە ئەوەش بۆخۆی بواری ڕێکەوتنی نهێنیو وەرگرتنی پۆستو دابەشکردنیان زۆر تەسک دەکاتەوە، هەرچەندە تائێستا زۆربەی لایەنە سیاسییە عەرەبەکان لەو گۆڕانکارییە تێنەگەیشتوونو لە ڕاگەیاندنەکاندا هەر بە لیستی هاوپەیمانیی ناویان دەبەن، بەڵام وردە وردە تێدەگەن کە مەرجەعیەتی گفتوگۆکردن ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، نەک سەرۆکی حیزبەکان.

٣- لێدوانەکانی ئەندامانی شاندەکەو چەند سەرچاوەیەکی نزیک لەو شاندە ئەوە دەردەخەن، کە جۆرێک لە بەدگومانیی لای هەندێکیان دروستبووە، کە بەرپرسانی باڵای لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ژێر بەژێرو لەپشت شاندە فەرمییەکەوە خەریکی گفتوگۆو ڕێکەوتنن، بەتایبەتی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانێتی نیشتمانیی شیعەو چاوەڕوانی دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانن و مەبەست لەوەش بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکانە بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێتو پاشان وەک (ئەمری واقیع) ئەو ڕێکەوتنە دەخەنە بەردەم شاندە فەرمییەکەی هەرێمو ئەوکاتە ئەم شاندە دەکەوێتە بەردەم دوو هەڵوێست، کە هەردووکیان خراپن، یەکێکیان دۆڕاندنی متمانەی هاوڵاتییانەو ئەوی دیکەشیان دۆڕاندنی ئەو پۆستو دەستکەوتانەیە کە وەک ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بەر لایەنە بەشداربووەکانی پێکهێنانی حکومەت دەکەوێت.

شاندی هەرێمی کوردستانو لەناویشیاندا ئۆپۆزسیۆن، دەبێت ئەو ڕاستییانە بۆ خەڵک بخەنەڕوو کە شاندەکە چۆن باسی مەسەلە بنەڕەتیو نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دەکاتو ئەو مامەڵەیە لە بەغدا چۆن بەڕێوە دەچێت؟

یەکێتیی دادوەران داوا دەکات مەلەف بۆ دەستدرێژییەکانی ئێران بکرێتەوە

ڕۆژنامە

یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان داوا دەکات مەلەفی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو تاوانانە بکرێتەوە، کە لە ئاکامی دەستدرێژییەکانی وڵاتی ئێرانەوە دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی لە سکاڵای قانوونیدا سوودیان لێوەربگیرێت.

لە بەیاننامەیەکدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاوکردووەتەوە، یەکێتیی دادوەرانی هەرێم هێرشو تۆپبارانەکانی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریپەکان ئیدانە دەکاتو بە شکاندنی یاسای نێودەوڵەتیو ڕێکەوتننامەکانی جنێڤی دادەنێت، کە دژ بە هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنین.

هەروەها داوا لە دادوەرانو ئەندامانی داواکاری گشتیپو لێکۆڵەرەوەکانو پۆلیس دەکات کە مەلەفی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو تاوانانە دروستبکەن، هەتا شوێنەواریان بزر نەبێتو لەکاتی پێویستو سکاڵای قانوونیدا سوودیان لێوەربگیرێت.

گەمارۆسازییو ژمارەلێدان دووبارە دەکرێتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

بەرپارەپرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ڕۆژی (١٠/٢٤)ی ئەمساڵ ئەنجامبدرێتو پڕۆسەکە لە هەرێم لەسەر دەستی (٢٥) هەزار کەس بەڕێوەدەچێت.

مەحمود عوسمان، ئەندامی دەستەی گشتیی بۆردی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق پە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سالی پار کارەکانی ژمارەلێدانو گەمارۆسازیی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانمان لە هەرێم تەواوکرد، بەڵام بەهۆی ئەو بڕیارە سیاسییەی کە حکومەتی ناوەندی دای بۆ دواخستنی پڕۆسەکە، ناچارین ئەمساڵ ئەو کارانە دووبارەبکەینەوە.

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی وتیشی: «تائێستا کارەکانی ئەنجامدانی سەرژمێریی زۆر ئاسایی بەڕێوەدەچێتو هیچ کێشەیەک بەرەوڕوومان نەبووەتەوە، هیچ دەنگۆیەکیش لە ئارادا نییە بۆ دووبارە دواخستنی، هەربۆیە بڕیارە لە ڕۆژی (١٠/٢٤)دا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بەڕێوەبچێت، کە تێیدا پشووی فەرمییە لە سەرانسەری عێراقداو هاتوچۆش قەدەغەدەکرێت».

سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر هەموو تاکێکی ناو سنووری ئەو وڵاتە، تا ئاماریکی گشتیی ورد بهێنرێتە بەردەست بۆئەوەی بتوانرێت کە لەسەر ئەنجامەکانی، بەرنامەیەکی (٥) ساڵەی تۆکمە دابڕێژرێت بۆ گەشەپێدانی وڵات، لە ئێستاشدا عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە پێویستی بە سەرژمێریەکی ورد هەیە بۆئەوەی کە چەند گرێکوێرەیەک بکاتەوە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێشێلکارییەکان بڵاودەکاتەوە

ڕۆژنامە

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، داواڵە وەزارەتی دارایی دەکات کە پارەی سندووقی نیشتەجێبوونی بۆ خەرجبکاتەوەو سکرتێری سەندیکاش بۆ وەرگرتنی زەوی ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی ڕادەسپێردرێت.

لەدوا کۆبوونەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا لە (٦/٢٠)دا، بڕیاردرا کە فەرهاد عەونی، سکرتێری سەندیکا ڕابسپێردرێت بۆ سەردانی د.بەرهەم، سەرۆکی حکومەت، سەبارەت بە دابینکردنی زەوی بۆ ڕۆژنامەنووسانی سلێمانیو هەنگاوی جدیتر بگیرێتەبەر، هەروەک بڕیاردرا لە (٢٠١٠/٧/١)دا ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ئەمسالی پێشێلکارییەکان لەلایەن لیژنەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسانی سەر بە سەندیکاوە بڵاوبکرێتەوە.

جەمال حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوێنێ دووشەمە کۆبوونەوەی لیژنەی داکۆکی ئەنجامدراوەو تاووتوێی هەردوو ڕاپۆرتی پێشووی سەندیکا کرا کە لەسەر پێشێلکارییەکان لەکاتی دوو هەلبژاردنی ڕابردوودا بڵاوکراونەوەو زانیاریو پێشێلکارییەکانی تری بۆ زیادکراوەو هەمووییان تۆمارکراونو بڕیارە ڕۆژی(٦/٢٨) لیژنەکە بڕیار لەسەر ڕاپۆرتەکە بداتو هەمان ڕۆژ ئەنجومەنی سەندیکا بڕیاری لەسەر بداتو بڵاوبکرێتەوە، سەبارەت بە زەوی ڕۆژنامەنووسانیش، وتی: «لەکۆی ئەو (١٨٩) ڕۆژنامەنووسەی لە هەولێر ناویان دەرچووە، تا ئێستا (١٠٧) کەس هاتوونو (٨٢) کەس نەهاتوون، دوامۆڵەت (٧/١)ەو لیژنەیەکیش پێکهێنراوە بۆ وردبینیکردنو چەند پێوەرێک دانراوە، لەوانە: سالی خزمەتو ژنو منداڵو بەردەوامبوون لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیو هەوڵدەدرێت کەمترین حاڵەتی خراپی تێدابێت، ئەو ڕۆژنامەنووسانەش، خەڵکی هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دهۆکیان تێدایە، بەهۆی ئەوەی فەرمانەکە هی سەردەمی (٢٠٠٥)و کاتی دوو ئیدارەییە».

لەهەمان کۆبوونەوەدا، ئەنجومەن بڕیاردا، پەیوەندیی بە وەزارەتی دارایی سەرفنەکراوە، بەڵام تا ئێستا لە وەزارەتی دارایی سەرفنەکراوە».

بە زیان لە بەرژەوەندیی گشتیی دەشکێتەوە
دەسەڵات پڕۆژەیاسای داواکاری گشتیی ڕەتدەکاتەوە

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

بەزۆرینەی دەنگی (٥٢) پەرلەمانتار پڕۆژەیاسای داواکاری گشتیی ڕەتدەکرێتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بۆ کارابوونیو پاراستنی سامانو مافی گشتیی پێویستی بە پڕۆژەیاسایەکی تایبەتە کە دەسەڵات بداتە داواکاری گشتییو لە وەزارەتی داد جیای بکاتەوە، ڕەتکردنەوەی پڕۆژەکەش بە ڕێگریی لە گەڕاندنەوەی ئەو مافەو دەستوور دادەنرێت.

یاسایەکی پێویست

داواکاری گشتیی یەکێکە لە دەزگا گرنگەکان بۆ پاراستنی سەروەریی یاساو سامانو مافی گشتیی، بەڵام لە کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست ڕۆڵ بگێڕێتو کارابێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی یاسایەک کە دەسەڵاتی تەواوی پێ ببەخشێت.

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە: سەربەخۆ نەبوونی داواکاری گشتیی وەک دەسەڵاتێکی دادوەریی وایکردووە نەتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵبسێت، بەپێویستیشی دەزانێت پڕۆژەیاسایەکی تایبەتو نوێ بۆ داواکاری گشتیی دەربکرێت، کە کارای بکاتو وتی: «پێویستە ڕۆڵ بدرێتەوە بە داواکاری گشتیی، ئێمەش ویستوومانە پێگەی ئەو دەزگایە لەگەڵ سەردەم بگونجێتو دەستەبەربێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و مافو سامانی گشتیی و سەروەریی یاساو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی دارایی و ئیداریو پاریزگاری لە مافەکانی مرۆڤ، بۆئەوەش پڕۆژەکە پێشکەشکراوە».

یاسای داواکاری گشتیی لە ڕابردوودا لەلایەن ئەندامانی داواکاری گشتییەوە ئامادەکراو پێشکەشی وەزارەتی داد کراوە، بەڵام دوای بێئومێدبوون لەوەی حکومەت پێشکەشی پەرلەمانی بکات بۆ پەسەندکردنی، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ بەهیوای ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی داواکاری «پێڕێ بە پاساوی ئەوەی بە پەسەندکردنی دەبێت چەند یاسایەک هەموار بکرێت، پێشنیاز کرا ڕەتبکرێتەوەو دواتر بە دەنگی (٥٢) پەرلەمانتار ڕەتکرایەوە بەرامبەر (٣٨) دەنگ بۆ دریژەدان بە گفتوگۆ لەسەرکردنی».

ئەوەلەکاتێکدایەکە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەو وتەی چاودێرێکی یاسایی، ئەو پڕۆژە یاسایەی داواکاری گشتی ئەگەر پەسەندو جێبەجێبکرێت لەخزمەت بەرژەوەندییو پاراستنی مافی گشتیدا دەبێت.

بە ڕەتکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە، گورزێکی کوشندە لە سەروەربوونی یاساو پاراستنی سامانو مافی گشتیی درا لە کوردستان

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەشێکی ئەندامانی داواکاری گشتیی ئەوە دەخەنەڕوو، کە دەستیان بەستراوەو کارا نەبوون، ئەوەش پەیوەندیی بە یاساکەیانەوە هەبووە».

ڕەتکردنەوەی زیان لە مافی گشتیی دەدات

دوای ئەوەی ڕۆژی (٥/٥) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاساکە کرا، پێشبینی دەکرا زۆربەی پەرلەمانتارانو فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەوەبن داواکاری گشتیی کارا بکرێت، بەڵام د.زانا، وتی دەبێت بەوپێیەی هێزو دەسەڵاتی تەواو دەداتە داواکاری گشتی بۆ تۆمارکردنی سکاڵاو لێپێچینەوەو تێیدا هەوڵدراوە ڕێگریو کەموکوڕییەکانی ئێستا لەبەرچاوبگیرێت بۆئەوەی داواکاری گشتیی دەستی والابێت.

د. زانا بڕوای وایە، ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیاساکە کاریگەریی لەسەر سەروەرنەبوونی یاساو مافو سامانی گشتیی دەبێت، چونکە کاری داواکاری گشتیی پاراستنی ئەو مافەیەو سستیو لاوازیی داواکاری گشتیش لە ئێستادا پەیوەندیی بەخۆیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئەو یاسایەوە هەیە کە کاری لەسەر دەکەن «بەداخەوە ئەم بابەتە لە ڕووانگە یاساییەکەی هێنرایە دەرەوەو وەک بابەتێکی سیاسیی تەوزیفکرا، چونکە ئەگەر داواکاری گشتیی ئەکتیڤ بکرێت، دەتوانێت ڕۆڵی باشتر ببینێت، ڕەتکردنەوەی ئەو پڕۆژەیاسایە لەگەڵ ئەوەی جێی داخە، ڕۆڵێکی سلبی دەگێڕێت لە پاراستنی مافو مولکی گشتیی».

پێچەوانەی دەستوورە

هەروەک کاردۆ محەمەد، ڕەخنە لە ڕەتکردنەوەکە دەگرێتو دەڵێت: «بەداخەوە لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە خۆیان دان بە پێویستی ئەو دەزگایەو کاراکردنیدا دەنێن، بە پاساوی ئەوەی پێچەوانەی یاسای وەزارەتی دادە، داوای ڕەتکردنەوەی کرا، ئەوەش هۆکارێکی ناڕەوایە، چونکە پڕۆژەکە بۆ ئێستای کوردستان گرنگەو ڕۆڵ بۆ داواکاری گشتیی دەگەڕێنێتەوە، جگەلەوەی هاودژ نییە لەگەڵ هیچ دەزگایەکی دیکە، چونکە ئەوە یاسایەکی تایبەتەو قەیدی یاسای گشتیی دەکات».

وتیشی: «جگەلە کارانەبوونەکە، مانەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی سەر بە وەزارەتی داد کارێکی نادەستوورییە، چونکە پێچەوانەی مادەی (٨٩)ی دەستووری عێراق و مادەی (٧٧) ی پڕۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمە، کە دەڵێت: دەسەلاتی داواکاری گشتیی یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی دادوەریی، بەڵام ئێستا لکێنراوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، کە وەزارەتی دادە»، پێشیوایە: بە ڕەتکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە، گورزێکی کوشندە لە سەروەربوونی یاساو پاراستنی سامانو مافی گشتیی درا لە کوردستان.

وەزارەتی پێشمەرگەو ئاسایشو دژەتیرۆر وەڵامی دادگاکان نادەنەوە



ڕاپۆرتی: ئەلەند مەحوی

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ ئاشکرای دەکات، کە وەزارەتی پێشمەرگەو دەزگاکانی ئاسایشو دژەتیرۆر وەڵامی داواکارییەکانی دادگاکان نادەنەوەو مافی تۆمەتباران پێشێل دەکەن.

سێیەمین ڕاپۆرتی پڕۆژەی پاڵپشتی دادگا کە لەلایەن سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ (DHRD) ئامادەکراوە باس لە حاڵەتێک دەکات، کە لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شاری دهۆک بووەو تیایدا بەپێی مادەی (٢) لە یاسای تیرۆر لێکۆڵینەوە لە دژی تۆمەتبارێک کراوەو تیایدا دەستنیشانی ئەوەکراوە، کێشەکە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ هەواڵەی دادگای تایبەت نەکراوە.

ئەم حاڵەتە یەکێکە لەو (٢٢٣) حاڵەتی لادانو پێشێلکارییەی لەسەر سەرووریی یاساو مافەکانی مرۆڤو تۆمەتباران لە دادگا سزاییەکانی (کەتنو تاوانو نەوجەوانان) لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا لەلایەن (DHRD)وە تۆمارکراوە.

هەمان ڕاپـۆرت، کە لە مانگی ڕابـردوودا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە پێشێلکارییەکی یاسایی دیکە دەکات، کە بە ژمارە (٢٠٠٩/٦) لە بنکەی پۆلیسی کۆشتنی هەولێر (القتول)، کە بەپێی مادەی (٤٠٦ لە ی.س.ع) لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجامدراوەو تیایدا دەستخراوەتە سەر حاڵەتی پێشێلکاریی، بەوەی کە: «دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر داوای لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە بە ناردنی تۆمەتباران (ف، خ، ع)و هاوڕێکانی کە پێشمەرگەن لە ٢٠٠٩/٤/١٥ بە نووسراوی ژمارە (٢٧٨٦)و لە ٢٠٠٩/٩/١٠و بە نووسراوێکی تر بە ژمارە (٥٥٣٨) کە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە، بەڵام وەڵامیان نەبووە.

هەروەها لە فۆرمێکی تردا دەستخراوتە سەر حاڵەتێکی پێشێلکاریی لە دۆسیەی ژمارە (٢٠٠٨/١٥٤٧) لە بنکەی پۆلیسی سەرای سلێمانی، بەوەی تۆمەتبار (أ،أ،أ) بەپێی مادەی (٤١٣) لە (ی.س.ع) بریاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە لەلایەن دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی لە ٢٠٠٨/٢/١١وەو لە ٢٠٠٩/٨/٩ بەنووسراوی ژمارە (١٢٦) لە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی دادی کەرتی (پۆلیسی سەرا)وە، نووسراو ئاراستەی هێزی دژەتیرۆر کراوە بۆ ناردنی تۆمەتبارەکە، بەڵام هێزی دژەتیرۆر تاکو ٢٠٠٩/١٠/٢١ وەڵامی ئەو داواکارییەیان نەداوەتەوە.

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، دادوەری پێشووی دادگای لێکۆڵینەوە جەخت لەوە دەکاتەوە: کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەرکەسێک فەرمانی دادوەر جێبەجێ نەکات، تۆمەتبارە بە تاوانی (بێرێزیکردن بە دادگا)و بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستانیش، هەرکەسێک فەرمانی دادگا جێبەجێ نەکات دەبێت سزابدرێت.

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیدا زۆر بە وردیی دەست دەخاتە سەر پێشێلکارییەکانو باس لەوە دەکات: کە ڕێگە بە تۆمەتباران نادرێت پارێزەر بگرنو مافیان دەخورێت.

لەم ڕووەوە ڕاپۆرتەکە باس لە دۆسیەی ژمارە (٧٥/ج/٢٠٠٩) دەکات، کە لە دادگای تاوانەکانی هەولێر دادگاییکردنەکەی ئەنجامدەدرێتو تۆمەتبارەکە بە مادەی (١٤) لە یاسای مادە هۆشبەرەکان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، بەڵام ئاسایشی شاری هەولێر تاوەکو ٢٠٠٩/٦/١ ڕێگەی بە پارێزەرەکەی نەداوە کە تۆمەتباری دۆسییەکە ببینێت، تۆمەتبارەکەش لەلای ئاسایش ڕاگیراوە.

هەر لەسەر هەمان جۆری پێشێلکاریی (DHRD) نموونەیەکی دیکە دەهێنێتەوە، کە دادگای تاوانەکانی هەولێر لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەی ژمارە (٢٣/ج/٢٠٠٩)دا کردووە، تۆمەتباریش لەلای ئاسایشی هەولێر ڕاگیراوە، بەڵام کاتێک پارێزەری تۆمەتبارەکە دەچێت بۆ ئاسایشی هەولێر بە مەبەستی بینینی بریگرتەکەی، پێی دەڵێن، تۆمەتبار ئەمانەتە لەلای ئێمە نابێت پارێزەر ببینێت.

حاکم عەبدولباست فەرهادیی، وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو حاڵەتانەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەبارەی ئەو حاڵەتانەوە لەگەڵ حاکمەکانی ئاسایش قسە دەکەین، بۆ دڵنیابوون لە دروستیی هەر شتێکی لەو جۆرە».

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ جەخت دەکاتەوە، کە لەو حاڵەتانەدا هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی لەدژی کەمتەرخەمو بەپرس لەو کەموکوڕییانەو هۆکار بۆ جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادوەرانی دادگاکانی لێکۆڵینەوە نەگیراوەتە بەر، ئەمەش بەپێی یاسای سزادانی عێراقی.

ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە لە ڕاپۆرتەکەیدا پێیوایە: هەموو ئەو پێشێلکاریی و کەمتەرخەمییو گوێپێنەدانە لە جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادوەرانی دادگای لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەکی سلبی کاریگەریی لە متمانەی هاوڵاتی بە دادگاو سەروەریی یاسا دادەنێتو بەیەکێک لە لەمپەرەکانی بەردەم بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی دادوەریی دادەنرێت.

(٣٣) ڕۆژە تۆپبارانە...چارەسەرەکە چییە؟



فۆتۆ: ڕۆژنامە

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

زیاتر لە مانگێکە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لەلایەن ئێرانو تورکیاوە درێـژەی هەیەو تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشانە لە ئارادا نییە، چاودێرێکی سیاسیش پێیوایە: دەبێت لە ڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ڕێگە لە تۆپبارانکردنی خەڵکی مەدەنی بگیرێت.

بە بیانووی لێدانی هێزەکانی پەکەکەو پژاکەوە، ماوەی (٣٣) ڕۆژە بە شێوەیەکی بەردەوام هێزەکانی ئێرانو تورکیا ناوچە سنوورییەکانی هەرێم تۆپباران دەکەن، کە بەهۆیەوە تائێستا سێ کەس کـوژراوەو چەند ینیش بریندار بوونو بە هەزاران کەس ئاوارەبوونو گوندەکانیان چۆڵکردووە.

پـەلامـاردانـی هـێـزەکـانـی کـۆمـاری ئیسلامیی ئـێـران تەنیا لەچوارچێوەی تۆپباراندا خۆی نابینێتەوەو چەند جارێکیش سنووری هەرێمیان بەزاندووەو تائێستاش هیچ ئومێدێک بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە بەدیناکرێت.

جـەبـار یـاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: حکومەتی هەرێم دەستبەستراوە لە ئاست ئەو کێشەیەدا، چونکە بەپێی دەستووری عێراق بابەتی گفتوگۆو پەیماننامەبەستن لەسەر سنوورو کێشە سنووریەکان مافی حکومەتی فیدراڵییە، چونکە ئەوانە ئەرکی سیادینو وتیشی: «دەبێت حکومەتی عێراق لە ڕێگەی دامودەزگاکانی خۆی وەک وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتەکانی دیکە ڕێکەوتن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بکات، بەڵام نابێت بەبێ حکومەتی هەرێم ئەوە بکرێت، چونکە کێشەکە لەو بەشەی سنووری عێراقدایە، کە دەکەوێتە سنووری هەرێمەوە».

بەردەوامیی ئەو هێرشانەو چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گوندە سنووریەکانو ئاوارەبوونی دانیشتووانەکەی، ناڕەزایی زۆری لای هاوڵاتیان لەناوەو دەرەوەی هەرێم دروستکرد، هەروەک لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو چەند وڵاتێکی ئەوروپا خۆپیشاندان دژ بەو هێرشانە ئەنجامدراو داوایانکرد بە زووییی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە.

لیوا جەبار یـاوەر، ئـەوە دەخاتەڕوو: پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورو ڕاگرتنی ئەو تۆپبارانە دانیشتن لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عێراقدا ئەنجامبدرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەتی هەرێمو هەردوولا بتوانن لە ڕێگەی گفتوگۆوە شێوازێکی عەمەلیی کە بگونجێت لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان کۆتایی بە تۆپبارانکردنی خەڵکی مەدەنی بهێنرێت، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو کێشانەوە نییە، دەربـارەی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقیش وتی: «پاش داواکاریی حکومەتی هەرێمو دروستبوونی فشارێک بۆ سەر حکومەتی فیدراڵیی، حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە جووڵاوەو کەوتووەتە خۆ».

ئێران، دەوڵەتێکی دراوسێو سنووریکی جوغرافی دوورو درێژ پەیوەندیی میژوویی و سیاسیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی تۆندو تۆری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. ڕۆژی یەکی ئەم مانگە شاندێکی فراکسیۆنی گۆڕان پاش بەسەرکردنەوەی هاوڵاتیانی ئـاوارەبـووی سنووری پشدەرو ناحیەی سەنگەسەر بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە، ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی سەرۆکو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کردو تیایدا ئاماژەیان بـەوەکـردووە: «زۆرێـک لـەو ناوچانەی سـەردانـمـان کـردوون، کـە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بەهۆی تۆپبارانەکانەوە ئاوارەبوون، سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابینەکرابوو، وەک ئـاوی خواردنەوەو بنکەی تەندروستیو پێداویستی تـر»، هەروەها ڕەخنەشیان لە حکومەتی هەرێم گرتووە، کە وەک پێویست بە تەنگ ئاوارەکانەوە نەچووەو هاوکاریی نەکردوون.

لـەمـاوەی ڕابـردووشـدا وەزارەتـی دەرەوەی عێراق دووجار بالیۆزی ئێرانی بانگکردووەو داوایانلێکردووە بە زووترین کـات تۆپبارانکردنی خەڵکی مەدەنی ڕابگیرێتو دەستبکرێت بە گفتوگۆکردن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بەپێی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەی لەنێوان عێراقو ئێراندا هەیە، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگریی و ناوخۆو ئاوارەکانو ڕاگوێزراوەکان کـردووەو بەیاننامەیەک دەرچـووە، کە داوا لە وەزارەتـی دەرەوە دەکات بە کەناڵە دیبلۆماسییەکان هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیە بدات، هەروەها داوا لە وەزارەتی بەرگریی و ناوخۆ دەکات، کە لەگەڵ وەزارەتـی پێشمەرگەو ناوخۆی هەرێم هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی کـرد، ئـەوا لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە پشتیوانی هێزەکانی هەرێم بکرێت، هەروەها وەزارەتی ئاوارەو ڕاگوێزراوانیش وەفدێکیان بۆ بەسەرکردنەوەی ئاوارەکان نارده ناوچە سنوورییەکانی هەرێمو بڕی ملیارێک دیناریشیان وەک یارمەتی داوەتە ئەو ئاوارانە.

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە: مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو هێرشانەی ئێرانو تورکیا تەنیا هێزەکانی پەکەکەو پـەژاک نینو دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەو هێرشانەوە فشار بۆ سەر حکومەتی هەرێم دروستبکەن بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان.

زریان ڕۆژهەلاتی، شارەزا لە دۆسیەی سیاسی ئێرانو تورکیا، باس لەوە دەکات؛ نە تورکیاو نە ئێران نایانەوێت پێگەی کورد لە عێراقدا بەهێز بێتو مەبەستیانە ئەو هێرشانە وەک کارتی فشار بەکاربهێنن و سازشی پێبکەن لە کۆمەڵێک هەڵوێستدا، هەروەها دەیانەوێت پەیامێک بگەیەننە حکومەتی عێراق، کە ئەمان دەتوانن ئاسایشو ئەمنیی عێراق تێکبدەنو هێمنی بکەنەوە.

ئەو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: هەردوو حکومەتی عێراقو هەرێم هێندە بەهێز نین بتوانن ڕێگە لەو هێرشانە بگرن، بەوپێیەی خاکی عێراق لە کۆنترۆڵی ئەودایە، ئەمریکا بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی سنووری عێراق، بـەڵام لەبەر بەرژەوەندیی خۆی بێدەنگە لە ئاست ئەو تۆپبارانەو هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەرپرسە لە پاراستنی سنووری عێراق.

ڕۆژهەلاتی،وتیشی:«پێویستە بەرپرسانی سیاسییو حکومیی کوردستان دانوستان لەگەڵ پەژاکو پەکەکە بکەنو قایلیان بکەن کە ڕەچاوی باری هەستیاری هەرێم بکەنو خاکەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ئەو وڵاتانە بەکارنەهێنن بۆ ئەوەی بەهانە نەدرێتە ئەو وڵاتانە بۆ هێرشکردنو زیانگەیاندن بە خەڵکی بێتاوان لە ناوچە سنوورییەکان».

کابینەی شەشەم سەرکەوتوو نەبووە

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید



فۆتۆ: ڕۆژنامە

هەشت مانگ بەسەر تەمەنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا تێدەپەڕێتو بە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران و چاودێرانی سیاسیش، ئەم کابینەیە نەیتوانیوە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، بەتایبەت لە یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و چاودێری دارایی و هەروەها جیاکردنەوەی هەژموونی حیزب بەسەر حکومەتەوە.

پاش ئەوەی د.بەرهەم سالح، لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا سوێندی یاسایی خواردو وەک سەرۆکی حکومەت دەستبەکاربوو، کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاشکراکردو تێیدا چەند بەڵێنێکی دیکەی خستە سەر ئەو بەڵێنانەی، کە لیستی کوردستانیی لە میانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە خەڵکیان دابوو، لەوانە: بودجەی شەفاف و جیاکردنەوەی دەسەلاتی حیزب و حکومەت و یەکخستنەوەی ئەو دەزگایانەی کە تائێستا یەکیاننەگرتووەتەوە، بەڵام تائێستا کابینەکەی نەیتوانیوە وەک پێویست لە ئاست ئەو بەڵێنانەدابێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەندە یەک حکومەت و ستافی وەزیرانی هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە، هێشتا دوو ئیدارەی بەرێوەبردنی هەیە لە بوارەکانی دەسەلات و ئاسایش و پێشمەرگەو دارایی.

یوسف محەمەد سادق، شارەزای زانستی سیاسیی و مامۆستای زانکۆ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەم کابینەیە بەدەست چەند کێشەیەکی گەورەوە دەنالێنێت وەک: مانەوەی مۆرکی دووئیدارەیی لەناو هەیکەلی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، کە بەو هۆیەوە حکومەت نەیتوانیوە ببێتە حکومەتی هەموو هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک لەشێوەکان سەرۆک وەزیران نوێنەرایەتی سلێمانی دەکات و کەمێک دەسەلاتی هەیە لە ناوچەکانی تر، بەڵام دەسەلاتی راستەقینە لە شارەکانی هەولێرو دهۆک جێگری سەرۆکی حکومەت پیادەی دەکات، ئەوەش کێشەیەکی سەرەکییەو نەتوانراوە چارەسەری بکات، هەروەها وتیشی: «د.بەرهەم سالح، هەرچەندە پالێوراوی لیستی کوردستانیی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی پێگەی یەکێتی لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمدا لاوازبووە، بەو هۆیەشەوە سەرۆکی حکومەت بە دەست ئەو نا هاوسەنگییەوە دەنالێنێتو نەیتوانیوە دەسەلاتێکی ئەوتۆی هەبێت، بۆیە رەنگە چ وەک کابینەکەو چ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیشدا لەژێر فشاردا بێت».

لە ڕاپۆرتێکدا کە لەژێر ناوی پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ئاسک) لەڕێگەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردەو بەڵێنەکانی حکومەت بۆ گەشەپێدانی ئەو بوارە، ڕەخنە لە ئەدای کابینەی شەشەم دەگرێت، کە نەیتوانیوە لەو بوارەدا بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، وەک: دروستکردنی خوێندنگە لە لادێکانو بەرپاکردنی هەڵمەتی فراوانی دروستکردنی خوێندنگەو نۆژەنکردنەوەو گەشەکردنو بەردەوامیی بەرنامەی پێداچوونەوەو بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی چاکسازیی لە کەرتی پەروەردەدا.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم پلانە تائێستا بە تەواوەتی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەو سستی زۆری پێوە دیارەو تەنیا بەردی بناغەی چەند خوێندنگەیەکی کەم لە سلێمانیو هەولێرو ئاکرێ دانراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێستا نیوەی یەکەمی سالی (٢٠١٠) تەواوبووەو ئەگەر لەم چەند مانگەی داهاتوودا هەڵمەتی بەرفراوانی دروستکردنی بینای خوێندنگە دروستنەکرێت، ئەوا حکومەتو وەزارەتی پەروەردە ناتوانن زاڵبن بەسەر گرفتی کەمیی بینادا، لەکاتێکدا ئەمە بە گەورەترین گرفت دەزانرێت لەبەردەم پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمدا».

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری کوردستان لە سەر لیستی کوردستانیی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە باس لەوە دەکات: حکومەت بە تەواوفوق لەنێوان یەکێتیو پارتیدا پێکهێنراوە، بەوپێیەی بەراوەی هەڵبژاردن بوونو کارنامەی خۆیان هەبووە بۆ جێبەجێکردن، بۆیە بەرنامەکانی حکومەت لەو کارنامەیەدا رەنگیداوەتەوە، بە بۆچوونی ئەو، حکومەت سەرکەوتوو بووە لەچەند بوارێکی وەک بودجەو دابینکردنی بودجەی زەمالاتی خوێندنو زیادکردنی مووچەی شەهیدانو کەمئەندامانو چەند بوارێکی دیکە، بەڵام ئەمەش یەکەم بودجەیەو تەنیا سێ مانگیشە پەسەندکراوە گۆران ئازاد وتیشی: «حکومەت هێشتا زۆر هەنگاوی گەورەی لەبەردەمدا ماوە، وەک یەکخستنەوەی ڕێنماییەکانی دارایی و ئاسایش، کە لە بەڵێنە سەرەکییەکان بوون کە بە خەڵک دراون ئەوانیش هەنگاویان بۆ نراوەو جێبەجێ دەکرێن».

جیاکردنەوەی دەسەلاتی حیزب لە حکومەت لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم بوو، سەرۆکی حکومەتیش چەندینجار پێداگریی لەسەر ئەو پرسە کردووەو لە وتاری دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەم لە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەدا؛ «بەکردەوەو بە بەرنامە دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری حکومەت ناهێڵین»، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، هێشتا هەیمەنەی حیزبیی زاڵە بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا.

بە بۆچوونی کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆران، کارەکانی ئەم کابینەیە جۆرێک لە بێپلانیی پێوەدیارەو کاریگەریی خستووەتە سەر کارو ئەدای حکومەت، ئەوەش وایکردووە کە حکومەت زیاتر کاریگەریی سیاسیی لەسەربێتو ململانێی سیاسیی هەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان، «تەنانەت حکومەت نەیتوانیوە چەند یاسایەک جێبەجێ بکات، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە».

مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانیش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەگەر سەرجەم بودجەی حکومەت بۆ خۆی بگەڕێتەوەو گەندەلیی کەمبکرێتەوە، ئەوا حکومەت دەتوانێت کاری گەورە بکاتو دەڵێت: «پێمواپە حکومەت ئیرادەی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی نییە، کە بە خەڵکی داوە، هەروەها میکانیزمێکی گونجاو لە ئارادا نییە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە بودجەی هەرێم بۆ حیزبەکانو پرۆژە حیزبییەکانو مووچەی کادیرانی حیزبیو دامودەزگاکانی دەرەوات، کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ حکومەت دەتوانێت پرۆژەی گەورەی پێ ئەنجامبدات».

لە ئێستا سستییەک بە کارو بەڵێنەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتەوە بەدیدەکرێت، بەتایبەت کە تائێستا سەرکەوتوو نەبووە لە یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

کاردۆ محەمەد، لەوبارەیەوە وتی: حکومەت سەرکەوتوو نەبووە لە هەنگاوی یەکخستنەوەی ئەو دەزگایانەو تائێستاش هەنگاوێکی جدیی و عەمەلیی نەناوە لە بواری ئاوەدانکردنەوەو بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی.

ئۆپۆزسیۆن: ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەخزمەتی دەسەلاتدایە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا



تائێستا پەرلەمانی کوردستان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی نییەو بەشێک لە ستافی بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە خولەکانی پێشووی پەرلەماندا دامەزراون.

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، لە (بەڕێوەبەر، جێگری بەڕێوەبەر، بەشی وێنەگران، بەشی تەکنیکی، وێبسایتی پەرلەمان) پێکدێت، لەم خولەشیدا بەشێک لە ستافی ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەمان ستافی خولەکانی پێشووترەو لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمانتاران زانیاریان لەسەر دەزگای ڕاگەیاندنی پەرلەمان نییە.

بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی ڕایگەیاند: لە پەرلەماندا تەنیا لیستێک زۆرترین خەڵکی لە ڕاگەیاندنی پەرلەماندا دامەزراندووەو ستافەکەی سەر بەو لیستەیە، لەکاتێکدا دەبێت ڕاگەیاندنی پەرلەمان ڕاگەیاندنێکی بێلایەن بێتو هەموو پێکهاتەکانی نێو پەرلەمانی تێدابێت، وتیشی: «ئێمە هیچ شتێک لەسەر ڕاگەیاندنی پەرلەمان نازانین».

لە مادەی (١٧) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا بە (١٣) خاڵ باس لە دەسەلاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکات، بەڵام باس لە دەسەلاتی دانانی ستافو سەرپەرشتیکردنی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە نەکراوە، سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەبەرێتییە دەکات.

تاریق جەوهەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بەڕێوەبەرێتییە لەگەڵ دروستبوونی پەرلەمان دروستکراوەو بەشێک لە ستافەکەی لە خولی یەکەمەوە هەیەو بەشێکی تریان لە خولی دووەمەوە دانراون، هەروەها کە لە خولی دووەمدا فراوانکراو کرا بە بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمانە.

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، جیاواز لە خولەکانی پێشووی، خاوەنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەو (٣) فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە، کە خاوەنی (٣٥) کورسی پەرلەمانین، لە بەرامبەریشدا لیستی کوردستانیی (یەکێتی، پارتی) سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەنو ئەمەش ڕای جیاوازی لەنێو پەرلەماندا دروستکردووە.

لە دانیشتنی ڕۆژی (٢/٢٣)ی پەرلەمانی کوردستاندا د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی لەنێو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کردە دەرەوەو ناڕەزایی چەند فراکسیۆنێکی پەرلەمانی لێکەوتەوەو بەوهۆیەشەوە هەر سێ فراکسیۆنی (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵ) هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت، دواتر لە دانیشتنی (٢/٢٧)دا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە پێویستە پەرلەمان ڕاگەیاندنێکی بێلایەنی هەبێت، لە بەرامبەریشدا سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی ئاشکراکرد، لە داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاندنێکی بێلایەن پێکدەهێنێت، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەو مەبەستە نەنراوە.

ئەندان عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆران پێیوایە: تائێستا پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆی نییەو سەرۆکایەتی پەرلەمان ناتوانێت ڕاگەیاندنێکی بێلایەن دروستبکات، چونکە پێشووتر بەڵێنی ئەوەیان داوە، بەڵام جێبەجێیان نەکردووەو بیانوویان بۆ هێناوەتەوە.

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان داوای فراوانکردنی ڕاگەیاندنی پەرلەمان کرا، بەڵام تائێستا هەوڵەکان بێئەنجام بوون. هەروەک تاریق جەوهەر، وتی: «لە خولی پێشووی پەرلەماندا هەوڵی زۆرمان دا بۆئەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە فراوانتر بکرێت بۆ ئاستی بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندنو پەیوەندییە گشتییەکانو دانانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەبەر گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندنو هەروەها زۆربوونی ئەرکو ڕۆڵی پەرلەمان لەم قۆناغەدا، بۆئەو مەبەستە ئێمە لە بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان پرۆژەیەکمان پێشکەشکرد، بەڵام مایەوە بۆ خولی سێیەمو لە خولی سێیەمیشدا پرۆژەکەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام تائێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە.

وێبسایتی پەرلەمان تاکە کەناڵە، کە لێدوانو ڕوونکردنەوەو هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانی تێدا بڵاودەکرێتەوە، زۆرجار بە پاڵپشتی بۆ لیستی دەسەلات تۆمەتبارکراوە.

عەدنان عوسمان، بە پێویستی دەزانێت بەدواداچوونێکی ورد بۆ ڕاگەیاندنی پەرلەمان بکرێتو ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ پێکبهێنرێتو دەستەیەک سەرپەرشتیی بکات، نەک سەرۆکی پەرلەمان، چونکە سایتی پەرلەمان لەسەرەوە تا خوارەوە وێنەو هەواڵی سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەی دەبینرێت.

بە پێچەوانەوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئەوە دەخاتەڕوو: هەموو چالاکییەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانو لیژنەکانی پەرلەمان لە سایتی پەرلەماندا بڵاودەکەینەوەو دەینێرین بۆ هەموو ڕاگەیاندنەکان، بەڵام کارو چالاکی فراکسیۆنەکان بە ئەرکی خۆمان نازانینو ئەوەشمان بە هەموو فراکسیۆنەکان ڕاگەیاندووە، چونکە کاری ئێمە ئەوەنییە، کە ڕیکلامی حیزبیی بکەین.

بە بڕوای بیلال سلێمان: «نەبوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆو بێلایەن پەیوەندیی بە کەمتەرخەمیی هەموو فراکسیۆنەکانو بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە، چونکە دەبوایە ئێمە بە ڕەسمیی داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکردایە بۆ دروستکردنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی پەرلەمانیی».

برلمان كوردستان ـ العراق
KURDISTAN PARLIAMENT-IRAQ

ئـۆپـۆزسـیـۆن دەستـەوسـانـە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

سستیی پەرلەمانو ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی وەک پێویست، کاریگەریی خراپی دروستکردو وەو چاودێران پێیانوایە: ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە ببێتە فشارێک بۆ کاراکردنی پەرلەمان لە بەرژەوەندیی گشتیدا.

تەمەنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە سالێک نزیکدەبێتەوەو تائێستا جگە لە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، خوێندنەوەی بۆ (٢٢) پرۆژەیاسا کـردووەو حەوتیانی پەسەندکردووە، کە سیانیان هەموارکردنەوەی یاسا بوون، جگە لەوەی بەشێکی چاودێران لەو باوەڕەدان نەیتوانیوە چاودێرێکی جدیی بێت بەسەر کارو بڕیارەکانی حکومەتەوە.

هەروەک لەماوەی دەستبەکاربوونییەوە چەندین کاری گرنگ هەیە نەیتوانیوە بیکات، وەک کارانەبوونی لیژنەی نەزاهەو نەبوونی دەسەڵات بۆ فشارخستنەسەر حکومەت بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتو فەرمانگانەی تائێستا بە سیستمی دوو ئیدارەیی کاردەکەنو گومانی ئەوەی دروستکردووە، کە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان نەیانتوانیوە وەک پێویست ڕۆڵ بگێڕن.

ڕێبین ڕەسـوڵ، چاودێری سیاسیی لە هەولێر، پێیوایە: ئۆپۆزسیۆن لەم ماوەیەدا نەیتوانیوە لەو قەیرانە دەربازبێت کە دەسەڵات بۆی دروستکردووە، «ئۆپۆزسیۆن دەبێت پەنا بباتە بەر میکانیزمی جیاجیا بۆئەوەی بتوانێت ئەو کۆتو بەندە بشکێنێت، ناتوانێت (٤) ساڵ لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە کۆتو بەند بشکێنێتو پەرلەمان بەڕێوەببەرێت، چونکە دوای ئەو ماوەیە خەڵک دەڵێت دەسەڵات ئەو کارانەی کرد، ئەی ئۆپۆزسیۆن چی کرد؟».

هەروەک بە باشی دەزانێت بۆ کارابوونو چالاککردنەوەی پەرلەمان، ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ چینو تۆیژەکان گفتوگۆبکاتو لەو ڕێیەوە فشاری میللی دروستبکاتو ڕاو بۆچوونی خەڵک لەخۆی کۆبکاتەوە، وتیشی: «دەبێت ئۆپۆزسیۆن پرۆژەی جدیترو پێویست بخاتە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ واقیعی ژیانی سیاسییو ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی کوردستان، کە چ پرۆژەیاسایەک گرنگە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، کە تائێستا ئەوەیان وەک پێویست نەکردووە».

هـاوکـات ئـاسـۆ عـەبـدوللـەتـیـف، ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسیی، لەو بڕوایەدایە کە ئۆپۆزسیۆن لەماوەی ڕابردوودا وەک پێویست نەبووەو نەیتوانیوە پەرلەمان کارا بکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئۆپۆزسیۆن بە هەرسێ فراکسیۆنەکەیەوە نەیانتوانیوە هەماهەنگییو هاریکارییەکی پتەوو ستراتیژی‌هەبێت‌لەنێوانیاندابۆکارکردن‌لەسەر هەموو ئەو پرۆژە ستراتیژییانەی کە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستاندا قسەو باسو دیالۆگی جدییان لەبارەوە بکرێتو نەشیانتوانیوە وەک پێویست دیالۆگ لەگەڵ دەسـەڵات بکەن، «ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە کەمتەرخەمی هەندێک لە پەرلەمانتارەکانیانەوە هەیەو بەشێکی پەیوەستە بەوەی کە هێشتا دەسەڵات وەک ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی ئەوان ناناسێت، هەروەها لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی مەدەنییانە فشار دروستبکەنو شەقام بجوڵێنو بەشێوەیەکی سیستماتیک لەپشتی خۆپیشاندانو نارەزایەتییەکانی کوردستانەوە بوەستن»، بۆیە پێیوایە ئەوانەش وایکردووە لەناو ئۆپۆزسیۆندا کۆمەڵێک کەلێن دروستبێتو نەتوانێت وەک پێویست کارابێتو پێشکەشکردووە، بەڵام زۆرینە ڕەتیدەکاتەوە، بۆیە لەو بڕوایەدام ئۆپۆزسیۆن لەوە زیاتری پێناکرێت بەرامبەر لیستی زۆرینە».



فۆتۆ: ڕۆژنامە

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی دەسەڵاتدا ٨٩ دانیشتنی بەخۆیەوە بینیوە، کە ٢٠ دانیشتنیان بۆ پرسی سەرۆکایەتی و ٦ دانیشتنیان بۆ پرسی سەرۆکوەزیران تەرخانکراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ٢٦ دانیشتن بۆ کاروباری ئاسایی و یاسایی تەرخانکراوە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بە ماوەی خولی ڕابردوو.

لەگەڵ ئازارەکانی خەڵک بوەستێتەوەو ئەو دروشمانە لە بواری پراکتیکدا جێبەجێبکات کە داویەتی، وتیشی: «دەتوانم بڵێم لەم ماوەیەدا لەبەرامبەر دەسەڵاتدا کەمێک پاشەکشەی کـردووە، ئەوەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر دروستکردووە لەسەر ئەدای ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستاندا».

لای‌خۆشیانەوە‌پەرلەمانتارانی‌ئۆپۆزسیۆن کەموکوڕییەکان دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتو لـەو بـڕوایـەدان، ئـەوەی لـە دەسـەڵاتو توانایاندایە کردوویانەو لەبەرامبەردا دەسەڵات وەک پێویست کارناکاتو دەیەوێت پەرلەمان تەمبەڵو سست بکات، بۆئەوەی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوێت.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، کەموکوڕتییەکان دەخاتە ئەستۆی سەرۆکایەتی‌پەرلەمان‌وسەرۆکایەتی‌لیژنەکان، کە زۆربەیان سەربەدەسەڵاتن، وتیشی: «ئەگەر تروسکەیەک هەبێت لە پەرلەمانەوە، هی ئەوەیە ئەندامانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن چالاکانە بەشداریی لیژنەو گفتوگۆکان دەکەن، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەبوایە، ئەو کارانەش وەک ئێستا نەدەکرانو ئەو ژمارە پرۆژەیاسایە ئامادەو پەسەند نەدەکران». تۆمەتی کەمتەرخەمیی ئۆپۆزسیۆنیش ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئێمە حەزبکەینو حەزنەکەین، یەک لەسەر سێی پەرلەمان پێکدێنین، دەیان پرۆژەو پێشنیازمان پێدەکەن و کارەکان بە ئاراستەی دیکەدا دەبەن».

ئەو پێشیوایە لیستی دەسەڵات، کە زۆرینەی پەرلەمانن، درێژە بەو سیاسەتە دەدەن تا دوای هەڵبژاردنەکانو ئەم مومانەڵانەش تا ئەو کاتە دەبێت کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا تەواودەبێت، بۆئەوەی کارو چالاکیو پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوێتو ڕۆڵەکەی کەمبکەنەوە، دوای ئەوە پەرلەمان بەرەو ئەکتیڤبوون دەبەن.

لەگەڵ ئـەوانـەدا ڕێبین ڕەسـوڵ لەو بڕوایەدایە، کە لەماوەی ڕابـردوودا پلانێک هەبووە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بۆ سستکردنی کارەکانی پەرلەمانو کپکردنەوەی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن، وتـی: «ئەو پلانەش تائێستا زۆر سەرکەوتوو بووە لە کۆتوبەندکردنی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنو ئەو پلانە بەشێوەیەکی تۆکمە توانیویەتی ئۆپۆزسیۆن ببەستێتەوەو نەهێڵێت لە قاڵبی خۆی دەربچێتو کۆنترۆڵی کارەکانیشی بـکـات»، ڕەخـنـەش لـە شـێـوازی کـاری ئۆپۆزسیۆن دەگرێتو بە ناتەندروست ناوی دەبـات، بەوپێیەی بە وتەی ئەو: «شێوازی ئیستیعرازیی ڕاگەیاندن بەکاردێنێت، لەکاتێکدا ئامانجی پەرلەمان ئەوەنییەو یاسادەرکردنە بۆ گەل و ئەوەندەی دەیانەوێت خۆیان دەربخەن، ئەوەندە لە پەرلەماندا ڕۆڵیان نییە، ئێستاش ئۆپۆزسیۆن خەریکە فشارە ئیعلامییەکەی‌و پرۆژەیاساکانی لەدەستدەدات».

بە بۆچوونی ئەو چاودێرە، تەسلیمبوون بە ئیرادەی لیستی دەسـەڵات لە پەرلەمان، واتە مردنی ئۆپۆزسیۆن، وتیشی: «ئێستا ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە کزبووە لە دووڕەوە هەناسەکەی دەبیستین، بۆیە دەبێت ئۆپۆزسیۆن خۆی بەهێز بکاتو لە ڕووی سیاسەتو کاری پەرلەمانییەوە دەربکەوێنو خۆیان بەوە ماندوو بکەن پرۆژەیاسا دابنێنو وتوویژ لەگەڵ چینو تۆیژەکاندا بکەن».

هـەروەک ئاسۆ عەبدوللەتیف، پێیوایە ئـۆپـۆزسـیـۆن کاتێک دەتـوانـێـت فشار دروستبکات‌و پەرلەمان کارا بکات کە لەگەڵ هەر نارەزاییەکانی شەقامو ئازارەکانی خەڵکدا بنو «وتارێکی ڕاستگۆیانەو ستراتیژیانەی هەبێت بەرامبەر پرس‌و ئازارەکانی خەڵک لە کۆمەڵگای کوردستانداو فشارەکانی زیاتر بکات».

چاودێرێک: پـەرلـەمـان بووەتە شوێنێک بۆ بەڕێکردنی کات

راپۆرتی: چاوان عەلی

کارەکانی پەرلەمان، بۆ هەر یاسایەک زیاتر لە (٥) ملیارو بۆهەر دانیشتنێک نزیکەی ملیارێک دینار لەسەر هاوڵاتیيان دەکەوێت.

لە بودجەی (٢٠١٠) بڕی (٧٢ ملیارو ٧٤١ ملیۆن) دینار بۆ پەرلەمانی کوردستان تەرخانکراوە، بەوپێیەی بۆ تەنیا (٦) مانگ کارکردنی پەرلەمان بڕی (٣٦ ملیارو ٣٧٠ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار) دیناری بۆ دادەنرێت.

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٨/٢٠ دەستبەکار بووە، تا ئەمڕۆ نزیکەی (١٠) مانگە کارەکانی خولی نوێ دەستی پێکردووە، لەم ماوەیەدا پەرلەمانی کوردستان (٧) یاسای دەرکـردووەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (٣٦) یاسا کردووەو (٣٧) دانیشتنی سازکردووە کە (٢٥) دانیشتنیان ئاسایی بوون.

بەپێی ئەو لێکدانەوە ماتماتیکییەش کە بۆ بەراوردی بودجەو کاری پەرلەمان کراوە، هەر پرۆژەیاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان (٥ ملیارو ١٩٥ ملیۆنو ٧٨٥هەزار) دینارو هەر پرۆژەیاسایەکیش کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە (یەک ملیارو ١٠ ملیۆنو ٢٩١ هـەزار)و هەر دانیشتنێک (٩٨٢ ملیۆنو ٩٨٦ هەزارو ٤٨٥ دینار)، لەسەر خەڵکی کوردستان کەوتوون.

کامەران مەنتک، مامۆستای زانستی سیاسیی ئاماژە بەوە دەکات: ئەم ڕێژانە بەتەواویی دەیسەلمێنن کە لە پەرلەمانی کوردستان لە هەموو شوێنێک زیاتر پارەی میللەت بەهەدەر دەبرێت.

لـەگـەڵ ئـەوەش کـە بـەشـێـک لە پەرلەمانتاران هـەر ئـامـادە نەبوون لەم بارەیەوە کۆمێنتیان هەبێت، بەڵام هەندێکیان ڕەخنەیان لە خۆیانو کارەکانی پەرلەمانیش گرت.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە: کە پەرلەمانی ئەمجارە لەڕووی تێچوونەوە قورس لەسەر خەڵک کەوتووەو وتیشی: «بەداخەوە پەرلەمان بووەتە شوێنێک بۆ بەڕێکردنی کات، چونکە پەرلەمانێک نەتوانێت بە (١٠) مانگ چەند یاسایەکی تایبەت بە ژیانی خەڵکو کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی دەربکات و ڕۆڵی هەبێت لە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، دەبێت چی ناوبنرێت؟!».

پەرلەمانی کوردستان لەماوەی نزیکەی (١٠) مانگدا (٣٧) دانیشتنی ئاساییو نائاسایی سازکردووە بە دانیشتنەکانی کـردنـەوەی خـولو دەستنیشانکردنی لیژنەکانو متمانەدان بە کابینەی شەشەمی حکومەتیشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا فازل محەمەد، ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوابوو: کە پەرلەمان کەمتەرخەم نـەبـووەو دانیشتنەکان بەشێوەیەکی باش دانراونو بەڕێوەچوونو بەرنامەی کاریش لەلایەن سەرۆکایەتییەوە دانراوە.

لـە بـەرامـبـەردا، جـەوهـەر نامیق، وەک سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانو شارەزاییەکی کاری پەرلەمانیی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد: کە کەمیی دانیشتنەکان بۆ ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆن نەبنەوەو هەردانیشتنێکی پەرلەمان ئەگەر پەخش بکرێت، زیانێکی زۆر بە دەسەڵات دەگەیەنێت.

جەوهەر نامیق، بە پێویستی زانی کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەم بابەتە هەستیارە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان گفتوگۆ بـکـەن، چونکە دەسـەڵاتـی سەرۆکایەتی دیاریکراوەو ڕەها نییەو ناکرێت دانیشتنو پڕۆژەیاساو پەرلەمان بە ویستو ئارەزووی سەرۆکایەتی بڕواتە پێش.

لەلایەکی دیکەوە، هەر پەرلەمانتارێک لە بەرامبەر کارەکانی، مانگانە (٨) ملیۆن دینار وەک مووچە وەردەگـرن، کە بە نزیکەی ئەم (١٠) مانگە دەکاتە (٨٠) ملیۆن دینار.

بە بـڕوای کامەران مەنتک، لەگەڵ ئـەوەی ئۆپۆزسیۆن هەندێک کاریان کردووە، کە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام پەرلەمانتاران بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە کەمتەرخەمن لە بەرامبەر ئەو متمانەیەی خەڵک پێی بەخشیون، چـۆن دەبێت ئۆپۆزسیۆن قایل بێت بەوەی پەرلەمان بەم شێوەیە کاربکات!، دەبێت لە هۆڵی پەرلەمان هەڵوێستیان هەبێت، ئەگەر گوێیان لێنەگیرا خەڵک بێننە سەرشەقامەکان، چونکە ناکرێت گەورەترین دەسەڵاتی یاسادانان کە خەڵک دەنگی بۆ داون بێدەنگیی لە بەهەدەربردنی سامانی میللەت بکەن.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، هاورایە لەگەڵ د.کـامـەران‌و دەڵـێـت: «ئۆپۆزسیۆنیش بەرپرسیارە لە کەمتەرخەمییەکان، چونکە ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوامبێت لایـەنـی زەرەرمـەنـد تەنیا جـەمـاوەر دەبێتو دەسەڵاتیش سوودمەند دەبێتو ئۆپۆزسیۆنیش بـەم کـارانـە بـەرەو پووکانەوە دەچێت».



دوای (٤) ساڵ لە جێبەجێکردنی
داوای هەمواری یاسایی بنەبڕکردنی تیرۆر دەکرێت



هەستیار قادر

دوای چوار ساڵ لە جێبەجێکردنی یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر، شارەزایانی بواری یاساو کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەخنە لە یاساکە دەگرن‌و داوای هەمواکردنەوەی دەکەن، هاوکات پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ لەبارەی پڕۆژەیاسایەک دەکات بۆ دەرێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر.

مانگی تەممووزی ئەمساڵ سنووری کاتیی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) کۆتایی دێت، ئەویش پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بۆ جاری یەکەم پەرلەمان شەرعییەتیدا بە درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو لە دانیشتنی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووشدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بەو یاسایە درا.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەم پڕۆژەیاسایە لەکاتی دەرچوونیەوە تائێستا ڕووبەڕووی ڕەخنەی یاساناسان‌و چالاکوانانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بووەتەوە.

بەکر حەمە سدیق، یەکێکە لەو یاساناسانەی کە زۆرترین تێبینی لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەبووەو پێیوایە: «یاسایەکی توندو نائاساییو ناسروشتییە»و دەڵێت: «یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر لە دۆخێکی تایبەتدا دانراوە، پلاستیکییەو هەمان کۆپی ئەو یاسایەیە کە لە بەغدا دەرکراوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە پێناسەکاندا باسی تایفەگەریی کراوە، کە لە کوردستاندا بوونی نییە».

ئەو یاساناسە ئاماژە بەوەشدەکات: وەزیری مافی مرۆڤی کابینەی پێنجەم بەڵێنی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە یاساکەدا داوە، چونکە «ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی مافی مرۆڤدا پێچەوانەیە».

چالاکوانێکی بواری ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش ئاماژە بە کۆمەڵێک کەموکورتی تری یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر دەکات‌و پێیوایە: بۆ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان نابێت.

فەلاح مورادخان، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: ئێستا باردودۆخی هەرێم جیاوازە لە پێشتر بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بە تایبەت کە جێبەجێکردنی لەماوەی ڕابردوودا لە ئاستێکی تەسکی حیزبایەتی دوو دەزگای یەکێتی‌و پارتیداو ئالیەتێکی گونجاو نەبووە.

مەترسیی سەر ئەگەرەکانی دەرێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر لەو سۆنگەوەی کە ببێتە بەدیلی یاسای باری نائاسایی، کە لە هەندێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە دژی ئۆپۆزسیۆن بەکاردەهێنرێت، فەلاح مورادخانیش، پێیوایە: هەموو دەسەڵاتەکانی دونیا پێیانخۆشە جۆرە یاسایەک هەبێت کە پێگەیان بە هێزبکات، وتیشی: «هەموومان لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوودا لەژێر ئەو مەترسییەدا بووین، کە بەو یاسایە ڕاپێچ بکرێینو تووڕەکە بکرێت بەسەرماندا».

ئەم ڕەخنانە هاوکاتە لەگەڵ داواکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەمواکردن لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا تیایدا، بەکر حەمە سدیق، یاساناس، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: پێویستە گۆڕانگاریی لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا ئەنجامبدرێت‌و وتیشی: «درێژکردنەوەی کارکردن بەو یاسایە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە مەبەست بێت، یان بە گوێپێنەدانی، دەیەوێت باری ناسروشتی لە هەرێمدا بمێنێتەوە»، بەڵام هاژە سلێمان، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا: تائێستا لە لیژنەکەیان بڕیارێکی وای نییە بۆ داواکردنی هەمواکردنەوەی یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر».

هاوکات فەلاح مورادخانیش، پێیوایە: بەردەوامبوونی یاساکە بەو شێوازەی ئێستای، دەبێتە پەلەیەک بەسەر ئەزموونی دیموکراسی هەرێمەوەو پێیوایە: «ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لە پەرلەماندا هەن، کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لەوەی ئەوجۆرە یاسایانە بەوشێوەیە تێنەپەڕێت، وتیشی: «کاتی خۆی کە یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر لە پەرلەمان دەرچوو گفتوگۆی جەماوەریی لەسەر نەکراو پەرلەمانیش ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبوو، ئەگەر هەمواڕنەکرێت، وامان لێدەکات وەک یاسای باری نائاسایی وڵاتانی تر سەیری بکەین».

دوای نزیکەی دوومانگ لە تیرۆری سەردەشت
ئایا شتێک هەیە بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوە!



خۆپیشاندان لە دژی تیرۆرکردنی سەردەشت

فۆتۆ: ئەرشیف

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دوومانگ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووس، هیچ زانیارییەکی نوێ لەسەر بکوژانی سەردەشت ئاشکرا نەکراوەو ڕۆژنامەنووسانیش جەخت دەکەنەوە، کە بێدەنگ نابن‌و ڕێگەنادەن ئەو کەیسە دابخرێت، خانەوادەکەشی ئەنجامە سەرەتاییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بە شاردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکە و وەسفدەکەن‌و دەپرسن: «مەبەست لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست لەم مەسەلەیە چییە؟

ڕۆژنامەنوسان، ڕێگە نادەن ئەم تاوانە بیربچێتەوە

(٤٥) ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشتی ڕۆژنامەنووس لەبەردەم حەرەمی زانکۆی سەلاحەدینا تێپەڕی، لە چلەی شەهیدی قەڵەمدا، کە تا ئەوکاتە ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەی بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم پێکهێنرا بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسەو دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت، هیچ زانیاریی‌و سەرەداوی سەرەتایی نەداوە، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامەنووسان جەخت لەسەر بێدەنگنەبوونیان بکەنەوە، ئاسۆس هەردی، ڕۆژنامەنووس‌و ئەندامی هەفتەی بێدەنگ نابین، ئاماژەی بەوەکرد: بەردەوامبوون‌و سوربوونیان لەسەر دۆسیەکە ئەوەیە، کە ڕێگە نادەن ئەم تاوانە بیربچێتەوەو کەیسەکە دابخرێت، ئەوەش لە ڕێگەی بەردەوام بە چالاکیی مەدەنیانەو کاری ڕۆژنامەنووسی تا ئەوکاتەی کەیسەکە بە ئەنجام دەگات‌و بکوژانی سەردەشت ئاشکرا دەکرێن.

پەرلەمان، ئاگاداری لیژنەی لێکۆڵینەوەکە نین

لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەش، لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانیی دەستبەکاربوون بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە، بەڵام وەک کاروان ساڵح، ئەندامی ئەو لیژنەیە دەڵێت: «ئاگاداری لیژنەی لێکۆڵینەوەکە نین‌و هیچی لێ نازانن‌و هیچ لایەنێکیش وردەکارییەو سەرەداوی ئەو کەیسەی پێ ڕانەگەیاندوون‌و داواشیان کردووە وەزیری ناوخۆ ئامادەی پەرلەمان بێت‌و بەرپرسی هێزەکانی زێرەڤانی‌و بەرپرسی بازگەکانیش لە لیژنەی ناوخۆ ئامادەبن، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی ئەو داواکارییانەی نەداونەتەوە».

کارەکانی لیژنەکە تەمومژاوییە

ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەی بۆ بەدواداچوون‌و ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت پێکهێنرا، کارەکانی بە نادیاریی‌و تەمومژاویی بەڕێوەدەچێت، ئەندامەکەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە لەدوای بانگهێشتکردنی عیسمەت ئەرگوشی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێم/هەولێر، باسی لەوەکردووە کە لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لە ئاسایش‌و بەرپرسی پۆلیس‌و سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ پێکهاتووە، بەڵام کاتێک بەرپرسی پۆلیسی هەولێرو پۆلیسی گشتیی هەرێمیش هاتنە لیژنەی ناوخۆ، ئەوەیان ڕەتکردەوە کە ئەندامی ئەو لیژنەیە بن.

ڕەتکردنەوەی بەرپرسانی پۆلیس، کە ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بن، یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو ئەنجامە سەرەتاییانەی کە ڕۆژی (٥/٢٤) لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لە سایتی پەیامنێر، کە نزیکە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتییەوە بڵاویانکردووەتەوەو تیایدا هاتووە: «لەسەر فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هاوبەشیی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هەولێرو بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی هەولێر بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەم کێشەیە پێکهێنرا».

ئاوێنەو لۆقین ئامادەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە نابن

لیژنەی لێکۆڵینەوەکە تائێستا هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕووداوەکە ئاشکرانەکردووە، لە بەرامبەردا داوا لە هەفتەنامەی ئاوێنەو گۆڤاری لۆقین دەکرێت وەک شاهید ئامادەبن لەبەردەم لیژنەکە، بەڵام لە دوو ڕوونکردنەوەی جیاوازدا، کە ئاوێنەو لۆقین ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوەیان کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن، بڕیارياندا‌وە ئامادەی ئەوشاهیدییە نەبن، چونکە ئەوەندەی لە ڕووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ئاگادارین بڵاویانکردووەتەوە، هەروەک ڕوونیشیدەکەنەوە زانیارییەکانی ئەوان بڵاوکراونەتەوەو خراونەتە بەردەم ڕای گشتیی، هۆکارێکی دیکەی ئامادەنەبوونیان دەگێڕنەوە بۆ بانگهێشتنەکردنی نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە.

ئەنجامە سەرەتاییەکان، ڕاستی ڕووداوەکە دەشارێتەوە

دوای چەندین هەفتە لە تیرۆرکردنی، «لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ڕفاندن‌و کوشتنی (سەردەشت عوسمان)»، لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەنجامە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە، کە مایەی نیگەرانیی کەسوکاری سەردەشت بوو، بەکر عوسمان، بڕای شەهید سەردەشت دەڵێت: «ئەو ڕوونکردنەوەیە ئەوە دەردەخات کە خواستەکانمان لە سەرەتاییترین ئاستدا وەڵامی نییە، ئیتر حەقمانە بە تەواوی بێئومێد بین لەوەی گوێ لە ئێمەو خەڵکی کوردستان بگیرێت‌و وەڵامی خواستەکانمان بدرێتەوەو حکومەت‌و دەزگا بەرپرسەکان بە کردەوە بەرپرسیارێتی خۆی لەم مەسەلەیە بسەلمێنێت».

لەڕوونکردنەوەی‌لیژنەی‌لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە، کە «تاوانلێکراو بە یەک گوللەی دەمانچە کوژراوە، کە لە پێشەوەی سەری دراوەو لە پشت ملی گیر بووەو هیچ ئاسەوارێکی لێدان‌و ئەشکەنجەدان پێش کوشتنی لەسەر لاشەی کوژراو بەدی نەکراوە». لەمبارەیەوە بەکر عوسمان پێیوایە: ئەو بەشە لە ڕوونکردنەوەکە زۆر تەمومژاوییە‌و لایەنێکی ڕاستیی ڕووداوەکە دەشارێتەوە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە سەردەشت بە لێدانی گوللە لەنێو دەمی‌و دەرچوونی لە پشتی سەری تیرۆر دەکرێت، هاوکاتیش ئاسەواری لێدان‌و ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی سەردەشت بە ڕوونی‌و ئاشکرا بووە وەک: چاوێکی بە دوای لێدانێکی توند ئاوسابوو و شین ببوەوەو شانیشی شوێنەواری لێدانی توندی لەسەر بوو.

بەکر عوسمان بڕای شەهید، لە لیژنەی لێکۆڵینەوەکەو دەزگا پەیوەندیدارەکان دەپرسێت، چۆن دەکرێت یەکەمین ڕوونکردنەوە بەمشێوەیە بێت؟ ئایا ئەوە نەبوونی زانیاریی پێویستە یان کەمتەرخەمییەکی تر؟، یان مەبەست لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست لەم مەسەلەیە چییە؟.

هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەوە شایەتحاڵەکان باس لە چۆنێتی ڕووداوەکە دەکەن، کە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە سەردەشت لەبەردەم زانکۆدا ڕفێندراوە، بەڵام لە ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا باس لەوەدەکرێت، کە «ئەو تاوانە لەلایەن سێ کەسی نەناسراوەوە ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری مینی پاس ڕەنگ سپی، کە ژمارەکەی نەزانراوەو تاوانباران جلی مەدەنییان لەبەردابووەو چەکیان لەلا نەبینراوەو بۆ شوێنێکی نادیار تاوانلێکراویان ڕفاندووە».

خانەوادەی سەردەشت‌و ڕۆژنامەنووسانیش ترسی ئەوەیان هەیە، کە کەیسەکەی وەک کەیسی تیرۆرکردنی سۆرانی‌مامەحەمەدابخرێت‌و بەوەی‌لەلایەن چەند کەس‌و چەکدارێکی نەناسراوەوە کوژراوە، هەربۆیە ڕۆژنامەنووسان جەخت لەسەر بەردەوامبوونی چالاکیە مەدەنییەکان دەکەنەوە تا ئەوکاتەی بکوژانی سەردەشت ئاشکرادەکرێن، چونکە «گومان لە بەئەنجامگەیاندنی کاری لیژنەکە هەیە»، وەک بەکر عوسمان باسی لێوەکردووە: ناکریت ئەوە پێی بووترێت ڕوونکردنەوە، چونکە جەماوەری خەڵکی کوردستان زۆر لەوانە زیاتر دەزانن، کە لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بڵاوبکردوونەتەوە.

شتێک هەیە بەناوی لیژنەی لێکۆڵینەوە؟

شاردنەوەی کارەکانی لیژنەکەو ئەندامێتی‌و ئەنجامی‌وردی‌لێکۆڵینەوەکانیان، وەک ئاسۆس هەردی دەڵێت: «بڵاوکرایەوە کە بەڕێوەبەری پۆلیس‌و ئاسایش ئەندامی لیژنەکەن، دواتر بەڕێوەبەری پۆلیس ڕەتیدەکاتەوە، کاری لیژنەکە جێگای گومان‌و سەرسوڕمانە، چونکە کاتێک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی حکومیی بۆ کەیسێکی وا پێکدەهێنرێت، بۆ دەشاردرێتەوەو کارەکانی نادیارو تەمومژاوییە، ئەمەش ئەو پرسیارە دروستدەکات، کە ئایا لە بنەڕەتدا ئەو لیژنەیە هەیە یان نا؟، چونکە شاردنەوەی تەنیا گومان زیادەکات بەوەی کە ئەو لیژنەیە ناگاتە ئەنجام‌و کارەکانی جدیی نییە».

دیندار نەجمان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا:

پێشتر بەرنامەیەکمان نەبوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان

سازدانی: بەهادین یوسف

دیندار نەجمان دۆسکی، ئەندامی وەفدی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا لە پەیوەندییەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامە، هۆکاری دەستپێنەکرنی گفتوگۆو دانوستاندنەکانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان گەراندەوە بۆ نەبوونی بەرنامەی کارکردنو خشتەی کۆبوونەوەکانو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، ئێستا بەرنامەیەکو ئالیەتێکی پێویستیان بۆ ئەو مەبەستە داناوە



دیندار دۆسکی

ڕۆژنامە: ماوەی هەفتەیەک زیاترە لە بەغدان، ڕەوتی گفتوگۆو دانوستاندنەکانتان چۆن دەڕوات بەڕێوەو میکانزمی کارەکانتان چۆنە؟

* ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو وەفدی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامداو بەرنامەی کارمان داناوە بۆ دانوستاندنو لێژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە لەناوخۆماندا پێکهێناوە، ئەو ئەولەویەتەی لە کوردستان بۆ گفتوگۆ دامان نابوو، هەندێک شتی دیکەمان بۆ زیاد کرد، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین کە بەرنامەو خشتەیەک دابنێین بۆ ئەوەی داوەتی لیستەکانی تر بکەین بۆ دانوستاندن، ئەگەرهەیە سەردتا سەردانی لیستی عێراقییە بکەین، دوای ئەوە داوابکەین سەردانی هەردوو ئیئتیلافەکەو پێکهاتەکانی دیکەی ناو ئیئتیلافەکە بکەین، بە نموونە ڕەوتی سەدرو پێکهاتەو لایەنە سیاسییە بەشدارەکانی تر.

ڕۆژنامە: کەی ئەو بەرنامەیە دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوەو دەست بەگفتوگۆ دەکەن؟

* بەرنامەکەمان لەبەردەستدایەو لێژنەیەکمان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی داوەتەکان ڕێکبخەن، بەڵام تائێستا کاتو بەرنامەی کۆبوونەوەو گفتوگۆو دیدارەکان دانەنراوە.

ڕۆژنامە: میکانیزمی کارکردنتان لە بەغدا چۆنە، قسەیەک هەیە لەسەر ئەوەی لایەنە عێراقییەکانی دیکە زۆر پایەخ بەسەردانەکەتانو دانوستاندن لەگەڵتاندا نادەن؟

* شتێکی وا نییە، هەموو لیستەکان لە ئێستادا خەریکی سەردانی یەکترین، بۆ ئەوەی بۆچوونو باری سەرنجی یەکتری بزانن، ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەش پەیوەندیی بەخۆمانەوە هەبووە، کە خۆمان بەرنامەکەمان ڕێکنەخستبوو، ئێستا ڕێکخراوەو خشتە دانراوە، لیستی عێراقییە هاتوون بۆ سەردانی ئێمەو وەفدێکی وەحدەی عێراقیش داوای دیداریانکردبوو، ئێستا بڕیارە ئێمە داوا لە لایەنەکانی تر بکەینو هەموشیان ئامادەن بۆ ئەوەی لەگەڵیان دانیشین کێشەمان لەوبارەیەوە نەبووە، داوای دیدارمان لەکەس نەکردووە تا وەڵاممان نەدەنەوە، ئێستاش خەریکی مەوعید دانانین، زۆربەی لایەنەکانیش چاوەڕوانی زانینی هەڵوێستی لیستە کوردستانییەکانن و بەپێویستی دەزانن دانیشتن لەگەڵ ئێمە بکەن.

ڕۆژنامە: هیچ ئومێد هەیە بۆ ڕێکەوتنی نێوان لیستەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئاسۆی ئەو دانوستاندنو لێکنزیکبوونەوەیەی لیستەکان چۆن دەبینی؟

* ئێستا بۆ چوونەکان لەسەر تەفسیرو لێکدانەوەی ماددەی (٧٦)ی دەستوور جیاوازە، لەسەر ڕاسپاردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی حکومەتو وەرگرتنی سەرۆک وەزیرانی عێراقو کوتلەی یەکەم، عێراقییە دەستی بەوەوە گرتووە کە خۆی حکومەت پێکبهێنێت، لیستی بەرامبەریش دەڵێن: کوتلەی زۆرینە ئێمە پێکمان هێناوە، هەردوو لایەنەکەش پاساوی قانوونی خۆیان هەیە، بۆئەوتەفسیرە، هاوپەیمانیی نیشتمانیش کە لە هەردوو ئیئتیلافەکە پێکهاتووە، ئەوانیش خیلافاتیان هەیە لەسەر میکانیزمی دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێکنەکەوتوون، ئیئتیلافەکە سەرۆکی کوتلەیان دیارینەکردووە ئیستاش ئەو کێشەیە بەردەوامەو ئەگەرهەیە زۆر بخایەنێت.

ڕۆژنامە: ناکۆکیی و گرفتەکان لێکدانەوەو تەفسیری ئەو مادە دەستوورییەیە، یان مەسەلە تایفی و مەزهەبی و ململانێی نێوان شیعەو سوننەکانە؟

* لەڕاستیدا کێشەکە تەفسیرە قانوونییەکەیە، بەڵام ئەو ڕەهەندو باگراوەندەشی لە پشتە، ڕەنگە لیستی عێراقییە کە دەڵێن ئێمە لیستێکی نیشتمانین و پێکهاتەکانی تریش لەگەڵیدا بەشدارن و لە ناوچە سوننە نشینەکان زۆرینەیان هێناوە، ئەو ناکۆکییە مەزهەبییەش هەیە، بەڵام کەوتووەتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، نەک چوارچێوەیەکی تایفی و ئەوەی هەیە دەستوورییە، بەڵام هەرچەندە ناکۆکییەکان یاسایی و دەستووریی بن، ڕەهەندی تایفیشی لەپشتەوەیە.

ڕۆژنامە: لەئێستادا باسی چەند سیناریۆیەکی ئەمریکا دەکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، تا چەند ئەگەری سەرگرتنی هەیە؟

* ئەوەی ئاگاداربین، ئەوەی هەیە، پرۆژەیە نەک بۆ ئەوەی بسەپێنرێت، بەڵام داوا دەکەن هەموو لیستەکان بەشداریی لە پێکهێنانی حکومەت بکەن، بەتایبەتی هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی قانوون، ئێستا چەند ڕێگەچارەو ئەگەرێک لەبەردەستدایە، بۆ نموونە هەردوو لیستەکە بەڕێژەیەکی زۆر لە حکومەتدا بەشداریی بکەن، تەنانەت باسی ئەوەشکراوە سەرۆک کۆمار لەلایەکیان بێتو ئەویتریان سەرۆک وەزیران، باسی نۆرەش دەکرێت لەنێوان هەردووکیاندا، بەڵام ئەمانە تائێستا پێشنیازەو هیچیان نەسەپێنراون، ئەمریکا پشتگیریی ئەوە دەکات لیستی عێراقییە لەناو حکومەتدا بێت بەپێگەیەکی بەهێزو بەپێی ئەو قەبارەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناوە.

ڕۆژنامە: لەم نێوەندەدا پێگەی کورد لەکوێی هاوکێشەکاندایە، لایەنێکی بەهێزە یان لاوازە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟

* پێش هەڵبژاردنو هەرشتێک، کورد واقیعەو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقەو بێ ئەو حکومەت دروست ناکرێتو هاوسەنگیی ڕاناگیرێت، کورد تائێستاو پێش چوونە ناو حکومەت پێگەی بەهێزەو دەتوانێت زۆر شتی باش بەدەستبهێنێت، هەرچەندە لیستی بەهێزتر هەیە، بەڵام ڕەنگە دوای چوونە ناو حکومەت ئەو هێزەمان نەمێنێت وەک پێش ئێستا، بەڵام پێش چوونە ناو حکومەت پێگەیەکی باشمان هەیەو هەموو لیستەکان داوا دەکەن لەگەڵیاندا بەشداربین بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەرچەندە قەبارەو هێزی کورد گۆڕاوە، بەڵام وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی لە عێراق پێگەمان باشەو پەسەندین، بەڵام ڕەنگە دوای پێکهێنانی حکومەت قەبارەمان شتێکی تر بێت لە حکومەتەکانی پێشوو و چوار ساڵی ڕابردوو، ئەوەش ڕاستییەکەیە.

ڕۆژنامە: پێگەو هێزی کورد ناکەوێتە سەر ئەوەی چۆن دانوستاندنەکان دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتو کارتەکان بەکاردەهێنن؟

* ئێمە تائێستا نەچووینەتە ناو ئەو مفاوەزاتانەوە، بەڵام گەشبنین بەوەی کە بەهێزینو دەتوانین پاڕێزگاریی لە قەبارەی بەشداریکردنی کورد بکەین لە حکومەتی عێراقو مافە نەتەوەییەکان بەدەستبهێنینو بتوانین مادەی (١٤٠) بەجدیتر وەربگرینو خشتەیەکی زەمەنی بۆ ماوەی ساڵێک، یان زیاتر دابنێین بۆ جێبەجێکردنیو میکانیزمی باشتر لە ڕابردوو بسەپێنین لەسەر حکومەتی داهاتووی عێراق.

ڕۆژنامە: ئەندامێکی وەفدەکەتان باس لەوە دەکات، هەندێک کێشەی هەستیارو ئاڵۆز هەڵدەگرن بۆ داوای پێکهێنانی حکومەتو ئێستا گفتوگۆی لەسەر ناکەن؟

* نەخێر، دەبێت پێش پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ لیستەکان دابنیشین هەندێک بابەت هەیە یەکلایی بکەینەوەو بیخەینە بەردەست، هەندێکی دیکە وەکو مەبدەئ باسی دەکەین وەکو مادەی (١٤٠)و بودجەو نەوتو غازو پێشمەرگە، بەڵام وەردەکاریی ئەو بابەتانە لەگەڵ حکومەتی داهاتوو، یان ئەو لایەنە سیاسییە، یان ئەو کەسەی ڕادەسپێردێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، باسی وردەکارییەکانو ئالیەتەکانو چۆنێتی چارەسەری ئەو کێشانە دەکەین.

ئەنجومەنی پارێزگای دیالە هەڵدەوەشێتەوە

پەیامنێری خانەقین



ماوەی شەش مانگە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، کۆنەبووەتەوەو ئەندامانی ئەنجومەنەکەش پێیانوایە، هیچ ڕۆلێکیان نییەو ئەنجومەنی پارێزگا بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت.

زیاد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، زۆر سستە لە کارەکانیداو جدیی نییەو هیچ ڕۆڵو کاریگەرییەکی نییەو ئەندامانی ئەنجومەنیش گوێی پێنادەنو دڵسۆزانە کارەکانیان ڕاناپەڕێنن».

وتیشی: «ماوەی چەند مانگێکە ئەنجومەن کۆنەبووەتەوەو ماوەیەک پێش ئێستاش، کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەنجومەن ویستیان دەست بکەن بە ئیمزا کۆکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن».

ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لە (٧) لیست پێکهاتووە؛ (بەرەی تەوافوق، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، لیستی دەوڵەتی یاسا، ئەنجومەنی باڵا، عێراقییە، لیستی حیوار، تەیار ئیسلاحی نیشتمانی)و هەر (٢٩) ئەندامەکەی ئەنجومەن لەو حەوت لیستە پێکهاتوونو بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)یاسای پارێزگاکان (ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون) کاردەکات، کە بەپێی یاساکە ئەنجومەنی پارێزگاکان گەورەترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێریکردن لە سنووری ئیداریی پارێزگاکەدا. بەپێی مادەی (٢) یاسای ژمارە (٢١) ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای پارێزگاکانی عێراق «ئەنجومەنی پارێزگا، دەسەڵاتی چاودێری هەیە لە چوارچێوەی سنووری ئیداریی پارێزگادا، مافی دەرکردنی بڕیارو سیستمو ڕاسپاردەی هەیە لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری ئیداریی و دارایی لە پارێزگادا، بەشێوەیەک کە هاوکاریی بکات لە سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پارێزگا بەپێی پرەنسیپی لامەرکەزییەت».

لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا، لە چوارەم پارێزگای عێراقدا هەڵبژاردن ئەنجامدراو پرۆسەکە بە یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان بەڕێوەچوو، لەو ڕێگەیەوە ئەنجومەنی نوێ بۆ ئەو پارێزگایانە هەڵبژێردران، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی نوێی پارێزگای دیالە، تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە چالاک نەبووەو نەیتوانیوە ئەرکەکانی سەرشانی ڕابپەڕێنێتو سستییەکی زۆری پێوەدیارەو تەنیا دانیشتووانەکەی زەرەرمەند دەبن.

زیاد ئەحمەد، ئەوەی ئاشکراکرد، کە ئەم سستییەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، زیانی گەورەی بە پارێزگاکە گەیاندووە، چونکە دانیشتووانەکەی بەبێ خزمەتگوزارییەنو بواری ئەمنیی خراپەو هاوڵاتیان هەمووکات لە مەترسیدانو پێوستیان بە خزمەتکردن هەیە.

بە پێویستیشی دەزانێت: «چیتر ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، بەو سستییە نەمێنێتەوەو کارەکانی بە باشی ڕابپەڕێنێتو لیستەکان هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت».

سنووری ئیداریی پارێزگای دیالە کە بەشێک لە قەزاو ناحیەکانی مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، لە قەزاکانی (بەعقوبە، میقدادییە، خانەقین، بەلەدروز، خاڵس، کفری، بهرز)و (١٥)ناحیە پێکهاتووە، تێکڕای دانیشتووانەکەی بە (١)ملیۆنو (٢٩٦)هەزارو (١٥٢)کەس دەخەمڵێنرێت.

تشرینی یەکەمی داهاتوو
دوایەمین رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیی کورد لەعێراق



راپۆرتی: فرمان عەبدولڕەحمان

سەرباری ئەوەی کورد لە عێراقدا خۆی بە دووەم نەتەوەی سەرەکیی دەزانێت، بەڵام هەتا ئێستا هیچ داتاو ئامارێکی وردی لەبەردەستدا نییەو تەنیا پشت بەو پێشبینیانە دەبەستێت کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراک دیاریکردووە، بەرپرسی لیژنەی راگەیاندنی دەستەی بالای ئاماری هەرێمیش پێیوایە: ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی هەرچۆنێک بێت لە قازانجی کوردە، بەوپێیەی قەبارەی راستەقینەی نەتەوەی کورد دەردەکەوێت، پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لە عێراقدا یەکێکە لە پرۆسە سیاسییە کورد بە نیسبەت قەبارەی دانیشتوانی هەموو عێراقەوە (٢١,٢٪) بووە، بەڵام چاوەڕانی سیاسیی پێیانوایە: ئەو ئامارێکی پاکو بێگەرد نەبووەو لەژێر هۆکاری سیاسیدا ئەنجامدراوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ناوچەیەکی زۆری هەرێمی کوردستان بەدەربووە لە سەرژمێریکردن، چونکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوون.

بەبڕوای لێکۆڵیارانی سیاسیی رژێمە جیاوازەکانی عێراق لەڕێگەی پرۆسەکانی تەعریبو تەرحیلی دانیشتوانەوە هەوڵیانداوە رێژەی کورد لە عێراقدا کەمبکەنەوە، لەو چوارچێوەیەدا داتا دیمۆگرافیەکانی نێو سەرژمێرییە رەسمییەکانی عێراق ئاماژە بۆ راستییەک دەکەن، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە رێـژەی کورد لەسەر ئاستی عێراقدا بەردەوام روو لە دابەزین بووە، بۆ نموونە لە یەکەم سەرژمێریی رەسمیی دەوڵەتی عێراقدا سالّی (١٩٤٧) رێـژەی کورد لە ئاستی هەموو دانیشتوانی عێراقدا (٣٠,٤٪) بووە، کەچی لەدوا ئاماری رەسمیدا لە سالّی (١٩٩٧) ئەو رێژەیە دابەزیوە بۆ (١٩,٩٪)

بە واتایەکی تر لە ماوەی پەنجا سالّی رابردوودا واتە لە (١٩٤٧-١٩٩٧) حکومەتە عێراقیە جیاوازەکان رێـژەی (١٠,٨٪)ی دانیشتوانی کوردیان لە عێراقدا دابەزاندووە بە قازانجی ئیتنی عەرەبی لەسەر هەموو ئاستی عێراقدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە وتەی جوگرافیناسی عێراقی شاکر خەسباک، کە لە کتـێبـــی (الاکراد دراسة فی جغرافیة اثنوغرافیة) دا باسی کـردووە بـە پێتی (الخصوبة)ی ئافرەتی کورد بۆ خستنەوەی وەچە زۆر بەرزە لە هەزار ئافرەتی کوردی تەمەن (١٤-٤٥) سالّیدا (٨٠٠) ئافرەتیان منداڵی تەندروستیان دەبێت.

لـە ئێستادا حکومەتی هـەرێـم لە دیاریکردنی قەبارەی دانیشتوانی هەرێمدا پشت بە ئاماژەکانی پرۆگرامی خۆراکی جـیهانیی (WFP)و وەزارەتـی بازرگانی عێراق دەبەستێت، کە تیایدا دانیشتوانی هەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان بە (٤,٩١٠,٧٤٢) کەس دەخەمڵێنێت، کە لەو ژمارەیە (٢,٤٤٧,٠٨٩) کەس لە ڕەگەزی نێرنو (٢,٤٦٣,٦٥٣) کەس لە ڕەگەزی مێن.

بەڵام مورادزەینەڵ، بەرپرسی لیژنەی راگەیاندن لە دەستەی ئاماری هەرێم، پێیوایە: ئەو رێژانە رێژەی راستەقینە نینو هەموو بریتین لە خەملاندن، مورادوتی: «بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی پاکو بێلایەن لە قازانجی کورد لە عێراقدا، چونکە قەبارەی راستەقینەی خۆی بۆ دەردەکەوێت».

مـوراد زەینەڵ، ئەوەشی خستەڕوو: پشتبەستن بەو ئامارانە لەماوەی رابردوودا لە ناچاریدا بـووە، چونکە ناکرێت بەبێ زانینی ژمارەی دانیشتووان کاروبارەکانی حکومەت بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێت، بەوپێیەی دیاریکردنی بودجەی گشتیی وڵات پێویستی بە زانینی ژمارەی دانیشتوان هەیە.

(٢٤)ی ئۆکتۆبەرو جەنگێکی سپی بۆ نەتەوە

بـڕیـارە ڕۆژی (٢٤)ی ئۆکتۆبەری داهاتوو سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجامبدرێت، ئەویش بەپێی یاسای سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان ژمـارە (٤٠)ی سالّی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، کە تیایدا بڕیاردرابوو لە (٢٤)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٠٩) سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لە سەرتاسەری عێراقدا ئەنجامبدرێت، بەڵام لەسەر داوای ژمارەیەک پەرلەمانتاری عەرەبو تورکمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پرۆسەکە سالێک دواخرا بە پاساوی ئەوەی کە دەرەنجامەکانی سەرژمێرییەکە بـارودۆخـی سیاسییو ئەمنیی عێراق خراپتر دەکـات، بەوپێیەی یەکێک لە تەوەرەکانی سەرژمێرییەکە پرسیارکردنە دەربـارەی نەتەوە، واتە ئەو کەسە سەر بە چ نەتەوەیەکە، پرۆژەیاساکەی دەزگای سەرژمێریی گشتیی عێراقیش تەنیا (٤) نەتەوەی دەستنیشانکردبوو، بەوشێوەیە ژمارە یەک عەرب، ژمارە دوو کورد، ژمارە سێ تورکمان، ژمارە چوار کلدۆئاشوریو ژمارەپێنج بۆ نەتەوەی تر.

مەحمود عوسمان، ئەندامی دەستەی بـاڵای بـۆردی سـەرژمـێـریـی گشتیی دانیشتوان لە عێراق، ئاماژەی بەوەکرد: یاساکە لەو دەمەدا مشتومڕی زۆری لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دروستکرد، چونکە ئێمە یەزیدیو شەبەکو فەیلیەکانمان بە کورد دانابوو، بەڵام هەندێک لە نوێنەرەکانی ئەو نەتەوانە داوایانکرد بە نەتەوەیەکی جیا بنووسرێن بۆ ئەوەی قەبارەی راستەقینەی خۆیان لە عێراقدا بزانن، هەربۆیە دواتر پرۆژەیاساکە نزیکەی (١٢) نەتەوەی دیاریکرد لە عێراقدا.

ئەو ئەندامەی دەستەی بالای بۆردی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لە عێراق، پێیوایە: هەموو نەتەوەکان لە عێراقدا وەکو جەنگێکی نەتەوەیی دەڕوانن پرۆسەی سەرژمێرییەکە، چونکە بۆ یەکەمجارە لـەدوای سالّی (١٩٥٧)ەوە بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو بەبێ هۆکاری سیاسیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت.

بـەڵام ئوسامە نوجێفی، کە یەکێکە لە سیاسییەکانی عێراق پێیوایە: ئەو سەرژمێرییە گیانی تائیفی لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا زیندوو دەکاتەوەو ڕەنگە کردەوە تونەوتیژییەکان زیاتر بکات، بەوپێیەی تائێستاش هیچ گرەنتیەک نییە، کە دەرەنجامی سەرژمێرییەکە بە بێگەردی بهێڵێتەوە.

هـەر لـەو چـوارچـێـوەیـەدا مەحمود عوسمان، کە لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانیە رایگەیاند: حکومەتی هەرێم زۆر بە جدیی مامەڵە لەگەڵ پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان دەکات، چونکە دەرەنـجـامـی سەرژمێرییەکە سەرباری ئەوەی قەبارەی راستەقینەی کورد دیاریدەکات لە عێراقدا، هاوکات هۆکارێکی گرنگیش دەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچەجێناکۆکەکان، ئەمە سـەربـاری ئـەوەی پشکی هـەرێـم لە بودجەی گشتیی عێراق دیاریدەکاتو لە هەڵبژاردنەکانیشدا بەشێوەیەکی یەکسان کورسی پارێزگاکان دابەشدەکرێت، مەحمود عوسمان، وتی: «ئەگەر سەرژمێرییەکە بە پاکییو نەزیهی ئەنجامبدرێت، هەموو پێکهاتەکانی عێراق قازانج دەکەن». هەروەک ئەوەشی خستەڕوو: دەستەی ڕاوێژکارانی نـەتـەوە یـەکـگـرتـووەکـانو پسپۆڕانی بەرازیلیو ئیسپانی سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆژی (٢٤) ی ئۆکتۆبەردا هاتوچۆ قەدەغە دەکرێت بۆ ئـەوەی کەس لە شوێنێکەوە نەچێتە شوێنێکی تر، هەروەها ڕەنگە پەنجەمۆریش بە هاوڵاتیان بکرێت بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە.

کورد لە عێراقدا بە زمانی ژمارە

بەپێی پرۆگرامی دەزگـای ناوەندی سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا پەیرەوی دەکـرد، دەبـوو هەر (١٠) سالّ جارێک سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئـەنـجـامبدرێت، بـەڵام لـەسـاڵـی (١٩٩٧)ەوە سەرژمێریی ئەنجامنەدراوە بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی سیاسییو ئەمنیی عێراق، ئەمە سەرباری ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٧)دا هەرێمی کوردستان بەشداریی لەو سەرژمێرییە گشتییەی عێراقدا نەکرد.

یـەکەم سەرژمێریی عێراق لە ساڵی (١٩٤٧)دا ئەنجامدراوەو ڕێژەی کورد تیایدا (٣٠,٤٪) بووە، لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧) ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (٢٣,٤) ، ساڵی (١٩٦٥) دوو ساڵ پێش وادەی خۆی سەرژمێریی ئەنجامدراوە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتی عێراقەوە، تیایدا ڕێـژەی کورد دابەزیوە بۆ (٢٢,٩٪)، لە سەرژمێریی (١٩٧٧) ڕێژەکە بووە بە (٢٢,٤٪)، لە سەرژمێریی (١٩٨٧)دا ڕێژەی کورد بووەتە (٢١,٢٪).

دوایەمین سەرژمێریی حکومەتی عێراقی لە ساڵی (١٩٩٧)دا ئەنجامدراوە بەبێ ئەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێم بگرێتەوە، لەو سەرژمێرییەدا ڕێژەی کورد بە (١٤,٦٪) خەمڵێنرا، هاوکات سەرژمێریی ساڵی (١٩٩٧) یەکەم سەرژمێریی حکومەتی عێراقی بوو، کە تـەوەری نەتەوەی تێدا دەرکردبوو، بەشێوەیەک دانیشتوانی (١٥) پارێزگاکەی عێراق بە (١٩) ملیۆن کەسو هەرێمی کوردستانیش بە (سێ) ملیۆن کەس خەمڵێنرا.

لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بە پشتبەستن بە ئاماری ڕێکخراوی مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی Humanitarian Coordinator for Iraq ڕێژەی کورد بە (١٣٪)ی دانیشتووانی عێراق خەمڵێنرا، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٤)دا کرا بە (١٧٪)و تائێستاش بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گـۆڕان وتـی: «لـە وڵاتـە دیموکراسییەکاندا سەرژمێریی دانیشتوان پابەندی ڕەهـەنـدی ئابووریـیەو هیچ خوێندنەوەیەکی سیاسییو نەتەوەیی پێوە گرێ نادرێت، بەڵام بەبڕوای ئەو لە وڵاتانی وەکو عێراقدا، کە کێشەی ئیتنیکی هەیە سەرژمێریکردنو ژمـارە ڕۆڵـی گرنگ دەگێڕێت لە دەستنیشانکردنی هێزی پێکهاتەکاندا»، لەگەڵ ئەوەشدا حاکم لەتیف شێخ مستەفا، پێیوایە: لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریدا ڕەنگە دەرەنجامەکەی لە قازانجی هەرێم نەبێتو ڕێژەی (١٧٪) دابەزێت، بەڵام بۆ دیاریکردنی قەبارەی کورد لە عێراقدا ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: لە قازانجی کورەدە، چونکە ڕێژەو قەبارەی ڕاستەقینەی کورد لە عێراقدا دیاریدەکاتو دەیکات بە ڕەقەمێکی بەهێز، کە دەتوانرێت بەهۆیەوە داکۆکیی لەو مافە نەتەوایەتیانە بکات، کە پێشتر نەتوانراوە دەستەبەر بکرێت.

سەرژمێریی و گەشەپێدانی ئابووری

بـەدەر لـە کاریگەرییە سیاسییو نەتەوەییەکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان، پسپۆڕانی ئابووریی ئاماژە بەوە دەکەن: بۆ هەرێمی کوردستان سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لە ئێستادا یەکێکە لە پێداویستییە مێژوویییەکانی ئەم قۆناغە، بەوپێیەی هەموو پلاندانانێکی ئابووریو ستراتیژیی بەبێ بوونی زانیاری تەواو لەسەر قەبارەو پێکهاتەو ئاستی تەمەنی دانیشتوان کارێکی ناتەواوە.

د.مەحمەدڕەئوف، پرۆفیسۆری ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، ڕایگەیاند: پلاندانان بنەمایەکی گرنگە لە بنیادنانی ئابووریییەکی نیشتمانیو پەرەپێدانی پێداویستییەکانی ئێستاو داهـاتـووش دەستەبەر دەکـات، لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەو ستراتیژەشدا، دەبێت زانیاری تەواو لەسەر دانیشتوان لە سەرجەم بارەکانی ژیاندا بزانرێت تاکو بتوانرێت سیاسەتێکی داڕێژراوی ئابووریی بۆ پێشخستنی وڵات بنیاد بنرێت.

هـەروەک ئەوەشی خستەڕوو: هیچ پلاندانانێک سەرکەتوو نابێت بەبێ بوونی سەرژمێرییەکی بەهێز. د.مەحمەد ڕەئوف، وتیشی: «هـۆکـاری شکستی پلانەکانی حکومەتی هەرێم لە بواری جیاوازەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی، کە تائێستا هیچ زانیارییەکی دروستو ڕاستەقینە لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستانو کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوونی نییە».

هەرچۆنێک بێت شارەزایانی بواری ئامارو سەرژمێریی و چاودێرانیش پێیانوایە: ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان بە نسیبەت کـوردەوە دوایەمین شەڕی قانوونی کـوردە بۆ سەلماندنی خواستە نەتەوەییەکانی لە عێراقدا، بەوپێیەی بە فەرمی قەبارەو هێزی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا دیاریدەکاتو پاشانیش پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقو ڕێژەی کورسی پارێزگاکانی هەرێمو لە هەمووشی گرنگتر چارەنووسی ناوچەجێناکۆکەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی تاڕادەیەکی زۆر یەکلایی دەکاتەوە.

بەپێچەوانەی تورکیاوە، فەرەنسا وەک سەرۆک پێشوازی لە بارزانی کرد

ئا: شالاو فەتاح



سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ فەرەنسا دەستکەوتی زیاتری بۆ هەرێم تێدا بوو لە سەردانی تورکیا

بەپێچەوانەی تورکیاوە، فەرەنسا وەک سەرۆکی وڵاتێک مامەڵەی لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم کرد. پێشوازییەکەش لەلایەن نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆکی فەرەنساو بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بوو، هەردوو ئاڵای عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەپشت سەرۆکی هەرێمەوە دانرابوون و لەم سەردانەشدا، بارزانی بەجیا لەگەڵ هەر یەک لە سارکۆزی و کۆشنەر کۆبوونەوە. سارکۆزی، لە کۆشکی ئەلیزی کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی کردو تیایدا باس لە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسیی و ئابووریی‌ەکانی نێوان هەردوولا کرا.

ئەگەرچی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا، زیاتر دەنگیدایەوە بەگرنگ وەسفکرا، بەڵام لە راستیدا سەردانی بارزانی بۆ فەرەنسا، دەستکەوتی زیاتری بۆ هەرێم تێدابوو. لە میانەی سەردانەکەی بارزانیدا بۆ تورکیا، باس لەوە دەکرێت کە چەند رێککەوتنێکی نهێنیی بە سوودی تورکیا لەنێوان بارزانی و تورکیادا کراوە، وەک دەستگیرکردنی سەرکردەکانی پەکەکە و ناردنەوەیان بۆ تورکیا، بەڵام ئەوەی لە فەرەنسا بینرا، تەنیا رێککەوتنی دوولایەنە بوو کە سوودی هاوبەشی بۆ هەردوولا تێدایە.

دوای کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا، سارکۆزی لە وتەیەکیدا، پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنساو کوردستانی بە «دۆستایەتی» ناوبردو وتی: «فەرەنسا شادومانە بە دۆستایەتیکردنی کوردستان و گرنگییەکی زۆریش بەو پەیوەندییە دەبەخشین». ئەو، لە هەمانکاتدا رۆڵی پۆزەتیڤی سەرکردایەتی هەرێمی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەرز نرخاندو ئەوەشی خستەڕوو، کە وڵاتەکەی لەگەڵ عێراقێکی دیموکراتیدایە کە کوردەکان بە ئاشتی تێیدا بژین و دواتریش سەرۆکی فەرەنسا، ئەوەی راگەیاند، کە لە داهاتوودا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەربۆیە بارزانیش بە ڕەسمیی سارکۆزی داوەتکرد.

دواتـرو لە هەمان ڕۆژدا، وەفدی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی، سەردانی بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسایان کرد بۆ باسکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. گرنگترین دەستکەوتی سەردانەکە لەم کۆبوونەوەیەدا بەدەستهات، ئەوەش دوای ئەوەی رێککەوتننامەیەک لەنێوان هەردوولادا ئیمزا کرا بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری، بازرگانی و کلتوورییەکان. بەپێی ئەو رێککەوتنە، حکومەتی فەرەنسا یارمەتی پەرەپێدانی تواناکانی ناوخۆی هەرێمیش دەدات.

دواتر هەریەکە لە بارزانی و کۆشنەر بۆ میدیا دوانو خۆشحالیی خۆیان بە ئیمزاکردنی وەهـا رێککەوتنێک دەربـڕی. دواتـریش ڕۆژنامەنووسان چەند پرسیارێکیان ئاڕاستەی مەسعود بـارزانـی، سـەرۆکـی هـەرێـم کـردو لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربـارەی کێشەی نەوت لەنێوان بەغداو حکومەتی هەرێمدا، بارزانی، وتی: بەمدواییانە، بەغدا گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو کۆمپانیا بیانییە نەوتییەکانی بەفەرمیی ناساندووەو ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمەوە. پێشتر ئاشتی هەورامی، وەزیـری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان چەند جارێک ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان بـەڕەو چـارەسـەر بوون دەڕۆن.

هـەر لە میانەی ئـەو سەردانەیدا بـارزانـی، چاوپێکەوتنێکی دەربـارەی دۆخی عێراق بەگشتیی و پێگەی کورد لەو وڵاتەدا لەگەڵ کەنالی فرانس(٢٤) ئەنجامدا. بارزانی، لە دیمانەیەکدا، گەشبینیی خۆی بەرامبەر پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنساو هەرێمی کوردستان دەربـڕی و پێیوابوو، فەرەنسا ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە پێشکەوتنی پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکاندا. بارزانی، لەو چاوپێکەوتنەیدا، ئەوەی دووپاتکردەوە کە کورد خۆی بە بەشێک لە عێراق دەزانێت و دەربارەی پابەندبوونیش بە دەستوورەوە، بـارزانـی، ئـەوەی دووپـاتـکـردەوە، کە ئـەوان پابەندن بـە دەسـتـوورەوەو کوردیش بەشێکی سەرەکییە لە عێراق، ئەگەرچی هەندێکجار کێشەی تێدەکەوێت، بەڵام بەرژەوەندییەکانی عێراق خەمی هەرێمیشن.

سەردانەکانی ئەم دواییەی بارزانی، بەگشتیی بوونە جێی سەرنجی میدیای ناوخۆ دەرەکی و کاردانەوەیەکی زۆریان لێکەوتەوە. لە یەکەم سەردانی بارزانیدا بۆ تورکیا، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆری میدیای ناوخۆ بـووەوە بەهۆی بوونی چەند کێشەیەکی دیبلۆماسی، وەک داوەت نەکردنی پلەیەکو دانەنانی ئاڵای عێراق و هەرێمو داننەنان بە پێگەی سیاسیی مەسعود بارزانیدا لەلایەن بەرپرسانی تورکیاوە، هەروەها لایەنێکی دیکەی جێی ڕەخنەی ئەو سەردانە، نەبوونی بـەرچـاوڕوونـی تـەواوبـوو دەربـارەی کۆبوونەوەکانی نێوان بارزانی و بەرپرسانی تورکیا، لەکاتێکدا بەرپرسانی هەردوولا لە پرێس کۆنفرانسەکاندا جەختیان لەسەر چەند کێشەیەکی دیار دەکـردەوە، بەڵام ناوبەناو لەلایەن چەند دیبلۆماسی و سیاسییەکی دیکەوە، ناوەڕۆکی جیاوازی کۆبوونەوەکان باسدەکران.

تورکیاو پەکەکە درێژە بە (٢٦) ساڵ ناکۆکیی دەدەن

ئا:ئارام محەمەد



شکاندنی ئاگربەستی پەکەکە لەگەڵ تورکیادا، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان هـەردوولا ئاڵۆزتر دەکـاتـو پەکەکەش هۆشیاریی توند دەداتە تورکیا.

لەگەڵ ئەوەی هەریەکە لە سوپای تـورکـیـاو پەکەکە مـاوەیـەکـی درێـژ ئاگربەستیان ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئەو ئاگربەستانە ئەنجامێکی ئەوتۆی لـێـنـەکـەوتـووەتـەوە، دوای دووجـار درێژکردنەوەی ئاگربەستی تاکلایەنە لـەلایـەن پەکەکەو بـەردەوامـبـوونـی سوپای تورکیا لە چالاکییەکانی، لەم هەفتەیەدا کۆتاییان بەو ئاگربەستە هێناو دەستیانکردەوە بە چالاکییەکانیان.

لـە یـەکـەم کـاردانـەوەدا سوپای تورکیا، هەڕەشەی بەزاندنی سنووروو تۆڵەسەندنەوە دەکات، لەبەرامبەر ڕیشدا پەکەکە هـەڕەشـەی ئـەوە دەکـات، کە شـەڕ دەگـوازنـەوە بۆ نـاو شارەکانی تورکیاو ئەمەش ئـەگـەری شەڕێکی چاوەڕوانکراوو سەختو بەهێز دەکات، وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر هێرشی پەکەکەدا، کە گومان دەکرێت بارودۆخی ناوچە سنووریی‌ەکانی هەرێمی کوردستان بکەونەوە پشێویی و ئاڵۆزییەوە، وێڕای ئەو گرژیی و نائارامییەی کە لە ئێستادا لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان بوونی هەیە بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای ئێرانەوە.

یەکەم بەریەککەوتنی سوپای تورکیاو پەکەکە لەساڵی (١٩٨٤)دا بووە، بەپێی زانیاریی‌ەکانی سایتە تورکییەکان، کە ڕاستەوخۆ لە سایتی ملیتەری تورکی وەرگیراون، لەوکاتەوە تائێستا تورکیا زیاتر لە (٢٥) ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوەو نزیکەی (٤٠) هەزار کەس کوژراون.

بەپێی ئاماریک کە سایتی تودەی زەمـان لە زاری بەرپرسانی سوپای تورکیاوە بڵاویانکردووەتەوە، لە ئێستادا ژمارەی چەکدارانی پەکەکە تەنیا (٦٥٠٠) چەکدارن، کە لەو ڕێژەیە (٤) هەزاریان لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری عێراقن و (٢٥٠٠) چەکداریش لەناو تورکیادان.

حکومەتی تورکیا نزیکەی (٣٠) ساڵە لە ناکۆکی و شـەڕدایـە لەگەڵ کـوردەکـانـدا، حکومەتە یـەک لـەدوای یەکەکانی تورکیاش هیچیان نەیانتوانیوە کەناڵێکی گفتوگۆو چارەسەر سەبارەت بەم کێشەیە بدۆزنەوەو ناکۆکییەکانیش تائێستا بەردەوامن.

لە دوا هێرشی چەکدارانی پەکەکە، کە کۆتایی ئەم هەفتەیە ئەنجامدرا، بووە هـۆی کـوژرانـو بریندارببوونی (٢٥) سەربازی تورکی و بەپێی هەواڵی سایتە تورکییەکان لەو هێرشانەی پەکەکەدا (١٢) گەریلا کوژراون، هەروەها بەپێی ئاماریکی دیـکـەی سـوپـای تورکیا، لەماوەی مانگی ڕابردوو تائێستا (١٣٠) چـەکـداری پەکەکەو (٤٣) سەربازی تورکیا کوژراون.

بە بەردەوامیی لەکاتی ڕوودانـی گرژییو ئاڵۆزیی لەنێوان پەکەکەو سوپای تورکیادا، سنووڕەکانی هەرێمی کوردستان کەوتوونەتە بەردەم مەترسیو تۆپباران و ئۆپەراسیۆن، بەو هۆیەشەوە پێشبینی ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەکرێت.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی، سوپای تورکیا سنووری هەرێمی کوردستانی بـەزانـدووەو تۆپبارانی سنووڕەکەش بەردەوامە، ڕۆژنامەکە لە زاری سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیاوە بـڵاویـکـردووەتـەوە، کـە (٤) فیرقەی تایبەتمەند دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی عێراقەوە بەمەبەستی ڕاوەدونانی چـەکـدارانـی پـەکـەکـەو هاوکاتیش بۆردومانی ئاسمانییش بەردەوامبووە لەو سنووڕانەدا.

لە کاردانەوەی ئەو هێرشەی پەکەکەدا، عـەبـدوڵـلا گـویـل، سـەرۆک کۆماری تورکیا، ڕایگەیاند: بـەردەوام دەبن لە ڕووبەڕووبوونەوەی «تیرۆریستان»و تا دوا نەفەس بەرەنگاری «تیرۆر» دەبنەوە، هەروەها ستایشی سوپای تورکیاشی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کردەوانەدا، وتی: «هێرشی چەکدارانی پەکەکە تەنیا بۆ بێهێزکردنی وڵاتەکەمانە، تێکدانی ئارامییو ئاسایشی وڵاتە، بەڵام ئێمە ڕووبەڕوویان دەبینەوە».

لەبەرامبەرپشدا هەریەکە لە (PKK) و (BDP) هەڵوێستی توندیان نیشاندا، ئەحمد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، بە ئاژانسی هەواڵی فـرانـس پرێسی ڕاگـەیـانـد: «ئـەگـەر هێرشەکان بـەردەوام بن لەسەرمان، ئێمەش چالاکییەکانمان دەگوازینەوە بۆ هەموو شارەکانی تورکیا، چونکە ناچارین بەرگریی لە خۆمان بکەین، هەروەها لە ڕێگەی شەڕەوە نە حکومەتی تورکیا دەتوانێت ئێمە لەناوببات، نە ئێمەش دەتوانین تورکیا لەناوببەین، بۆیە پێویستە بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکرێن».

وەک کاردانەوەیەکیش تاکە پارتی کوردی ڕێگەپێدراو لە تورکیا (بەدەپە)، هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندو بە تونديی ئیدانەی ئەو شەڕو ناکۆکییانەی کرد، کە لەم هەفتەیەدا ڕوویانداوە.

بەنگی یەلدز، پەرلەمانتاری سەر بە پارتی ئاشتیو دیموکراتی، ڕایگەیاند: «کورد هیچ شتێکی نییە تا زەرەری تێدا بکات، ئەوەشی هەیە تاقیکراوەتەوە لە سـەرمـان، بۆیە ئـەو شـەڕە هیچی لێناکەوێتەوە بۆ حکومەتی تورکیا، چونکە لەو شەڕەدا نە سەربازێکی ئیسرائیلیو نە ئەمریکی ناکوژرێت، بەڵکو هاوڵاتی تورکیا دەکوژرێن، ئەگەر چەندە کورد بکوژنو بیانخەنە زیندانەوە، بەوە کێشەکە چارەسەر نابێت».

کورد، دەستبەرداری سەرۆک کۆمارو عەلاوی‌و مالیکیش، سەرۆک وەزیران نابن

پێشنیازەکانی ئەمریکا، کاردانەوەی جیایان لێدەکەوێتەوە

راپۆرتی: هەستیار قادر
کارزان عەلی

پـڕۆژەیـەکـی حکومەتی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، کاردانەوەی جیای لێدەکەوێتەوەو عێراقییە تێبینیی لەسەری هەیەو دەوڵەتی یاساش لە دژی دەوەستێتەوەو هاوکات، کوردیش سووربوونی خۆی لەسەر وەگرتنی پۆستی سـەرۆک کۆمار دووپاتەدکاتەوە، وەک ڕەتکردنەوەی یەکێک لە پێشنیازەکانی ئەمریکا بۆ دەستبەردابوون لەو پۆستە.

پـڕۆژەکەی ئەمریکا

لەپاش ئـەوەی هەفتەی ڕابـردوو، جیفری فیلتمانی یـاریـدەدەری وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەردانی عێراقی کردو لەگەڵ گـەورە بەرپرسانی لیستە عێراقییەکان کـۆبـوونەوە، سـەرچـاوەکـانـی هـەواڵ ڕایانگەیاند کە ناوبراو چەند پێشنیازێکی حکومەتی واشنتۆنی پێبووەو خستوونیەتییە بەردەم لیستە عێراقییەکان کە خۆی لە چەند سیناریۆیەکدا دەبینێتەوە، کە گرنگترینیان



د. مەحمود عوسمان:

ئەمریکا، ناتوانێت شت فەرز بکات، بەڵام دەتوانێت ڕاو بۆچوون بدات‌و گوشار دروست بکات

دابەشکردنی کاتیی پۆستی سـەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراقە لە نێوان لیستی دەوڵـەتـی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی‌و لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی. یەکێکی تر لە سیناریۆکان ئەوەیە، کە پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتە نوری مالیکی‌و سـەرۆک وەزیرانیش بۆ ئەیاد عەلاوی بێت‌و کوردیش پاڵێوراوێک پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان‌و دەستبەرداری پۆستی سەرۆک کۆمار بێت.

حسێن شـەعـلان، پەرلەمانتاری لیستی عێراقییەو ئـەنـدامـی لێژنەی دانوستاندنەکانی ئەو لیستە کە بەشداری لە کۆبوونەوەی لیستەکەیان لەگەڵ جێفری فیلتماندا کردووە، بوونی ئەو پڕۆژەیەی پشتڕاستکردەوەو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕایگەیاند: «یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ژمارەیەک پێشنیازی ئەمریکای گواستووەتەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان».

دەوڵەتی یاسا: پێچەوانەی دەستوورە

لیستی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات‌و یەکێکە لە دوو پێکهاتە سەرەکییەکەی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعەکان، هەمیشە سووربوونی خۆی لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران دووپاتەکاتەوەو تەنانەت ئەو شەڕە لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە، لە ناو هاوپەیمانێتییە شیعەکانیشدا دەکات‌و هەر بە ڕکەبەرایەتی لیستی عێراقییەوە ناوەستێت.

لەوبارەیەوە عەبدولهادی حەسانی، پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێشوازی لە هەر هەوڵێک دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی عێراق، بە مەرجێک بگونجێت‌و پێچەوانەی دەستوور نەبێت».

لەو سۆنگەیەشەوە حەسانی، پێیوایە: هـەردوو سیناریۆکەی جێفری فیلتمان، پێچەوانەی دەستوورن، بۆیە وتی: «ئەو پێشنیازانە ڕەتدەکەینەوە».

عێراقییە، تێبینیی لەسەر کاتەکە هەیە

لیستی عێراقییەش کە بەڕامبەر بە هاوپەیمانێتییە شیعەکە وەستاوەتەوەو پێیوایە، دەرکـردنـی پۆستی سـەرۆک وەزیـــران لـەژێـر دەسـتـی لیستەکەیدا پێچەوانەی دەستوورەو سەرەڕای نزیکی ئەو لە سیاسەتی ئەمریکاوە لە عێراق، بە تایبەت لە دژایەتیکردنی ڕۆڵی ئێران‌و سێبەرەکانی لە عێراقدا، تێبینیی لەسەر کاتی ئیدارەی حکومەتەکە هەیە کە پێیانوایە، کاتەکەی کەم دەبێت.

حسێن شەعلانی پەرلەمانتاری لیستی عێراقییە، ڕایگەیاند: پێمانوایە، پێشنیازی دابەشکردنی ماوەی سەرۆکایەتی بۆ دوو ماوە، هیچ ئاکامێکی نابێت، چونکە سەرۆک وەزیران لەو ماوە کورتەدا ناتوانێت شوێن

کورد لە سەرۆک کۆمار نابێتەوە

هـەرچـەنـدە لـەمـاوەی چەند ساڵی ڕابـردووی کێشمەکێشمە سیاسییەکانی عـێـراقـدا، کـورد وەک یەکێک لەلایەنە سەرەکییەکانی کاریگەر بە گوشاری ئەمریکا وەسف دەکرێت، لە سازشکردن لە کێشەکان بۆ بـەرژەوەنـدیـی لایەنە عێراقییەکانی تر، بەڵام بە وتەی ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی، هێشتا کورد سووڕە لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار.

د. مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: گفتوگۆی ڕەسمیی لەسەر ئەو پێشنیازەی ئەمریکا نەکراوەو نەگەیشتووەتە ئاستی پڕۆژە، بەڵام قسەی لەبارەوە کراوەو وتیشی: «ئەمریکا، ناتوانێت شت فەرز بکات، بەڵام دەتوانێت ڕاو بۆچوون بدات‌و گوشار دروست بکات».

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانیی کـوردسـتـان، جەختی لـەسـەر ئـەوەش کردەوە کە هەڵوێستی لیستەکەی بەرامبەر بە وەرگرتنی پۆستی سـەرۆک کۆمار نەگۆڕاوە.



حسێن شەعلان:

دابەشکردنی ماوەی سەرۆکایەتی بۆ دوو ماوە، هیچ ئاکامێکی نابێت

دەستی دیاربێت‌و ناتوانێت کارەکانی بەشێوەیەکی باش ئەنجامبدات‌و دەربارەی پێشنیازی دووەمیش کە پێدانی پۆستی سەرۆک وەزیرانە بە عێراقییەو سەرۆک کۆمار بە نوری مالیکی، شەعلان، وتی: «ئەو پێشنیازە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقیشدا باسدەکرێت‌و پێمان باشە، بە مەرجێک گۆڕانکاریی لەسەر بکرێت‌و لایەنە نەگەتیڤەکەی ئەو پێشنیازە لاببرێت، بۆیە پێویستی بە گەڵاڵەکردنە».

سەدرییەکان: پڕۆژەکە ڕەتدەکەینەوە

ڕەوتی سەدر کە (٤٠)کورسی لە کۆی (٧٠)کورسییەکەی ئیئتیلافی نیشتمانیی پێکهێناوە، وەک سیاسەتی هەمیشەیی، لە دژی پێشنیازەکانی ئەمریکا، ئەو سیناریۆیانەی واشنتۆن ڕەتدەکاتەوە وەک هەنگاوێکی تریان بۆ دووڕخستنەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا.

بەها ئەعرەجی، سەرکردەی ڕەوتی سەدر، تایبەت بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: «ئەوان دژی هەر پێشنیازێکن کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێشکەش بکرێت، چونکە بە وتەی ناوبراو، خراپی بارودۆخی ئێستای عێراق‌و نەهامەتییەکانی گەلەکەی بەهۆی ئەمریکاوەیە». ئەعرەجی، جەختی لەسەر ئـەوەش کـردەوە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان پرسە سیاسییەکانیان یەکلایی بکەنەوە، نەک لایەنی دەرەکی دەستێوەردان لە کاروباریاندا بکات.

دادگای فیدراڵیی، چارەنووسی کورسییە بەتاڵەکان دەگۆڕێت

چاوان عەلی

دادگای فیدراڵیی عێراق، بە بڕیارێک ماف دەداتە کاندیدی لیستە بچووکەکان کە کورسییە بەتاڵەکان لە پەرلەمانی عێراقدا وەربگرن، بەڵام پسپۆڕێکی یاسایی جەخت دەکاتەوە کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، ناڕۆشنە لە بواری جێبەجێکرندا.

دادگـای فیدراڵیی عێراق، بە بڕیاری ژمارە(١٢) کە لە (١٧ /٦/ ٢٠١٠) دەرچووە، وەڵامـی داوای هـەردوو پەرلەمانتار، (مـوفـیـد جـەزائیریو عومەر عەلی حسێن)ی داوەتـەوە کە تانەیان دابوو لە یاسای ژمـــارە(٢٦)ی ســاڵـــی(٢٠٠٩) کە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ژمارە(١٦) ی ساڵی (٢٠٠٥)ە، بەتایبەت لە بڕگەی چـوارەمـی مـــادەی(٣)ی یـاسـاکـە، کە تیایدا هاتووە: «ئەو کورسییە بەتاڵانەی دەمێننەوە، دەدرێن بە لیستە بچووکەکان»، ئەم دوو پەرلەمانتارە، داوایان کردبوو کە ئەو بڕگەیە هەڵبوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی کە پێچەوانەی دەستوورە.

وەک لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیشدا هاتووە: ئەو بڕگەیە ناکۆکە لەگەڵ مادەکانی (٢٠و ٣٨و ٣٩)ی دەستووری عێراقی کە مادەی (٢٠)ی دەستوور دەڵێت: «هەموو هاوڵاتییانی عێراق پیاوان‌و ژنان مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسیدا هەیە، لەناویاندا کاروباری دەنگدان‌و هەڵبژاردن‌و خۆکاندیدکردن»، لە مادەی(٣٨)یشدا هاتووە: «ئازادیی ڕادەربڕین بۆ هەموو کەسێک مسۆگەرکراوە»، هەربۆیە ئەمانە ناکۆکن لەگەڵ ئەو بڕگەیەی مادەی(٣) لە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی(٢٠٠٥)ی هەمواکراو، لەمبارەیەوە، د. لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسایی، ئـامـاژەی بەوەکرد: بڕگەی(٤) لە یاساکە، دەنگی زۆرێـک لە پارت‌و ڕێکخراوە سیاسییە بچووکەکانی بردووە بۆ حیزبە گەورەکان، ئەمەش وای کردووە کە مافی بەشداریکردنی هاوڵاتیان کە دەنگیان بە کاندیدو لیستێکی دیکە داوەو ئەو ئازادیی ڕادەربڕینە لەم یاسایەدا جێی نەبێتەوە، هەربۆیە دادگا بڕیاری داوە کە ئەم بڕگەیە ناکۆکەو دژە لەگەڵ دەستوور.

هەرچەندە دادگـای فیدراڵی جەختی لەسەرناکۆکی ئەو بڕگەیەلەگەڵدەستووری عێراقیدا کردووەتەوە، بەڵام وەک شێخ لەتیف کە هاوکات، ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی دادگای فیدراڵی، مافی هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەیە، بەڵام لێرەدا نەیوتووە کە ئەو بڕگەیە لە یاسای ژمارە (٢٦)هەڵدەوەشێتەوە».

خاڵێکی دیکە کە تێبینی لەسەرە لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی دادگا بڕیار دەدات بەوەی کە ئەو بڕگەیە نادەستوورییەو دژە لەگەڵ دەستوور، بەڵام دەشڵێت، بەمەرجێک ئەم حوکمە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دابەشکردنی ئەو کورسییانەی لەم دەورەیەدا دابەشکراون‌و دادگا پەسەندی کردوون.

بە بۆچوونی ئەو پسپۆڕە یاساییە کە بڕیاردراوە، ئەو بڕگەیە نادەستوورییەو کورسییە بەتاڵەکانیش لەسەر بنەمای ئەو مـادە نادەستوورییە دابەشکراون، ئەوا دەبێت بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی بدایە بەوەی کە ئەو کورسییە بەتاڵانەی دابەشکراون، هەڵبوەشێنرێنەوەو بدرێنە کاندیدی لیستە بچووکەکان، چونکە لە یاسادا دەوترێت، هەرچی لەسەر بنەمایەکی پووچەڵ بنیادبنرێت، پووچەڵە.

بـۆ چـــارەســـەری ئـــەو تێبینی‌و ناڕۆشنییەی لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا هەیە، د. لەتیف شێخ مستەفا، بە پێویستی زانی، لەبەرئەوەی بڕیاری دادگای فیدراڵی یەکلاییکەرەوەیە‌و ناکرێت تانەی لێبگیرێت، ئەوا پێویستە کاندیدی لیستە بچووکەکان داوایەک پێشکەش بە دادگای فیدراڵی بکەن، تا ئەو مەسەلەیە یەکلاییبکاتەوە، ئەو کات کورسییە بەتاڵەکان، مافی کاندیدی لیستە بچووکەکان دەبێت.



ژمـــارە (587)
سێشەممە 2010/6/22

hewal.rozhnama@gmail.com

ئۆپۆزسیۆنبوون

خنەکان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی سالێکدا چی کردووە؟، دەسەلاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەلات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال



لەسەر کاغەزەوە بۆ سەر زەوی
رەخنەکان دەڕژێنە ناو خەڵکەوە

١

لەدوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی (٢٠٠٩)وە رۆژنامەگەریی ئەهلی دەیەوێت ئەو ئەرکەی لەسەر شانی بوو بیگوازێتەوە بۆ گروپێکی تر، کە وەک «ئۆپۆزسیۆن» دەرکەوتن، بەوەی لەوە بەدواوە لە چاودێری دەسەلاتەوە بیگوازێتەوە بۆ چاودێری ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتو پرۆفیشنالانە بیێتە پردی گەیاندنی خەڵکو دەسەلات بەیەکدی.

لەوێستگەی جەنگی ساردی نێوان یەکێتی و پارتیدا، کە مەوداکانی ئازادیی بیرورا دەربڕین «هێشتا تروسکایی بوون»، گروپێک لە رۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان وێستیان «ئازادانە» بدوێن، ئەگەرچی ئەو گروپەی دەیانویست رەخنەکان لە کونجی ماڵەکانو چرپەچرپی چایخانەکانو کۆڵانە تەسکەکانی بیرکرنەوەدا بێنە دەرەوە لەسەر زۆربەی بیرکردنەوەکانیان ناکۆکبوون، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکبوون، کە «دڕ بەتاریکی بدەن».

ئەوان ئەندامانی کۆنی پاسۆک و شیوعی و ئالای شۆڕش و زەحمەتکێشان و خەڵکی ناسۆنالیستو بێلایەن بوون، کە دەگەڕان بەدوای دەروازەیەکدا جگە لە دەروازەکانی (یەکێتی و پارتی)، بۆ ئەوەی لێیەوە خۆیان و خەڵکیش ئازادانە بیرورِاکانیان بەیان بکەن.

لەکاتێکدا (سالانی دوای شەڕی ناخۆی یەکێتی و پارتی) «خەڵکی سلێمانی تەنیا دەیتوانی رۆژنامەکانی یەکێتی بخوێنێتەوە خەڵکی هەولێرو دهۆکیش تەنیا دەیانتوانی رۆژنامەکانی پارتی ببینن، ڕەوشەکە بەشێوەیەک بوو، کە بۆشاییەکی گەورەی ئازادیی بە گشتیی و ئازادیی رادەربڕین هەبوو».

ئۆپۆزسیۆنی سەر کاغەز بە عەمەلیی بیرورِاکانیان کردە نووسین، ئەوەش دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٠) دا لە ئەنجامی شەڕێکی نێوان یەکێتی و حیزبی کۆمۆنیست،ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکان کوژران و ئەوەش بووە جێگەی نارەزایی گروپێک لە نووسەرو رۆشنبیران لە سلێمانی و دژی ئەو شەڕە بەیاننامەیەکیان دەرکرد، بەڵام بەیاننامەکە رێگەی پێنەدرا لە هیچ رۆژنامەو گۆڤارێک بڵاوبکرێتەوە، بۆیە زۆری پێناچێت ئەو رووداوە کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەو بیر لە دامەزراندنی رۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەکەنەوە.

پێش دەرکەوتنی هەموو ئۆپۆزسیۆنێک لە جیهاندا، رۆشنبیرەکان رۆڵی کاریگەریان بینیوەو بیرۆکەو رەخنەکانیان لەرێگەی کۆڕو سیمینارو رووپەڕی رۆژنامەکانەوە بڵاوکردووەتەوە، ئەوەش رای گشتیی لەسەر پەورەدە کراوەو تا چەمکەکانی رەخنەگرتن بەئاسانی چەسپیوەو ترسی وتنی لەلایەن هاوڵاتییانەوە شکاندووە.

گروپەکانی فشار هەر دەرهاویشتەی ئەو رەخانەن، کە کاریزماکانی فیکرو نووسین بەرهەمیان هێناون و ئەو گروپانەش بەردەوام رێخۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی گروپی ئۆپۆزسیۆنی رێکخراو لەناو کۆمەڵگەدا، پێش دەرکەوتنی «ئۆپۆزسیۆن» لەدوای هەڵبژاردنی تەممووزی (٢٠٠٧)دەوە چەندین گروپی فشار دروستبوون لەوانەش: بزووتنەوەی «هەتاکەی».

لەماوەی (١٦) ساڵی حوکمڕانی کوردیدا کۆمەڵێک نارەزایی هەبوون، بەڵام ئەو نارەزاییانە کۆبوونەوەو لەدوای کوژاندنەوەی شەڕی ناوخۆ ئیدی ورده ورده سەریانهەڵدا بەتایبەتیش دوای بەجێهێشتنی ساڵانی نەوەدەکان.

ئۆپۆزسیۆنی سەر کاغەز بە عەمەلی بیرورِاکانیان کردە نووسین

دوای ئەو ساڵانە هەر هاوڵاتییەکی کوردستان نارەزایی دەردەبڕی لەسەر کەمیی خزمەتگوزاریی، خراپیی «ئەدائی» فەرمانگەکانی حکومەت، جیاوازیکردن لە نێوان کەسێکی حیزبیو کەسێکی ناحیزبی، بێعەدالەتیو لەسەر هەڵسوکەوتی بەرپرسانی بااڵ.

لەڕاستیدا نارەزاییەکە لەناو هەموو تویژەکانی کۆمەڵدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەبیسترا و بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕدرا، وەک نووسین لە رۆژنامەو گۆڤارو سایتە ئەلیکترۆنیەکاندا، لە دەزگاکانی رادیۆو تەلەفزیۆنی ناوچەییو ئاسمانیدا، هەروەها لە دەمی خەڵکەوە رۆژانە لەناو بازاڕو کۆڵانو سەرشەقامو شوێنەکانی کۆبوونەوە، بە مانگرتنو خۆپیشاندانی پچڕپچڕ.

رۆژنامە ئەهلییەکان رۆڵی کاریگەریان لەو نێوانەدا هەبوو، چونکە لەدوای دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی بەناوی «هاوڵاتی»، خەڵک بۆخۆی بابەتی گلەییو گازندە، سکاڵا، بێزاریی، نارەزایی، تورەیی، رەخنەی بۆ دەناردن، یان خۆیان بابەتیان دەبرد، بەمەبەستی گەیاندنی بەدەسەلاتداران.

ئەگەرچی دەسەلاتی هەردوو حیزب (یەکێتیو پارتی) وایان نیشاندەدا، کە گەندەلیی بووەتە سیستم، دامودەزگاکانی حیزب و حکومەت گەندەلیی دایرزاندوون، چارەسەر ناکرێن، وایان نیشاندەدا هەردوو دەسەلات دامودەزگاکانی حکومەتیان زەوتکردووە، سامانو دارایی وڵات، موچەی سەدان هەزار فەرمانبەر، کارمەند، خانەنشین، سووتەمەنی، زەوی، خۆراکی.. خەڵکی وڵاتەکەیان بە دەستە دەتوانن بیبڕنو خێزان بێدەرامەت بکەنو فڕێی بدەنە سەر جادە، بەڵام هەوڵەکان لەسەر کاغەز بەردەوام بوونو رەخنەکان توند دەبوونەوە.

هەردوو دەسەلات وایان نیشاندەدا، کە ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە، دەزگای نهێنی، دادگا زیندانیان بە دەستە، لەبەرئەوە خەڵک دەترسێو هەرچی بکرێت سوودی نییە، کاریگەریی نییە، بە ئاسانی دەتوانن هەرچی جوڵانەوەیەک ببێ سەرکوتی بکەن، بەڵام سەرکردەکانی رەخنەو ئۆپۆزسیۆنی نووسراو هەر نەوەستانو بەردەوام بوون. ئەوان ئەم دێرە شیعرەی هێمن موکریانییان پەیرەوکرد، کە دەڵێت: کانی رووتم دی بەلێشاوی بەهار شلۆ نەبوو، بەفری گەورەم دی چیای گرتو بەتاوێ بووەوە قەدەم.

ئەم هەموو رەخانەنەی کە سەدان هەزار لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی ئەهلی پرکردەوە هەروا بە ئاسانی وەرنەگیرا لەلایەن دەسەلاتەوە «بەتوندترین شێوە» رووبەڕوویان بوونەوە، هەر لە گرتنو لێدانی رۆژنامەنووسانەوە تا شەهیدکردنیان لەسەر نووسینو بە دەستی دەرەکی سەیرکردنیان.

رۆژنامەگەریی ئەهلی (ئۆپۆزسیۆنی سەر کاغەز) سەرەڕای گرفتی لایەنی دارایی و مەترسیی بەردەوامنەبوونی پڕۆژەکانیان بەردەوام کۆسپ دەخرایە سەرڕێی کارکردنیان، حیزبە دەسەلاتدارەکان جارێک بردنەژوورەوەی رۆژنامە ئەهلییەکانیان بۆ فەرمانگەکان قەدەغەدەکردو جارێک ئەو ژمارانەی بە دڵیان نەبوو لە بازاڕدا کۆیاندەکردنەوە.

رەخنەگرانو رۆژنامەنووسانیش (سەرکردەکانی رەخنەو ئۆپۆزسیۆنی نووسراو) لەدەیان شوێندا گرفتیان بۆ دروستدەکراو هەڕەشەیان لێدەکراو دەستگیر دەکرانو لەلایەن بەرپرسانەوە لە دادگا شکاتیان لێدەکرا.

ئەم رەوشە تائێستاش بەردەوامیی هەیە، تا کار گەیشتە ئەوەی نووسینەکان لە سنووورەکانی هەرێمی کوردستان دەربچنو رەخنەکان ئەمجارەیان لە دەرەوەی هەرێمەکەوە ئاراستەی دەسەلات بکرێن، ئەوەش بەوەی کە چەندین نووسەرو رۆژنامەنووسی بیانی هاتنە هەرێمی کوردستانەوەو رەخنەی بارودۆخەکەیان گرتو چوونەوەو لە وڵاتەکانی خۆیانەوەو لە رۆژنامەو جیهانییەکاندا بیرورای رەخنەئامێزی خۆیان لەسەر دەسەلاتی هەرێم بڵاوکردەوە.

رەخنەکان لە تاکەکەسەکان دەرچوونو بە هەوڵی رۆژنامەگەریی ئەهلی کۆمەڵەو سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئازادیی بیرورا لە راپۆرتەکانیاندا رەخنەیان لە باردودۆخی هەرێمی کوردستان گرت، بەتایبەت لە

دەسەلاتی هەردوو حیزب وایان نیشاندەدا کە گەندەلی بووەتە سیستمو چارەناکرێت

حیزبە دەسەلاتدارەکان جارێک بردنەژوورەوەی رۆژنامە ئەهلییەکانیان بۆ فەرمانگەکان قەدەغەدەکردو جارێک ئەو ژمارانەی بەدڵیان نەبوو لە بازاردا کۆیاندەکردنەوە

رووداوەکانی گرتنو کوشتنو سووکایەتی بە رۆژنامەنووسان.

لەدوای دەرکەوتنی «ئۆپۆزسیۆن»یش فشارەکان لەسەر رۆژنامەگەریی ئەهلی زیادیکرد، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٩/٧/٢٥و ئەنجومەنی نوێنەران عێراق ٢٠١٠/٣/٧، بۆ نموونە رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە(٢٤)ی شوباتی (٢٠١٠)، راپۆرتێکی بە ناونیشانی: « دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق لەمەترسیدایە» بڵاوکردووەتەوە، کە چەندین نموونەی پێشێلکاریی لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەرێمی کوردستاندا هێناوەتەوە.

رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی ئەهلی دەیانزانی کە پەیامەکانیان چەند کاریگەریی هەیە، بۆیە «ئاسۆس هەردی» بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە بۆ راگەیاندن لە وتارێکیدا لە (١١)ی تەممووزی (٢٠٠٩) لە پاشکۆی هەڵبژاردنی رۆژنامەی ئاوێنەدا باسی کاریگەریی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکاتو دەنووسێت: ئەو وێنەیەی کەناڵەکانی راگەیاندن لەسەر بارودۆخی وڵات پێشکەشو بڵاوی دەکەنەوە، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئەو وێناو پێشبینییەی کە (بینەر، بیسەر، خوێنەر) لەسەر وڵاتەکەی خۆی دروستی دەکات. لەبەر ئەوەشە لەوڵاتە داخراوو دیکتاتۆرییەکاندا هەمیشە دەسەلاتی سیاسیی، راگەیاندن دەکاتە ئامرازێک بۆ ئاراستەکردنو کۆنترۆڵکردنی خەڵکو نیشاندانی بارودۆخی وڵات بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت.

نووسینی وتارەکە چەند رۆژێک پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، ئەو رۆژنامەنووسە لە کۆی وتارەکەیدا دەیەوێت پێمان بڵێت: ئیدی سەردەمێکی دیکە بەڕێوەیەو سندوقی دەنگدان هاتووەتە پێش ئەوەی چەند ساڵە ئەوان رەخنەی لێدەگرن ئێستا لەدەستی هاوڵاتیدایە، کە بیگۆڕێت.

هەر لەو روانگەیەشەوە بوو رۆژنامەگەریی ئەهلی لە هەڵبژاردندا رۆڵی کاریگەریان بینی بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانو هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان.

دوابەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش، رۆژنامەگەریی ئەهلی ویستی بچێتەوە سەر سکەی رۆژنامەگەریی پڕۆفیشنالو ببێتە پردی پەیوەندیی لەنێوان خەڵکو دەسەلاتدا، رۆژنامەگەریی ئەهلی ئێستا دەیەوێت تەنیا رۆڵی گەیاندن ببینێتو لەو کێشە دەرچێت، کە بە لایەنگریی بۆ ئۆپۆزسیۆن، یان هەندێکجار بۆ لایەنێک تۆمەتبار دەکرێت، ئەوەش دوای دەرکەوتنی گروپێک کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناساندووەو دەیانەوێت ئەو رۆڵە ببینن.

hewal.rozhnama@gmail.com

ئۆپۆزسیۆنبوون

بەپێی پێناسەکان ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن رەخنەگرتن ئایا ئێمە ئیجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی و راگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لە لەلایەن دا چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟.... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.

ئاسۆس هەردی: رۆژنامەگەریی ئەهلیی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی نەبینیوە



ئاسۆس هەردی

ئاسۆس هەردی لەو بڕوایەدایە، کە رۆژنامەگەریی ئەهلیی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی نەبینیوە، بەڵام «کاریگەریی هەبووە لە کۆکردنەوەی دەنگە نارازییەکان» و هاوڵاتییان توانیویانە لە ڕێگەی رۆژنامەگەریی ئەهلییەوە ڕاو بۆچوونەکانیان بڵاوبکەنەوە، بەڵام بڕوای وایە، کە رۆژنامەگەریی ئەهلیی «ڕێخۆشکەر بووە» بۆ هاتنەکایەی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا و «لەدایکبوونی ئەو هێزەی ئاسانتر کردووە».

رۆژنامە: بەڕێزتان لەو بڕوایەدان کە رۆژنامەی هاوڵاتی یەکەمین تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی بوونی پەراوێزی ئازادیی بووە لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا بە فیعلیی ئەو پەراوێزە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو؟

* لەڕاستیدا لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە پەراوێزێک لە ئازادیی هەبووە، ئەوە حیزبەکان هەر لە شاخەوە هێناویانە، چونکە پێشمەرگەکان کە گەرانەوە، تەنها یەک ڕەنگ نەبوون. بیروبۆچوونْو ئایدیۆلۆجیای جیاوازیان هەبوو بەڵام ئەو پەراوێزە کە بەکارنەهێناوە، ئێمە قەناعەتمان بەوە هەبوو کە ترسێک هەیە لە دڵی سیاسییەکاندا قسە لە ڕکابەرەکانیان قبوڵ ناکەن، بەڵام سیاسییەک بزانێت کە تۆ بەنیازنیت ببیت بە بەدیلی ئەو، بەنیاز نیت کورسی دەسەڵاتی لێداگیر بکەیت، کە دەڵێن ڕۆژنامەگەریی ئەهلیی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی بینیوە، بە فیعلیی ڕەنگە ئێمە جێگەمان کردبێتەوە بۆ خەڵکێک کە نارازییە قسە بکات، بەڵام وەک ڕۆژنامەکە تەنیا کاری ڕۆژنامەگەریمان کردووە، چونکە کاتێک بە یەکێک دەوترێت ئۆپۆزسیۆن، کە ئیش لەسەر دەسەڵات دەکاتو بەرنامەیەکی هەیە بۆئەوەی خۆی ببێت بە دەسەڵات، بەڵام ئێمە لە هیچ کاتێک لە کاتەکاندا بیرمان لەوە نەکردووەتەوە، نە ئەوکات ویستوومانە، نە ئێستاش دەمانەوێت.

ئێمە لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی حەقیقیدا ببووین بە مینبەرێک، بۆ خەڵکی نارازیی

ئێمە لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی حەقیقیدا ببووین بە مینبەرێک، کە خەڵکی نارازیی قسەی تێدا دەکرد، تەنانەت دەسەڵاتیش قسەی تێداکردووە.

ڕۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە دەگرێت لە دەسەڵاتو لەبەرامبەریشدا بەدیل پێشکەش دەکات، ئێوە ڕەخنەتان گرتووە، ئەمە بەشێک نەبووە لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە ئێوە کردووتانە؟

* نا، ئێمە ئەرکێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریمان جێبەجێکردووە، بەڵام ئەمە ڕەنگە ڕێگەخۆشکەر بووبێت لەوەدا، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە لە کوردستاندا دروستببێت، ئێمە هەوڵماندا‌وە ئەرکی ڕۆژنامەگەریی خۆمان بەجێبهێنین، کە گەیاندنی بیروڕا جیاوازەکانە، بیروڕا جیاوازەکان لە دەسەڵاتەوە تا نارازیی لە دەسەڵاتی تیدابووە.

ئەزانیت چۆن ڕۆژنامە بەدیل پێشکەش دەکات؟ کاتێک بابەتێک بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی وڵات، خەڵک ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەری دەڵێت، هەشن پێشنیاز دەکەن بۆ چاککردن، ئەوە خەڵک خۆیەتی کە بەدیل پێشکەش دەکاتو ئێمە بۆی بڵاودەکەینەوە.

لە ئەنجامی ئیشەکەماندا کە ئیشی هەموو کەناڵێکی ڕاگەیاندنە وا بکات، مەجاڵێکمان بۆ خەڵک کردووەتەوە کە قسەی خۆی بکات، دواتر ڕەنگە دەنگی تاکە تاکەی خەڵک کۆببێتەوە ببێتە گروپو بزووتنەوەی ڕێکخراو، ئەوەش ئەنجامی کارەکەمانە، نەک ئەوەی بە بەرنامە ئەوەمان کردبێت.

ڕۆژنامە: ڕووخساری ڕۆژنامە ئەهلییەکان وا دەبینرێت کە هەمیشە ڕەخنەکان زاڵن بەسەریدا، ئایا ئەوە بە بەرنامەیە، یان تووڕەیی هاوڵاتییانەو ئێوە بڵاویدەکەنەوە؟

* لە هەڕێمی کوردستاندا ئەگەر سەرجەمی کەناڵەکان حساب بکەیت، نزیکەی (٨٠٠) کەناڵمان هەیە، لە هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا هەموو حیزبەکان کەناڵی ڕاگەیاندنی خۆیان هەیە، لەم هەموو کەناڵانەدا تائێستا ئەوەی بە تەواویی بتوانم پێبڵێم سەربەخۆیە، «هاوڵاتی، ئاوێنەو لڤین»ە، لە ڕادیۆکانیشدا، «ڕادیۆی نەوا»و یەک دوو ڕادیۆی ناوچەیی هەیە، بۆ نموونە «دەنگ» لە دەبێنێتو کەس منەتباری کەس نییە، هەموو کایەکان کارگەڕییان لەسەر یەکتر هەیە لەناو کۆمەڵگەدا، دەتوانین بڵێین ئەوەندەی لەتوانادا بووە میدیای ئەهلیی بەو دەرفەتە کەمەوە ئاسانکاریی بۆ لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن بکات، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن خۆی شت نەبێتو قورسایی نەبێت، کاریگەریی نابێتو ئەنجامی نابێت.

ڕۆژنامە: ئێوە لە دوا وتاری پێش هەڵبژاردنی تەممووزی (٢٠٠٧) هانی هاوڵاتییان دەدەن بچن دەنگبدەن، ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ پێتوایە بە هاتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن قۆناغێکی دیکە دەستپێدەکات، کە لەوە بەدواوە ئەرکی سەرشانی ئێوە سووکتر دەبێتو ئۆپۆزسیۆن ئەرکی خۆی دەبینێت؟

* ئێمە یەکێک لە گرفتەکانمان دووبارەنەبوونەوەی هەڵبژاردنە، بەڵام کاتێک لەدوای (٢٠٠٥)ەوە هەڵبژاردن دووبارە دەبێتەوە، کە یەکێکە لە بنچینە کانی دیموکراسی، مەنتیقی ئەوە وتارە ئەوەیە کە دەسەڵات ئێستا کاری بە خەڵکەوە، ئەوکاتەش باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە چوارسااڵ بە قسەی دەسەڵات دەکەین، بەڵام لە چوارسااڵ جارێکدا ئەو دێتەوە بەردەستی ئێمە، ئەوە بۆ ئەوەیە کە خەڵک ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئەوە هەوڵێکە بۆئەوەی کە خەڵک تێبگات کە لە سیستمی دیموکراتیدا مەحاڵ وجودی نییەو بەکردەوە دەتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر سیماو ماهیەتی دەسەڵاتی وڵاتەکەی بدات.

بیرمان لە بەدیل نەدەکردەوە، چونکە لە سەرەتاوە مەبەستەکەمان ڕوون بوو، مەبەستمان نەبووە ببین بە بزووتنەوەیەکی سیاسی

لەسەرتان؟

* مەسەلەی مەترسیی لە سەرەتاوە هەر هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا مەترسییەکە زۆر زیادیکردووەو گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک.

ڕۆژنامەی ئەهلیی ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر دەسەڵات، هەر ئەمەش وایکردووە کە ڕۆژانە گوێمان لەوە دەبێت، کە دەڵێن ئازادیی لە سنوور دەرچووە، ئەم قسانە زۆر بێمانان، لە ڕاستیدا ئێمە دەسەڵاتمان هەر نەبوو، لەدوای ڕاپەڕینەوە تا کۆژاندنەوەی شەڕی ناوخۆ دەسەڵاتمان نەبووە، بەڵام لەدوای ئەوەوە وردە وردە دەسەڵات بەرەو جێگیربوون ڕۆیشتووە، ئێستا کە دەسەڵات بەرەو جێگیریی دەڕوات، مەترسییەکە لێرەدایە، ئێمە لەم قۆناغەداسیمای دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەمان دەستنیشاندەکەین، ئینجا یان ئەوەتا دەسەڵات بەلای کرانەوەو دیموکراسیدا دەڕوات و دەعمی ئەو پەراوێزە ئازادییە دەکەین، کە بە دڵی ئەوانە دەبێت کە دەیانەوێت کرانەوە ڕووبدات، کە خەڵکی ئازادیخوازو هەندێک لەوانەش کە ڕەنگە لە حیزبەکاندا هەبن، یان ئەوەتا بەلای سیستمێکی خراپی وەک وڵاتانی عەرەبیدا دەڕوات، کە لەسەرەوە دەڵێن دیموکراسی هەیەو لە ناویشەوە هیچ لە گۆڕێدا نییە.

بە بۆچوونی من ئەم چەند ساڵەی داهاتوو ململانێی دوو بەرە دەبێت، بەرەیەک بەرگریی لە کۆنەپارێزیو کەمبوونەوەی مەودای بیروڕای ئازاد دەکات، بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەردەوام بێت، بەرەیەکیش دەیەوێت ئازادیی زیاترمان هەبێتو بەرگریی لەو پەراوێزی ئازادییە بکات.

ڕۆژنامە: دەتوانن بڵێن ئەو گروپەی ناوی ئۆپۆزسیۆنیان لەخۆیان ناوە منەتبار یان قەرزداری ڕۆژنامەگەریی ئەهلیین؟

* ناڵێین منەتبار یان قەرزدار، بەڵکو ڕۆژنامەگەریی ئەهلیی ڕێخۆشکەر بووە، هەر گروپێک لە کۆمەڵگەشدا ڕۆڵی خۆی کەلار، ئەگەر بتەوێت باسی ئەهلییەکان بکەیت، لەناو (٨٠٠) کەناڵدا لە پەنجەی دوو دەست تێناپەڕن.

ئەو نیسبەتە کەمەی لێ دەرکە، هەمووی باسی باشییەکان دەکات، لەبەرامبەر ئەم هەموو پیاهەڵدانەدا دەبێت ڕێگە بدەیت کە خەڵک ڕەخنەکانی خۆی لای تۆوە ئاراستە بکات، ئەمە واقیعە، کە بەسەریدا سەپاندووین.

شتێک هەیە کە ئەوان جیای ناکەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەواڵ ئەوە نییە هەموو شتێک وەک خۆیو لە جێگەی خۆی بێت، بەڵکو هەواڵ ئەوەیە کە شتێک لەجێی خۆی نییە، دەبێت ئێمە بگەڕێین بۆئەوەی بزانین لە وێدا ڕووداو هەیە یان کێشەیەک هەیە، ئەوەش تەنیا ڕۆژنامەنووس دەیکات، دەبێت ئەوە ئیشەکەی بێت، بەڵام وەک بۆچوون، ئەوە شتێکی دیکەیەو خەڵک خۆی بڕیاری لێدەدات.

ڕۆژنامە: ئێوە پێشتر بیرتان لەوە کردووەتەوە کە بەهۆی ڕەخنەکانی ئێوەوە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن سەرهەڵبدات؟

* بەدڵنیاییەوە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ئەو بارودۆخە نەمێنێتو هەموو شتێک بە ڕێکەوتنی سیاسیی نەبێت، ئەگەر بیر لەوە نەکەیتەوە، گۆڕان دروستنابێت، بەڵام شتێک لە خەیاڵماندا نەبووە، ئەگەر هێزێک دروستببێت ئێمە پشتگیریی بکەین، یان بچینە پاڵی، ئێمە ئیشمان ئەوە نەبووەو ئیشیشمان ئەوە نییە لە ڕاستیدا.

ئەوە یاسای ژیانە هەموو قەیرانێک ئۆپۆزسیۆنی خۆی دروستدەکات، جا لەسەر بنچینەی تاک یان گروپ بێت، خۆ پێش (٧/٢٥) ئۆپۆزسیۆن هەبوون، بەڵام لەوانەیە ئۆپۆزسیۆنێکی شەرمن بووبن، کەمتر ویستبێتیان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، بەڵام هەرکەسێک ئەزموونی وڵاتانی لەبەرچاوبێت، شتێکی چاوەڕێکراوە ئۆپۆزسیۆن دروستببێت.

ڕۆژنامە: پێشتر ئێوە تووشی مەترسیی بوونەتەوە لەسەر بۆچوونەکانتان، بەڵام هەر بەردەوام بوون، ئەوە کاریگەریی هەبووە

ئێستا مەترسییەکە زۆر زیادیکردووەو گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک

هەرێمی کوردستان، دەبێتە پێگەی کۆمپانیا جیهانییەکان

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

هەرێمی کوردستان، بووەتە پێگەی کۆمپانیا بیانییەکان کە کالاکانیان بە کوالێتی بەرزو نزمەوە لە هەرێمدا ساغدەکەنەوە، بەبێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەم بەرەوپێشچوونە ئابووریە وەک کارتێکی فشار بەکاربهێنێت.

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، ئاشکرای کرد: (١٢٠٠)کۆمپانیای بیانیی، سەرمایەکانیان بە هەماهەنگیی لەگەڵ بازرگانو خاوەنکارو سەرمایەدارانی هەرێم خستووەتەگەڕ، هەروەک کۆمپانیاش هەیە بەتەنیاو بەبێ بەشداربوون لەگەڵ هیچ لایەکدا لەناو هەرێمدا کاردەکات.

عەزیز، ئەم بەشداریەی کۆمپانیا بیانییەکانی بە نیشانەی پێشکەوتنی کەرتی ئابووریو وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ناوبردووە.

ئەم بەرەوپێشچوونەی کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ دەکەن، هاوکاتە لەگەڵ کردنەوەی دەیان پێشەنگای نێودەوڵەتیو کۆنفرانسی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان کە تازەترینیان کۆنفرانسێکی نەوتو گاز بوو بۆ ژمارەیەک کۆمپانیای هۆڵەندیو ئەڵمانی کە ناوەڕاستی ئەم مانگە لە هەولێر سازکرا.

لای خۆشیانەوە، هەردوو ژووری بازرگانیو پیشەسازیی سلێمانیو لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر، بۆ ڕۆژنامەیان تەئکید کردووەتەوە کە بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە تا مانگی ئایاری ئەمساڵ کراون، بڕیارە (٣)پێشانگا لە سلێمانیو (١٣)پێشەنگا لە هەولێر بکرێنەوە، جگە لەوەی کە لە ساڵی ڕابردووشدا، (٢٧)پێشانگای نێودەوڵەتیی لە هەولێر کراونەتەوە.

بەشێکی زۆری ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو وڵاتی



یەکێک لە پرۆژەکانی کۆمپانیا ئێرانییەکان لە هەرێم

دراوسێ، ئێرانو تورکیادان، بەڵام ئەو دوو وڵاتە بەردەوام تۆپبارانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەبێ ئەوەی حکومەتی هەرێم، ئابووریی وەک کارتێکی فشار لە دژیان بەکاربهێنێت بۆ ڕاگرتنی ئەو تۆپبارانانە.

یوسف محەمەد، مامۆستای پسپۆڕی زانستی سیاسی لە زانکۆی سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی لەنێوان هەرێمو ئەو دوو وڵاتەدا هەیە، پرۆژەی کورتمەودایەو حکومەتی هەرێم ناتوانێت وەک کارتی فشار بەکاری بهێنێت.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، بۆ ڕۆژنامە وتی: «تەنیا تورکیا لە کەرتی نەوتدا هەندێک بەشداریی ستراتیژیی هەیە لە بواری ئابووریی هەرێمدا، هەر لەبەرئەوەشە نێوانی تورکیا خۆشترە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێران پرۆژەی ستراتیژیی ئابووریی لە هەرێمی کوردستاندا بنیات نەناوە».

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوەو لەسەرەتادا تەنیا کۆمپانیا ئێرانیو تورکییەکان دەهاتنە هەرێمی کوردستانەوەو وەبەرهێنانیان دەکرد، بەجۆرێک دەوترا «ئەمریکا لەبەر کۆمپانیا ئێرانییەکان عێراقی ڕزگارکردووە»، بەڵام لە ئێستادا کۆمپانیا ئەوروپیو ئەمریکیو عەرەبییەکانیش ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەم ڕووەشەوەو لە هەفتەی پێشوودا، (١٨)کۆمپانیای هۆڵەندیو ئەڵمانی ئامادەی کۆنفرانسی تایبەت بە کەرتی نەوتی عێراق بوون کە لە هەولێر ڕێکخراو لە ئێستاشدا نزیکەی (٣٠٠)کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن کە سەرمایەکانیان چەندین ملیار دۆلارە.

سەلاح خدر، کونسوڵی فەخریی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان، لەبارەی ئەو کۆنفرانسەوە کە بۆ کەرتی نەوتی عێراق ڕێکخرابوو، وتی: «ماوەیەک سەرقاڵبووین بە مەسەلەی نەوتو گازو سازکردنی کۆنفرانسێک بۆ کۆمپانیا هۆڵەندییەکانی ئەو بواڕە لە شاری هەولێر، ئەمڕۆش کۆنفرانسەکە بە بەشداریی (١٤)کۆمپانیای هۆڵەندیو (٤)کۆمپانیای ئەڵمانیی بواری نەوتو گازو ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی عێراقو هەرێم بەڕێوەچوو».

چاودێرانی ئابووریی، ڕەخنەی ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن کە دەرگای بۆ هەموو کۆمپانیایەکی بیانیی والاکردووە کە بێت لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکات، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت لە کوالێتی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایەو سەنگو نێوبانگی ئەو کۆمپانیایە لە بازارەکانی جیهانو وڵاتەکەیدا، بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە حکومەتی هەرێم گرێبەستی نەوتی لەگەڵ ئیمزاکردووون.

لەم ڕووەوە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی

حکومەتی هەرێم دەرگای بۆ هەموو کۆمپانیایەک والاکردووە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت لە کوالێتی بەرهەمەکانی

هەرێمی کوردستان، ڕۆژی(٦/٨) لە پەرلەمانی ئەڵمانیادا بارودۆخی ئابووریو سیاسیی عێراقو هەرێمی کوردستانی تاوتوێکردووەو ڕایگەیاندووە، کە دەرگاکانی کوردستان لەبەردەم خاوەنکارانی ئەڵمانیادا کراوەن تا بتوانن لە پێشخستنی هەرێمدا بەشداربن.

ئەم لێدوانەی بارزانیش دوای ئەوە دێت کە ئەڵمانیاش وەک وڵاتانی تر چاوی لە عێراقو هەرێمی کوردستان بڕیوەو بەو هۆیەشەوە (٢٦)ی مانگی ڕابردوو، کارل تێرنست بڕاونەڕی جێگری وەزیری بازرگانی دەرەکی ئەڵمانیا، نووسینگەی پەیوەندییە بازرگانیو پیشەسازییەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

لە مەراسیمی کردنەوەی نووسینگەکەدا، بڕاونەر وتی: «کردنەوەی ئەم نووسینگەیە هەنگاوێکی تر بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووریو بازرگانیو پیشەسازییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هەروەک لە تێکڕای بوارەکانیشدا هاوکاری هەرێم دەبێت».

میکانیزمێکی نوێ بۆ دامەزراندن پەیڕەو دەکرێت

پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکە ژمارەیەکی زۆری خەڵک دامەزراون

راپۆرتی: سەنگەر جەمال



دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان چاوەڕێی دامەزراندن دەکەنو فەرمانگەکانیش پڕن لە فەرمانبەر

حکومەتی هەرێم میکانیزمی نوێی دامەزراندنی فەرمانبەران پەیڕەودەکات، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو میکانیزمە ڕێژەیەکی زۆر لەو (١٠) هەزار کەسە دامەزرێنراون کە لە بودجەی ئەمساڵدا بڕیاری لەسەر دراوە.

بەپێی سیستمە نوێیەکە، لە هەر وەزارەتێکدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی گشتیی پێکدەهێنرێتو ئەو پۆستو شوێنانەی ماونو فەرمانبەریان دەوێت، ڕایدەگەیەنن و پێوەریش لەلایەن لیژنەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە، کە ئەوانیش ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک خاڵە، وەک: ساڵی دەرچوون، بڕوانامەو شوێنی نیشتەجێبوون، کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان، یان ناوی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تۆمارکردبێت، هاوڵاتییانیش بەپێی پسپۆڕیی کارەکەیان داواکاریی پێشکەشدەکەن بۆ دامەزراندنیان لەو شوێنانە، دواتریش هەمووی بە خاڵ دەستنیشاندەکرێتو ناوەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی بڕیاری لێبدرێت.

د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەو شێوازە نوێیەی دامەزراندنی فەرمانبەران کردەوەو وتی: «دامەزراندن بەپێی ئەو ڕێژەیە دەبێت کە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا دەستنیشانکراوەو ڕێژەکەش بۆ وەزارەتەکان دیاریکراوە، کە نزیکەی (١٠) هەزار فەرمانبەرە، لە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بەباشی زانی ئەو ڕێژەیەی ماوەتەوەو دانەمەزرێنراون بە شێوازێکی شەفافترو بە میکانیزمێکی نوێتر دابمەزرێنرێن».

بەڵام بڕیاری گۆڕینی میکانیزمەکە لەکاتێکدایە، کە ڕێژەیەکی زۆری فەرمانبەران لەدوای پەسەندکردنی بودجەوە دامەزرێنراونو وەزارەتی ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوان، کە وتەبێژەکەی حکومەت وەزیرەتی لەو (٢٥٠) میلاکەی بۆی دانرابوو، میلاکی نەماوەو هەمووی دامەزراندووە.

پەرلەمانتارێکیش لە پەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژەی بەوەکرد لەماوەی ڕابردووداو بەبێ بڵاوکردنەوەی پۆستو میلاکاتو ڕەچاوکردنی ئەو میکانیزمە نوێیە بەشێکی زۆری وەزارەتەکان ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان دامەزراندووە.

لەوبارەیەشەوە د.کاوە وتی: «ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ بڕیاردانی بودجە لەلایەن پەرلەمانو بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو داواکارییانەی لەلایەن هاوڵاتییانەوە پێشکەشکراوە بۆ دامەزراندن، لەساڵی (٢٠٠٩)وە دەستی کرد بە دامەزراندنو یەکلاییکردنەوەی ئەو داواکارییانە لەسەر ڕۆشنایی بەشی ئەو وەزارەتانەی بۆیان تەرخانکرابوو، بەڵام لەدوای بڕیارەکەوە کار بەم میکانیزمە دەکرێتو لەمەودوا بۆ ساڵانی دواتریش بەوشێوەیە فەرمانبەر دادەمەزرێت، چونکە ئێستا بەشێکی وەزارەتەکان میلاکیان ماوە».

د. کاوە، ئەو میکانیزمە نوێیە بە گرنگ دەزانێتو پێیوایە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، بەوپێیەی وەک ئەو دەڵێت: ڕێدەگرێت لە واسیتەکارییو دەستێوەردانی حیزبییو گلەیی هاوڵاتییان کەمدەکات.

بەڵام پەرلەمانتارەکەی کوردستان بێئومێدیی خۆی لە جێبەجێکردنو پابەندبوونی حکومەت دەربڕی بەو بڕیارەی خۆیەوە، وتیشی: «زۆربەی کارەکانی حکومەت دامەزراوەییو بە پلانو بەرنامە نینو شتەکانی زیاتر فەردین، جگە لەوەی حکومەت کاریگەری دەرەوەی لەسەرە، لەبەرئەوە ڕەنگە ماوەیەکی دی بڕیارەکە بەسەربچێتو تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ ئەو بڕیارەش جێبەجێنەکرێت».

دامەزراندنی ئەو ڕێژە دیاریکراوە لە فەرمانبەران، لەکاتێکدایە داوکارییەکی زیاتر پێشکەشی وەزارەتەکانی حکومەت کراوە، هەروەک د.کاوە دەڵێت: کاری حکومەت بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتییەو داواکاریی خەڵکو پێداویستی وەزارەتەکانیش زیاترە، بەڵام بەپێی یاسا دەتوانن ئەو ڕێژەیە دابمەزرێنن، کە پەرلەمان تەرخانیکردووەو لە بودجەدا دەنگو بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە «ڕێژەی فەرمانبەران بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی زۆرەو پشکی شێری بودجە دەبات، کە (٦٥٪)ە».

وەرگرتنەوەی گەنم کێشەی تێدەکەوێت

پلەکان دابەزیون... گەنمی کەرکوک لە قەزای رانیە وەردەگیرێتەوە



خەرواریک گەنم لەکاتی نموونە لێوەرگرتندا

فۆتۆ: رۆژنامە

شاسوار مامە- رانیە

جوتیاران نیگەرانن لە شێوازی وەرگرتنی گەنمەکانیان لە بنکەی گردجان کە بەرهەمی جوتیارانی رانیەو پشدەرو دوکان، لەو بنکەیە وەردەگیرێت.

سەرەڕای قەرەباڵغییەکی زۆر، جوتیاران باس لەوەش دەکەن: سااڵنی پێشوو بە (٣)پلە گەنمیان لێوەرگیراوە، بەاڵم ئەمساڵ تەنیا بە پلەی یەکو دوو وەردەگیرێتو ئەوی دیکە ڕەتدەکرێتەوە.

حەسەن مەحمود، یەکێکە لە جوتیارەکانو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەند ڕۆژێکە چاوەڕوانە کە گەنمەکەی لێوەربگیرێت، بەاڵم زۆر بە هێواشی کارەکان بەڕێوەدەچن، وتیشی: گەنمێکی زۆر ڕەتدەکرێتەوەو پێشتر بە (٣)پلە گەنم وەردەگیرا، بەاڵم ئێستا تەنیا بە (٢)پلە وەردەگیرێتو ئەوی دیکە ڕەتدەکرێتەوە، ئاماژەی بەوەشدا، لێرە دەبێت تەنیا گەنمی (٣)قەزا (رانیە، پشدەر، دوکان) وەربگیرێت، بەاڵم لە کەرکوکەوە (١٢٠)تەن گەنم هێنراوە کە گەنمی ساڵی ڕابردوو بووەو بەهۆی واسیتەوە وەرگیراوە.

ساڵی ڕابـردوو لە کاتی وەرزی چنینەوەی بەروبوومەکانی گەنمو جۆدا، حکومەتی هەرێم بۆ هەر تەنێک، (١٠٠٠کیلۆ) گەنم بڕی (٨٥٠)هەزار دیناری عێراقی داوە بە جوتیاران، بەپێچەوانەوە ئەمساڵ بۆ گەنمی پلە یەک، تەنیا (٦٥٠)هـەزار دینار دەدات بە جوتیاران.

عەبدوڵاڵ پیرۆتی جوتیار، نیگەرانیی نیشانداو وتی: «هەندێک جوتیار هەیە کە گەنمەکەی حکومەت وەرێناگرێتو لە بـازاڕ دەیفرۆشێت، بـەاڵم ئەو کەسەی دەیکرێتەوە، دەیهێنێت لە بنکەی وەرگرتن لێی وەردەگیرێت، ئەگەر وابڕوات، ساڵی ئایندە گەنم ناچێنم».

لەوبارەیەوە محەمەد حاجی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی رانیە، هۆکاری سست بەڕێوەچوونی کارەکانی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی پێویستییەکانو وتی: «نەبوونی سایلۆو قەپانو ئامێری تایبەت بە پشکنینی گەنم، گرفتی سەرەکیمانن کە دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانین لەماوەی دیاریکراودا گەنمی هەر سێ قەزاکە وەربگرین».

سەبارەت بە وەرنەگرتنی گەنمی پلە سێ، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی رانیە وتی: «ئەمساڵ بەهۆی بارانی ناوەختەوە، زیانی زۆر بەر گەنمی جوتیاران کەوتووە، ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری گەنم ڕەتبکرێتەوەو تەنیا پلەی یەکەمو دووەم وەربگیرێن».

لـە میانەی بـەسـەرکـردنـەوەی جوتیارانو ئاگاداربوون لە گرفتەکانیاندا، پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کەمکردنەوەی نرخی ئەو گەنمەی لە هاوڵاتیان وەردەگیرێتو وەرنەگرتنی پلە سێی گەنم، وایکردووە کە جوتیاران لە کشتوکاڵ ساردببنەوە.

وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە، یاداشتێک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم».

لە (٢٠١٠/٦/٨)دا دەستکراوە بە وەرگرتنی گەنم لە سنووری بتوێنو پشدەرو دوکانو وا بڕیارە (٢)مانگ بخایەنێتو ڕۆژانە (٣٠٠-٣٥٠) تەن گەنم وەردەگیرێت لە جوتیاران کە بۆ پلەی یەکەم، بۆ هەرتەنێک بڕی (٦٥٠)هەزار دینارو بۆ پلەی دووەم (٥٥٠)هەزار دینار دەدرێت بە جوتیاران.

ئەوەی بە گرفتی سەرەکیی جوتیاران دادەنرێت، نەبوونی (سایلۆو قەپانو ئامێری تایبەت بە پشکنینی گەنم)ن، کە بوونەتە هۆی ئـەوەی کە نەتوانرێت لەماوەی دیاریکراودا تەواوی گەنمی جوتیارانی ئەو (٣)قەزایە وەربگیرێت لەلایەن حکومەتەوە.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی رانیە: ناتوانین لەماوەی دیاریکراودا گەنمی هەر سێ قەزاکە وەربگرین

چاکسازییە ئابوورییەکان هەژاریی بەرهەمدەهێنن

رۆژنامە

بریکاری وەزارەتـی پلاندانانی عێراق، ئاشکرای کرد کە ئەو کۆمەڵە چاکسازییەی حکومەتە یەک لـەدوای یەکەکانی بەغدا ئەنجامیاداوە، هەندێک ئەنجامی پۆزەتیڤی هەبووە، بەاڵم هاوکات، زیانی بە هەژاران گەیاندووە.

د. مەهدی عەاڵق کە دەزگای ناوەندیی ئامارو تەکنەاڵژیای زانیاری بەڕێوەدەبات، ئـەوەی خستەڕوو، کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی دوای ساڵی(٢٠٠٣)، چەند چاکسازییەکی ئابووریان ئەنجامداوە، بەمەبەستی پاراستنی سەقامگیریی بەهای دراو و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی خواستو خستنەڕوو لەلایەن بانکی ناوەندییەوەو ئەو چاکسازییە ئابووریانەش سەرکەوتوو بوون لە چارەسەرکردنی ئەو شێوانەی لە سیستمی نرخدا هەبووەو ڕۆڵی دەوڵەتیان لە چاالکیی ئابووریدا کەمکردووەتەوەو هەیکەلی خەرجیی گشتییان لە بەرژەوەندیی خەرجیی وەبەرهێنان ڕێکخستووەتەوە.

عەاڵق، بۆ دەنگەکانی عێراق، وتیشی: «ئـەو چاکسازییانە، ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی خاوەندارێتیی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتیی بۆ کەرتی تایبەت، ئەمە جگە لە گەشەپێدانی میکانیزمی کـاری دەزگـا بانکییەکانو کاراکردنیان لە پێدانی قەرزو خوڵقاندنی دڵنیایی».

سەرباری ئەو لایەنە پۆزەتیڤانە، عەاڵق ئاماژەی بـەوەشـدا، کە چاکسازییەکان «کاریگەریی خراپیان لەسەر چینی هەژار بەجێهێشتووەو تێکڕای خەرجیی مانگانەی خێزانیان بـۆ نیشتەجێبوونو ئـاو و سووتەمەنی بەرزکردووەتەوە لە (١٣٪)ەوە بۆ (٢٩٪) لە ساڵانی(١٩٩٣)وە بۆ (٢٠٠٧)، ئەمەش لە ئەنجامی کەمبوونەوەی پاڵپشتیی حکومەت لە نرخی بەرهەمە نەوتییەکان».

بریکاری وەزارەتی پلاندانان، ئەوەشی ڕاگـەیـانـد، کـە بـەرزبـوونـەوەی نرخی سووتەمەنی «بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی خەرجیی مانگانەی هاتوچۆی خێزان بۆ دوو ئەوەندە، بەشێوەیەک ئەو خەرجییە لە (١٩٩٣)دا، (٥٪) بـووەو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، گەیشتووەتە (١٠٪)»، وتیشی: «پێویستە حکومەت چەند ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ژیانی هەژاران، هاوکات سیستمی تۆڕی پاراستنی کۆمەاڵیەتی کە لە ساڵی (٢٠٠٦) هوە لەکاردایە، نوێ بکاتەوە».

چاکسازییە ئابوورییەکان تێکڕای خەرجیی مانگانەی خێزانیان بۆ نیشتەجێبوونو ئاو و سووتەمەنی بەرزکردووەتەوە

کۆنترۆڵی جۆرییش چاالکە

خۆراکی بەسەرچوو بە ئاشکرا هاوردە دەکرێت

ئەحمەدباڵەکی: چۆمان

لـەمـاوەی پێنج مانگی ڕابـردوودا یەکەی نموونەیی خـۆراک لە مەرزی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران توانیویەتی دەست بەسەر زیاتر لە (٧٤) تەن خۆراکی ماوەبەسەرچوودا بگرێت.

ڕۆژانـە چەندین تـەن کەلوپەلی خۆراکیو ناخۆراکی لە خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەرانەوە هـاوردەی هەرێم دەکرێن، بەشێک لەو کەلوپەلانە هیچ بەروارێکی دروستکردنو بەسەرچوونی پێوە نییە، یان لەگەڵ ستانداردی عێراقی ناگونجێن، بۆیە لەم ماوەیەدا لە خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەراندا، واتە لە ماوی پێنج مانگی ڕابردوودا لەم سنوورە زیاتر لە (٧٤) تەن کەلوپەلی خۆراکیی و ناخۆراکیی دەستیان بەسەردا گیراوەو لەناوبراون، یان ڕەوانەی ئێران کراونەتەوە.

یەکەی کۆنترۆڵی جۆریی، پێشتر لە سنووری خاڵی حاجی ئۆمەران سەر بە وەزارەتـی پلاندانان بوو، بەاڵم بە بڕیارێک لە کۆنفرانسێکی گـەورەی هەرسێ وەزیری پلاندانانو تەندروستیو کشتوکاڵ ئەمجۆرە پشکنینانە لەو مەرزە هەمووی خراونەتە سـەر وەزارەتـی تەندروستی.

د.ئیسماعیل یوسف، بەڕێوەبەری تەندروستی چۆمان، ئـاماژەی بەوە کـرد: یـەکـەی نموونەیی خـۆراک لە خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران سەر بە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چۆمان بۆ سەاڵمەتی هاوڵاتییان دامـەزراوەو بۆ دڵنیابوون لە کوالێتی ئەو کەلوپەلە خۆراکیانەی کە لە ئێرانەوە هـاوردە دەکرێن بۆ هەرێمی کوردستان.

د.ئیسماعیل وتیشی: «یەکەی کۆنترۆڵی جۆریی لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا توانیویەتی دەست بەسەر (٧٤) تەنو (٢٢٠) کیلۆگرام کەلوپەلی بەسەرچوودا بگرێتو بیگەڕێنێتەوە بۆ ئێران، ئەم کەلوپەلانەش: (٢٩) تەنو (٦٠) کیلۆگرام دەرمانی مرۆیی، (١) تەنو (٢٠٠) کیلۆگرام جبس، (٢٣) تەنو (٣٠٠) کیلۆغرام فاستو زاهی، (٢٠) تەن بنێشتو (١٩) کارتۆن کێکی مۆتە بوون، نەگونجاوبوون لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی».

هـەر لـەمـاوەی ئـەم پێنج مانگەی ڕابردوودا لە سنووری سۆران، لیژنەی ئابووریی سۆران دەستی بەسەر زیاتر لە چوار تەن کەلوپەلی خۆراکیی و ناخۆراکیدا گرتووەو کەلوپەلەکانیش بریتیبوون لە مریشکو جەرگی بەرازیلیو پیپسیو کێکو شیرنەمەنی.



هێشتا بازاڕەکان پڕن لە خۆراکی کوالێتی نزم

ـــــەجدا دەکرێن

ئێران لە هەموو بوارێکدا وەبەرهێنانی کردووە

بەپێی گێڕانەوەی حاجییان، ولاتی ئێران بەشێوەیەکی زۆر داموودەزگایی‌و ڕێکوپێک بواری حەجی ڕێکخستووە، کە لە ڕووی ئابووریيەوە قازانجی بۆ خۆی هەیە، وەک کرێنی چەند هۆتێلێک لە سعودیە بۆ حەوانەوەی حاجییانی خۆی، جگە لە کرێنی فڕۆکەو پاس بۆ چوون‌و هاتنی حاجییەکانی، کە دواجار هەموو خەرجییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران خۆی.

حاجییەکانی هەرێم لە هەموو باس‌و خواسێکیاندا نموونە بە ولاتـی ئێران دەهێننەوە، بۆ ڕێکوپێکیی لە ئیدارەکردنی پرۆسەکەدا.

خراپیی بارودۆخی حاجییانی هەرێم

حاجی عارف دەڵێت: «لە سەفەرەکەمدا بۆ حەج سەردانی ناسیاوێکی خۆم کرد، کە لە ولاتی ئێرانەوە هاتبوو بۆ حەجکردن».

ئەو حاجییە دەڵێت: «بارودۆخی ئەوم بینی ئەوجا زانیم کە ئێمەی حاجییانی هەرێم لە چ بارودۆخێکی نەگونجاوداین، ئەو جێگایەی ئەوی لێبوو زۆر زۆر جیاواز بوو لەو جێگا ناخۆشەی ئێمەی لێبووین».

بەپێی گێڕانەوەی حاجییان: «حاجیی هەرێم لە خزمەتگوزاریی باش بەهرەمەند نییە»، بۆ نموونە «شوێنی حەوانەوەی حاجییانی هەرێم ناخۆش نەگونجاوە، هەر ژووڕێک چەندین حاجی تێدەکرێت‌و بە پەردە نێوانی حاجییانی ژن‌و پیاو جیاکراوەتەوە لە هەندێک لە ژووڕەکاندا، جگە لە قەرەبالغیی ژووری حاجییانی هەرێم، شوێنەکانیشیان دوورە لە حەرەمەوە».

وتەبێژەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت: ئەوە ڕاستە کە هەر کۆمەڵێک لە حاجیان دەخرێنە ژووڕێکـەوە، بـەڵام ئـەوە بۆ ئاسانکاریی کارە ئیدارییەکانە، ناوبراو هـاوڕابـوو لەگەڵ ئـەوەدا کە حاجییانی هەرێم لە گوزەرانێکی زۆر بـەرزدا نین، بەڵام ڕای وابوو، کە «ئەگەر کەسێک بچێت بۆ ئەنجامدانی حەج بیر لە خۆشگوزەرانی ناکاتەوە».

مەریوان، وتی: حاجیان لە مەککە لە ڕووی ئیدارییەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە (زۆرباش، مامناوەندو خراپ) حاجی کورد لەسەروو مامناوەندەوەیە، بـەڵام نالێم زۆرباشە.

ئایا ئەو پارەیەی حاجی کورد دەیدات بایی ئەوەنییە کە لە شوێنێکی زۆرباش دابنرێن؟ مەریوان نەقشەبەندی، وتی: من ناتوانم ئـەوە حساب بکەم ئایا ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی حاجی کورد دەکرێت بایی پارەکەیەتی یان نا ئەوە پێویستی بە کەسی پسپۆرە.

ڕێبەرەکان‌و حاجییان نەبوونی متمانە

ئەوەی لە وتەو گێڕانەوەی حاجیانەوە بۆت ڕوونەدەبێتەوە، ئەوەیە کە حاجییان زۆرکات متمانەیان بە ڕێبەرەکانیان نییە، لەکاتێکدا کاروبارو خەرجییەکانیان لە ڕێی ئەم ڕێبەرانەوە جێبەجێدەکرێت.

یەکێک لەو حاجییانەی لەگەڵ ڕێبەرەکەی تووشی کێشە بووە، دەڵێت: «ڕێبەرەکەمان بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا پارەمان لێبکێشێتەوە، هەر لە بابەتی «حەجکرین»ەوە تا دەگاتە غەرامەدان، لە هەموو ئەوشتانەدا پارەی زیادی لێدەسەندین».

ئەو حاجییە دەڵێت: «زۆرێک لە حاجییان لە ترسی بەتاڵبوونەوەی حەجەکانیان بێدەنگن لە هەر کەموکوڕییەو گومانێک کە لە ڕێبەرەکانیانەوە دەربکەوێت».

ئەو حاجییە نموونەیەک دێنێتەوەو دەڵێت: «لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان، ڕێبەرەکەمان پێیوتین: دەبێت غەرامەی ئەو حمولەیەی کە پێمانە، بدەین بە فڕۆکەخانە، بۆ ئەم مەبەستە هەریەکە دووسەد دۆلاری لێسەندین، کە ژمارەمان نزیکەی (٨) کەسێک دەبوو، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو لەبری هەموو غەرامەکەی ئێمە، تەنیا (٢٠٠) دۆلاری داوە بە فڕۆکەخانە».

ئەو حاجیە وتیشی: «من لەسەر ئەم شتانە قسەم دەکرد، بەڵام هاوڕێکانم دەیانوت قسە مەکەو دڵی ڕێبەرەکە مەڕەنجێنە، چونکە حەجەکەت بەتاڵدەبێتەوە».

یەک پارەو خزمەتگوزاریی جیاواز

لەگەڵ ئەوەی حەج شوێنی ڕووتبوونەوەی ئینسانەکانە لە پلەو ئیمتیازات و جیاوازیی، بەلام لە هەندێک لە سەفەرەکانی حەجدا، جیاوازی لەنێوان بەرپرس‌و کەسانی دیکەدا کراوە، بەرپرس‌و پلە تایبەتەکان لە شوێن‌و جێگەی تایبەتی‌و زۆرباشتر لە حاجییانی دیکە دەمێننەوە. ئەم خزمەتگوزاریيە تایبەتەو ئەم جیاوازییە لەکاتێکدایە، کە هەموو حاجییان هەر «هەمان» پارەیان داوە.

بەلام وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت: ئەوکەسانەی شوێنی تایبەتیان هەبێت، دەبێت پارەی زیاتر بدەن و پارەکەیان وەک ئەوانی تر نییە.

ناوبراو ئاماژەی بە بڕیارێکی ئەمسالّی وەزارەتـەکـەی دا، کە سەفەری تایبەتی نزیکەی دووسەد کەسیان ڕەتکردووەتەوە کە بەغدا بەنیازبووە لەڕێی کوردستانەوە بیانبڕێت‌و ئەو بڕیارەی بە «جێبەجێکردنی عەدالەت»وەسفکرد.

حەج کرین

حەجکرین بابەتێکی فیقهییە، بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەیەکی خراپ ئیستیغلال کراوە بۆ کێشانەوەی پـارە. بێئەوەی مورشیدو ڕێبەرەکان هیچ هۆشیارییەک بدەنە ئەو حاجییانەی کە دەکەونە ناو ئەم قۆڵبڕینەوە.

بەپێی سەرنج‌و لێکدانەوەی هەندێک لە حاجییان جاری وابووە ڕێبەرو مورشیدەکان بوونەتە شەریکی ئەو قۆڵبڕینە. یان لانیکەم بێدەنگ بوون لێی.

حەج دەکردرێت، بەڵام بە پارەیەکی زۆر، لە (٥٠٠) دۆلارەوە تادەگاتە (١٠٠٠) دۆلار، کە زۆرجاریش جگە لە پارەکێشانەوە شتێکی دیکە نییە، چونکە فرت‌و فێڵی تێکەوتووە، ئەو کەسانەی پارە وەردەگرن، بەو نیازەی حەج بۆ کەسێکی تر بکەن، زۆرکات حەجەکە ناکەن، چونکە لە یەککاتدا پارەی حەجکردن لەچەند کەسێک وەردەگرن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا پارەکە دەبـەن‌و دەڕۆن، چونکە ناکرێت کەسێک لە یەککاتدا حەج بۆ دوو سێ کەس بکات.

بەپێی «فیقهـ»ی ئیسلام کەسێک دەتوانێت لەبری کەسێکی تر کە مردووە یان حەجی لەسەرەو ناتواتێت بیکات، حەج ئەنجام بدات.

مەریوان نەقشەبەندی، وتی: «ئێمە تەنیا بڕی ١٠٠٠دۆلار دەدەین بە هەر حەملەدارێک کە تەنیا بەشی خەرجییەکانی دەکات، کەچی سالانە بوون بە حەملەدار داواکاری زۆری لەسەرە، ئەمەش گومانی لادروستکردین».

مەریوان لە درێـژەدا دەڵێت: «ئاکامی گومانەکانمان گەیشتە ئەوەی کە هەندێک لەو حەملەدارانە بازرگانی بە سەفەرەکەوە دەکەن لە ڕێگەی «حج البدل»ەوە».

(حج البدل) لە فیقهی ئیسلامیدا هەیەو ئەوەیە کە کەسێک لەبری کەسێکی تر حەج بکات. بەڵام بەپێی ئەو گێڕانەوانەی لەسەر جێبەجێکردنی «حج البدل»یان «حەجکرین» هەیە ئەو بابەتە پێویستی بە پشکنین و چاکسازیی‌و ریفۆرمی شەرعیی هەیە تا لە ئیستیغلال‌و بازرگانیکردن دەربازبکرێت.

وەک حاجیان دەیگێڕنەوەو وتەبێژەکەی وەزارەتـی ئەوقافیش دەڵـێـت: «ئێستا ئـەو پرۆسەیە گـەورەتـریـن بازرگانی پێوەدەکرێت».

بەپێی گێڕانەوەکان «حەملەداری وا هەیە پارەی (٤٠٠) (حج البدل)ی لە خەڵک وەرگـرتـووە، کە نرخی هەر دانەیەک لە (٣٠٠-١٠٠٠) دۆلارە».

حـەجـکـردن یـەکـێـکـە لـە سـروتـە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام‌و سالانە لە شاری مەککە لەلایەن موسوڵمانانی جیهانەوە ئەنجامدەدرێت.

جیهان بە خەتەنەکردنی مێینەی زانی

«حکومەتی هەرێم خوازیارنەبووە خەتەنەکردنی مێینە قەدەغە بکات»

ڕاپۆرتی:
شارا عەبدولڕەحمان

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی داد دەبوو هەموو بنکەکانی پۆلیس پابەندبن بەوەی، کە ئەنجامدەری کردەوەی خەتەنەکردنی مێینە، دەستگیربکرێت‌و سزابدرێت، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە.

ڕۆژی (٦/١٦) لە هەولێر ڕێکخراوی (هیومان رایتس ووچ) لە ڕاپۆرتێکی نوێدا ئەوەی خستەڕوو، کە ژمارەیەکی بەرچاوی کچان‌و ژنان لە عێراق بەدەست شێواندنی ئەندامی زاوزێـی مێینەو کاریگەرییە وێرانکەرەکانی دواتریشییەوە دەناڵێنن، هەربۆیە ئەو ڕێکخراوە بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی زانـی، کە دەستبەجێ بکەوێتە خۆ بۆ قەدەغەکردنی دیاردەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینەو پلانێکی درێژخایەن بۆ ریشەکێشکردنی پێشبخات، کە تێیدا یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی بەڕێبخات.

لە ڕاپۆرتە (٧٣) لاپەڕەییەکەیدا کە بەناوی «بردیانم‌و هیچیان پێ نەوتم: شێواندنی ئەندامی زاوزێـی مێینە لە کوردستان» بـەڵاوبـووەوە، ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، دۆکیۆمێنتی ئەزموونەکانی ئەو کچ‌و ژنانەی کردووە، کە دووچاری شێواندنی ئەندامی زاوزێیان بوون، هاوکات وەسفی ئەو ئازارو ترسە دەکات کە کچان‌و ژنانی لاو لەکاتی بڕینی ئەندامی زاوزێیاندا تووشی دەبن.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت: «حکومەتی هەرێم خوازیارنەبووە شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە قەدەغە بکات، گەرچی ئامادەیی تێدایە بۆ چارەسەرکردنی شێوەکانی تری تووندوتیژیی جێندەریی، وەک تووندوتیژیی خێزانی‌و ئەوەی پێیدەوترێت کوشتن لەسەر شەرەف».

نادیە خەلیفە، توێژەری مافەکانی ژنان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەر بە هیومان رایتس ووچ، دەڵێت: «شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە مافەکانی ژنان‌و منداڵان پێشێلدەکات، لە مافیشیانەوە بۆ ژیان، تەندروستی‌و سەلامەتی جەستەییان، هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تۆکمە بکەوێتە خۆی‌و کاری جدیی بکات بۆ بنەبڕکردنی ئەم کـردەوە زیانبەخشە، چونکە خۆی لە خۆیەوە لەناو ناچێت».

دوو سـاڵ لـەمـەوبـەر لێژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی تووندوتیژیی خێزانیی ئامادەکرد، کە یەکێک لە مادەکانی بریتییە لە قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژە یاسایە نەکراوەتە یاسا.

پـەیـام ئـەحـمـەد، ئـەنـدامـی لێژنە پەرلەمانییەکە بـۆ ڕۆژنـامـە وتـی: «خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە کراوەو لە لێژنەکەشدا گفتوگۆی لەبارەوە کـراوە تەنیا ئـەوەی مـاوە کە پەسەند بکرێت».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامـە لـە نـاوچـەکـانـی گـەرمـیـان‌و پشدەر سالانە، وەرزی هاوین دەبێتە وەرزی خەتەنەکردنی هـەردوو ڕەگـەزی نێرو مێ، هەربۆیە پەیام بە باشی زانی کە پەرلەمان پێش دەستپێکردنی پشووی هاوینەی خۆی ئەو پرۆژەیاسایە بکاتە یاسا، تا سنووردێک بۆ تەشەنەسەندنی حاڵەتەکان دابنێت.

ئەو بەڵگانەی لەلایەن هیومان رایتس ووچ، کۆکراونەتەوە پیشانیدەدەن کە بەنیسبەتی زۆرێـک لە کچان‌و ژنانی کوردستانی عێراقەوە، شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە، شتێکی حەتمییە‌و هەندێجار لە تەمەنی (٣-١٢) ساڵیدا بۆیان دەکرێت، لە هەندێک حاڵەتدا کە هیومان رایتس ووچ، دۆکیۆمێنتی کردوون، فشاری کۆمەڵایەتی ژنانی بالغیشی ناچارکردووە، کە ئەنجامی بدەن، ئەمە جگەلەوەی هەندێجار ئەو کردەوەیە کراوە بە مەرجێکی پێشینە بۆ هاوسەرگیریکردن.

گوڵە، کە قوتابییەکی تەمەن (١٧) ساڵانەو خەڵکی گوندی پلێنگانە بە هیومان رایتس وۆچی وتووە: «لەبیرمە کە دایکمو براژنەکەی هەردووکمانیان برد، چوار کچی دیکەشی لێبوو، چووین بۆ سەرکەپکان‌و بردیانین بۆ گەرماوەکە، قاچەکانمانیان بە کراوەیی هێشتەوەو شتێکیان بـڕی، یـەک لـەدوای یەک وایان لێکردین بێ ئەوەی هیچ بەنجێک بەکاربهێنن، من دەترسام، بەڵام بەرگەی ئازارەکەم گرت، کاتێکیش عادە بووم، ئازارێکی زۆرم لەو شوێنە بڕدراوەوە پێگەیشت».

لە ڕاپۆرتەکەی هیومان رایتس ووچدا، هاتووە: «حکومەتی پێشووی هەرێم چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ چارەسەرکردنی کـردەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە، لەوانە: بڕیارێکی وەزارەتی داد، کە دەبـوو هەموو بنکەکانی پۆلیس پابەندبکات بـەوەوە، کە ئەنجامدەری کـردەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە دەستگیربکرێت‌و سزابدرێت، بەڵام بوونی ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی بەرفراوان زانراو نەبووە، هیومان رایتس ووچ، هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزییەوە کە ئەو بڕیارە وەگەڕخرابێت».

بەپێی دوو لێکۆڵینەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم، کە ساڵی ڕابـردوو لە قەزای چەمچەماڵ‌و لەسەر (٥٢١) خوێندکاری تەمەن نێوان (١١-٢٤ساڵ) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، کە (٤٠,٧٪)ی نموونەکە کردەوەکەیان لەگەڵ کراوە، بەشێوەیەک کە (٢٣٪)ی ئەوانە کچانی خوار تەمەنی (١٣) سالان‌و (٤٥٪)یـان (١٤) ساڵو بەرەوژوورن.

لـە (٢٠١٠)دا ڕێـکـخـراوی وادی ئەڵمانی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە لەماوەی نێوان ئەیلولی (٢٠٠٧و مایسی ٢٠٠٨)دا لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و ناوچەی گەرمیان/ کەرکوک، ئەنجامدراون تێیدا دیمانەی لەگەڵ (١,٤٠٨) ژن‌و کچ کـردووە، کە تەمەنیان (١٤) سـاڵو بـەرەوژوور بـووە، دەرکـەوت کـە (٧٢,٧٪)یـان کردەوەکەیان لەگەڵ کراوە. (٧٧,٩٪) لە سلێمانی‌و (٨١,٢٪) لە گەرمیان، هەروەها (٦٣٪) لە هەولێر.

فـەلاح مـورادخـان، بـەرپـرسـی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی ئـەوەی بۆ ڕۆژنـامـە خستەڕوو: «کـە بەنیازی دروستکردنی کۆمیتەیەکی سەربەخۆن بۆ ڕێگریکردن لە خەتەنەکردنی مێینە، کە تێیدا سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و ڕێکخراوی چالاکوان‌و پەرلەمانتاران پێکبهێنن، بەومەبەستەی ئیش لەسەر هەموو ئەو ڕاسپاردانە بکرێت، کە پێشتر لەسەر ئەو دیاردەیە بڵاوکراونەتەوە، چ هی وەزارەت‌و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بێت، یان ڕێکخراوە بیانییەکان، ئەمەش بۆ ڕێگرتنە لە زیادبوونی حاڵەتەکان».

هـیـومـان ڕایـتـس وۆچـیـش، لە ڕاپۆرتەکەیدا بانگهێشتنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی دەکات، تا پلانێکی درێژخایەن دابنێن بۆ ریشەکێشکردنی ئەو کردەوەیە، دەبێت ستراتیژەکەی یاسایەکی تێدابێت بۆ قەدەغەکردنی ئەنجامدانی کردەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێ.

نادیە خەلیفە، دەڵێت: «نابێت حکومەت هەرئەوەندە وەخۆبکەوێت بۆ کۆتاییهێنان بەو کـردەوەیـەو بـەس، بەڵکو دەبێت کاربکات بۆ چەسپاندنی ستانداردێکی نوێی جەماوەریی - ئەندامی زاوزێی کچەکانیان نەشێوێنن».

وتیشی: «ریشەکێشکردنی دیاردەکە لە کوردستانی عێراق پێویستی بە سەرکردایەتییەکی خۆتەرخانکردووی بـەهـێـز هـەیـە لـە دیـوی حکومەتی هەرێمەوە، کە ڕێوشوێنی ڕاشکاوانەی هەبێت دەربارەی ئەوەی، کە چیتر چاو لە شێواندنی ئەندامی زاوزێـی مێیینە ناپۆشرێت».



منداڵێک دوای خەتەنەکردنی

حەج پێویستی بە ریفۆرمە؟

گەندەڵیو پارەخواردن، لە بەڕێوەبردنی حـــ

بەدواداچوونی:
عەبدوڵڵا ڕێشاوی

بەشێک لەحاجیانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەموکوڕیی، گەندەڵیو پارەخواردن، لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی حەجدا جێبەجێدەکرێنو مامۆستایەکی ئاینیش جەخت لەوە دەکاتەوە، پرۆسەی حەجکردن بەو دیاردانەوە بەتاڵ دەبێتەوە

هەندێک لەوانەی لە هەرێمی کوردستانەوە سەفەری حەجیان جێبەجێکردووە، لەگەڵ ئەوەی دڵخۆشن بە ئەنجامدانی ئەو سروتە ئاینییە، بەڵام لەهەمانکاتدا نیگەرانن بە بوونی گەندەڵیی ئیداریی کە دووچاری ئەو پرۆسەیە بووەتەوە.

ئەو کەسانەی ڕەخنە لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەگرن، زۆربەیان خەڵکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرن، بۆیە درکیان بەبوونی ئەو خاڵە نێگەتیڤانە کردووە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی حەجی حاجییانی کوردستاندا، کە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە جێبەجێی دەکات.

بەڵام ئایا زۆرینەی خەڵکەکەی دی کە لەوانەیە ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان نەبێتو تەنیا چاویان لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکە بێت، دەشێت بەشێوەیەکی خراپ ئیستیغلال نەکرێن یان بەشێوەیەکی نەشیاو پرۆسەکە جێبەجێنەکەن؟

عارف عوسمان، یەکێک لەوانەی سەفەری حەجیان ئەنجامداوە، دەڵێت: «کاتێک لە سەفەرەکەمدا لە حەج ڕووبەڕووی هەندێک کەموکوڕیی و گەندەڵیی دەبوومەوە، دەمکرد بە هەراو حاجییەکانی دیکە پێیاندەوتم: (کاکە گیان ئەوەندە قسەمەکەو بە ڕووی ڕێبەرەکەماندا هەڵمەشاخێ، چونکە حەجەکەت بەتاڵدەبێتەوە).

عارف دەڵێت: «لە سەفەری حەجدا کەموکوڕیی زۆرە، سەرەڕای پارەخواردنی حاجییان، ئەگەر بێتو ئەو حاجیانە وریا نەبن». وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دان بە بوونی کەموکوڕیدا دەنێتو هاوڕایە.

ناوهاتنەوە بۆ سەفەری حەج

سەرەتای کەموکوڕییەکان لە ناوهاتنەوەی حاجییان بۆ سەفەرەکە دەستپێدەکات، کە ئێستا وەزارەتی نوێ لەڕێی میکانیزمێکی نوێوە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات.

ئەو کەموکوڕییانە وایکردووە کە گەندەڵیو دیاردەی ڕەشوەکاریی و کڕین و فرشتن بکەوێتە ناو پرۆسەکەوە.

هەندێک کەس بۆ مسۆگەرکردنی سەرە، پەنادەبەنە بەر ڕەشوەدان، ئەمە جگە لە واسیتەکردن، بەڵام ئایا پەنابردنە بەر ڕێگەی ناشەرعییو نایاسایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی ئاینیی، کارێکی شیاوە؟

کەسایەتی ئاینیی ناسراو مامۆستا حەسەن شەمێرانی ڕایدەگەیەنێت: «گرتنەبەری ڕێگەی نایاسایی وەک واسیتەکاریو کڕینو فرۆشتنی ناوو خزمخزمێنە کارێکی نەشیاوەو لە ڕووی شەرعییەوە حەرامە».

ناوبراو دەڵێت: «هەندێک کەس هاتنەلام وتیان: «دەتوانین بۆ مسۆگەرکردنی سەفەری حەج بڕێک پارە بدەین، چونکە لەم ڕێگەیەوە سەرە مسۆگەر دەکەین، منیش پێم وتن بەهیچ شێوەیەک ئەو کارە دروست نییە، چونکە ئەو پارەدانە ڕەشوەیەو ئەوەش حەرامە».

شەمێرانی دەڵێت: «هەرکەس لەو ڕێگەیەوە حەج دەکات با نەیکات».

شەمێرانی زیاتر ڕوونیدەکاتەوە: «ئەو کەسانە وادەزانن ئەو پارەدانە لەبەر ئەوەی بۆ حەجە، نەک حەرام نییە، بەڵکو خێریشە، بەڵام من دڵنیایان دەکەمەوە کە ئەوە کارێکی حەرامەو بەهیچ شێوەیەک دروست نییە».

واسیتەو واسیتەکاریی لە ناوهاتنەوە بۆ سەفەرەکەو دیاردەی ڕەشوەکاریی و کڕین و فرشتن بەسەر پرۆسەکەوە دووچاری ئەو سروتە ئاینییە دەکات کە ئێستا بەسەر حەجەوە هەیە.



ژمارەیەک حاجی کورد لە حەج

وتی: «لەوانەیە نەیانزانیبێت کە ناو گۆڕین کڕینو فرۆشتنی پێوە دەکرێت».

مەریوان جەختی لەوە کردەوە: «ئێستاش ئەو هەوڵانە هەر هەیە کە ناو کڕینو فرۆشتنی پێوە بکرێت».

پشکی بەرپرسانی باڵا

زۆریک لە بەرپرسانی باڵا پشکیان هەیە لە نارەدنی هەندێک خەڵک بۆ سەفەری حەج، جاران حیزبە بچووکەکانیش پشکیان هەبوو لە سەفەری حەجدا، بەڵام ئێستا تەنیا بەرپرسە باڵاکان، هەر لە سەرکۆماری عێراقەوە تا سەرۆکی هەرێمو تا دەگاتە پارلەمانی عێراق دەتوانن خەڵک بنێرن بۆ سەفەری حەج هەیەو زۆرکەس بەهۆی دۆستێکی نزیکەوە ناوەکەی دێتەوەو ئەوەش کە کەس ناناسێت دەبێت چاوەڕێ بێت تا بەخت دەبێتە یاوەری.

مەریوان نەقشەبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، هاوڕایە لە گەڵ ئەوەدا کە لە پرۆسەی ناردنی خەڵک بۆحەج واستەو واستەکاریی و کڕینو فرۆشتن هەیەو دەڵێت: «هەندێک کەس واستە دەکەن، هەندێک کەس ناوەکانیان دەفرۆشن، هەندێک کەسیش سەرەدەکڕن»، بەڵام ناوبراو ڕوونیکردەوە، کە «وەزارەتەکەیان بە میکانیزمێکی نوێ لە ئەمسااڵدا هەوڵیداوە ئەو شتانە نەمێنێت»، هەرچەندە نیگەرانی خۆشی نەشاردەوە کە ئەو جۆرە حاڵەتە نەخوازراوانە لەوانەیە هەر بەردەوام بێت.

ناوبراو وتی: «بۆ حەجی ئەمساڵ ناوی حاجیانی سێ ساڵی داهاتوومان ڕاکێشاوە، واتە بۆ سێ ساڵ تر خەڵک ناوی چووەتە سەرەوە، بەڵام تەماشا دەکەین هەندێک کەس کە ناویان دەرچووە سەرەکەی خۆیان دەدەن بە خەڵکی تر، ئەمەش ئەو گومانەی لای ئێمە دروستکردووە کە ئەو کەسە سەرەکەی خۆی فرۆشتبێت، هەربۆیە ڕێگریمان لێکردووە».

مەریوان نیگەرانیو سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا کە چۆن لەسااڵنی ڕابردوودا وەزارەتی ئەوقاف ڕێگەی بە کڕینو فرۆشتنی ناو داوەو ئاسانکاریی بۆکردوون، بۆحەج، ئەمەش نیشانەی نا دامودەزگایی ئەو پرۆسەیە دەگەیەنێت.

مەریوان نەقشەبەندی، وتەبێژەکەی وەزارەتی ئەوقاف جەختی کردەوە کە بەرپرسان واستە بۆ خەڵک دەکەنو وتی: «ئەو دیاردەیە ئێمەی هەراسانکردووە».

مەریوان وەک وتەبێژی وەزارەتەکەی، لە ڕابردوودا هەڕەشەی کردووە هەر بەرپرسێک ناوی بۆ بنێرێت ناوی بەرپرسەکە بۆ میدیاکان ئاشکرادەکات»، بەڵام تائێستا ناوی هیچ بەرپرسێک ئاشکرانەکراوە.

ئەو، وتی: «ئێستا نامەی واسیتە بۆلای من نایەت، ئیتر نازانم بۆکوێ دەڕوات».

ئەم نوکتەیە

هەر پەرلەمانتارێکی عێراقیی بۆی هەیە ساڵانە بە شێوەی تایبەت دوو کەس بنێرێت بۆ حەج بە پەرلەمانتارە مەسیحیو ئێزدییەکانیشەوە، ئەمە جگە لە بەرپرسەکانی تری ناو حکومەتی عێراقی بە کوردو عەرەب و ئیسلامیو عەلمانیەوە.

مەریوان: وتی: «من نازانم ئەو ئیمتیازە لەپای چیەو ئەو پەرلەمانتارانە ئەو ئیمتیازە چۆن بەکاردێنن، دەیبەخشنە خزمو کەسیان یان دەیفرۆشن».

مەریوان ئەم نوکتەیەشی بۆ گێڕامەوە: «جارێک پەرلەمانتارێکی ئێزدیی پێیوتین من ئامادەم دوو حاجی موسوڵمانتان بۆ بنێرم بۆ حەج، بەڵام بەو مەرجەی ڕەجمی شەیتان نەکەن».

سەفەرێکی پڕ مەسرەف

بە بۆچوونی هەندێک لەوانەی سەفەری حەجیان ئەنجامداوە، دەکرێت تێچوونی ئەو سەفەرە زۆر لەئێستا کەمتر ببێتەوە، ئەگەر بێتو کۆمەڵێک چاکسازییو ڕێوشوێنی نوێ بگیرێتەبەر، لەوانە سەفەرکردن بە «پاس» لەبری فڕۆکە، وەک ئەوەی لە ئێران هەیە.

ئەو کەسانە دەڵێن: عەرەبستانی سعودیە بەو ڕادەیە لە ئێمەوە دوور نییە کە ناچاربین هەموو حاجییان بە فڕۆکە بگوازینەوە، بەڵکو دەتوانین بە کۆمەڵێک پاس کە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە بەرزبنو هەموو هۆکارێکی حەوانەوەی تیابێت ئەو سەفەرە ئەنجامبدرێت.

ئەو کەسانە پێیانوایە: ئەگەر سەفەری خەج بە «پاس» بێت، ئەوا بۆ هەرێمو بۆ حاجییانیش سوودی زۆرە، چونکە ئەوکات نەک هەر حاجییان پارەی کەمتر دەدەن، لەهەمانکاتدا کاتێکی کەمتریش لە چوونو هاتنەوە بەسەردەبەن، هەرێمیش قازانج دەکات، چونکە بەوپێیەی کە حاجیانی هەرێم بە فڕۆکە سەفەردەکەن، جگە لەوەی کرێی بلیت زۆرە، لەهەمانکاتدا ناچارن زوو بڕۆنو درەنگ بێنەوە، بەم هۆیەشەوە خەرجییەکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان.

ئەوکەسانە دەڵێن: «حاجیانی هەرێم پێش هەموو کەس دەڕۆنو دوای هەموو کەسیش دەگەڕێنەوە»، ئەمەش جگە لە ماندووبوونو چاوەڕوانیی، خەرجییەکی زیاتریان دەخاتە ئەستۆ، لەکاتێکدا حاجیانی ئێرانو زۆر شوێنی دیکە لەگەڵ دەستپێکی مەراسیمەکان دێنو دوای تەواوبوونیشی دەگەڕێنەوە».

هەرێم تەنیا بەکاربەرە

بەپێی سەرنجو گێڕانەوەی حاجیان، حکومەتی هەرێم تائێستا هیچ جۆرە وەبەرهێنانێکی لە بواری حەجدا نییەو تەنیا بەکاردەباتو خەرج دەکات.

ئەو کەسانە دەڵێن: «حکومەتی هەرێم دەتوانێت کۆمەڵێک پاسی «دەرەجە بەرز» بخاتە ئەم پرۆسەیەوە، بەمەش نەک هەر حاجییان قازانج دەکەن، بەڵکو دەبێتە بواریکی وەبەرهێنانیش بۆ هەرێم، چونکە ئەوکات ئەو پاسانە خۆمالێنو خەرجیی هاتنو چوون دێتەوە گیرفانی هەرێم».

ئەو کەسانە نموونە بە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێنەوە، کە ئەم کارانەی کردووە.

هەندێک کەس بۆ مسۆگەرکردنی سەرە، پەنادەبەنە بەر ڕەشوەدان، ئەمە جگە لە واسیتەکردن، بەڵام ئایا پەنابردنە بەر ڕێگەی ناشەرعییو نایاسایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی ئاینیی، کارێکی شیاوە؟

تای خوێنبەربوون، دڵەڕاوکێ دروستەکات

بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی: هیچ ڤاکسینێکی تایبەت بە نەخۆشییەکە لە کوردستاندا نییە

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



تائێستا لە کوردستاندا ئاژەڵی تووشبوو بە نەخۆشیی تای خوێنبەربوون ناناسرێتەوە تەنیا لە ڕێگەی تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشییەکە، بەڕپرسانی ڤێتێرنەری لە بوونی نەخۆشییەکە لە هەرێمدا دڵنیا دەبنەوە.

هەرچەندە ئەنجامی تاقیگەیی ئەو دوو کەسەی کە لە سنووری سلێمانی گومانی تووشبوون بە نەخۆشی تای خوێنبەربوونیان لێدەکرا، نیگەتیڤ دەرچوو، بەڵام مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە هەرێمدا هەیەو بە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماش مەترسییەکان زیاد دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە تائێستا لە کوردستاندا ئاژەڵی توشبوو بە نەخۆشییەکە ناناسرێتەوە.

د.عەباس عەلی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی بۆ ڕۆژنامە ئەوەی ئاشکراکرد، کە نەخۆشی تای خوێنبەربوون لە ئاژەڵدا بەدەگمەن پێی دەزانرێت، «چونکە تاکە نیشانەی دیاری نەخۆشییەکە لە ئاژەڵدا بەرزبوونەوەی تایە، کە لە زۆربەی نەخۆشییەکانی تریشدا بەدی دەکرێت».

بەو هۆیەشەوە تائێستا حاڵەتی بوونی نەخۆشییەکە لە هیچ ئاژەڵێکی سنووری سلێمانیدا تۆمارنەکراوەو تەنیا لە ڕێگەی تووشبوونی مرۆڤ بەو نەخۆشییە دەتوانرێت بەدواداچوون بۆ بوونی نەخۆشییەکە لە ئاژەڵدا بدۆزرێتەوە، هاوکات بە وتەی د.عەباس تائێستا هیچ ڤاکسینێکی تایبەت بە نەخۆشییەکە لە کوردستاندا نییە تا پێش تووشبوونی ئاژەڵ بە تای خوێنبەربوون لە ڕێگەی کوتانەوە بپارێزرێت.

ساڵی (١٩٩٨-٢٠٠٠) ئەوکاتەی کە ئاژەڵ لە پارێزگای موسڵەوە دەهات بۆ هەولێر لە قەسابخانەی هەولێر سێ قەسابو کارمەندێکی ڤێتێرنەری بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی تای خوێنبەربوون گیانیان لەدەستدا، هاوکات ساڵی (١٩٩٦) لە خورماڵ (٦) کەس کە بەر لەماوەیەک لە ئێران گەڕابوونەوە، تووشی نەخۆشییەکە ببوون.

ساڵی پاریش لە تورکیا (٧١٣) کەس تووشی نەخۆشی تای خوێنبەربوون و ژمارەیەکی زۆریشیان گیانیان لەدەست دا، هاوکات لە ئێرانیش (١٠٧) کەس تووشی نەخۆشییەکە بوون و بەهەمان شێوە ژمارەیەکیان گیانیان لەدەست دا، لە کۆتایی مانگی ڕابردووشدا لە پارێزگای موسڵ (باکووری خۆرئاوای هەرێمی کوردستان)، لە ڕێگەی سەربڕینی مانگایەکی تووشبوو بە نەخۆشییەکە لەدەرەوەی سەربڕینخانەو دوور لە چاوی پزیشکی ڤێتێرنەری و پاشان فرۆشتنی گۆشتەکەی، لە (١٧) کەس لە کرێیارانی ئەو گۆشتە (٨) کەسیان تووشی تای خوێنبەربوون بوون، کە (٣) کەسیان گیانیان لەدەست داو پێنجەکەی دیکە چاکبوونەوە.

لە نزیکترین حاڵەتیشدا ڕۆژی (٣/١٦) لە کۆمەڵگەی شکارتەی سەر بەناحیەی بێتواتە دوو حاڵەتی گومانلێکراوی نەخۆشییەکە بە تووشبوون بە پەتای خوێنبەربوون تۆمارکرا، کە یەکێکیان گیانی لەدەستدابوو یەکێکیشیان لەژێر چاودێریدا بوو.

بەڵام د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو دوو حاڵەتەی کە گومانی تووشبوون بە نەخۆشییەکەیان لەسەر بوو، دوای دەرچوونی ئەنجامی تاقیگەیی بۆمان دەرکەوت، کە حاڵەتەکە ئەو ڤایرۆسە نییە کە تای خوێنبەربوون دروستەکات، هەربۆیە دەتوانین بڵێین: کە هیچ حاڵەتێکی تووشبوونی مرۆڤ بە تای خوێنبەربوون لە هەرێمدا تۆمارنەکراوە، بەڵام هێشتا مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە کوردستاندا هەیە».

هەربۆیە وەزارەتی تەندروستی چەند ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتووەتەبەر بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە کوردستاندا، ئەو ڕێوشوێنانەش بریتین لە: (قەدەغەکرنی هێنانی گۆشتو ئاژەڵ لە پارێزگای موسڵو ئەو پارێزگایانەی کە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەی لێدەکرێت، قەدەغەکردنی سەربڕینی ئاژەڵ لەدەرەوەی سەربڕینخانەکان، پێکهێنانی ژووری کار لە پارێزگاکان، هەولدان بۆ خێرادۆزینەوەی حاڵەتەکانی پەتاگرییەکەو چارەسەرکردنی بە بڵاوکردنەوەی ڤۆرمی تایبەت بە نەخۆشییەکە بەسەر بنکە تەندروستیو نەخۆشخانەکاندا، ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ پزیشکانو کارمەندان بەپێدانی زانیاری نوێو ڕێنماییەکانی وەزارەت، هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڤێتێرنەری بۆ کۆنترۆلکردنی نەخۆشییەکەو گەنەی نەخۆشییەکە، ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە گروپی مەترسیدارن وەک قەسابەکانو خاوەن ئاژەڵەکان، بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە تووشبووەکاندا، هاوکات هۆشیاریدان بە هاوڵاتییان بۆ نەکرینی ئەو گۆشتانەی لەدەرەوەی قەسابخانەکان سەربڕاون، دابینکردنی شوێنی تایبەت لە نەخۆشخانەکان بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشە تووشبووەکان).

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە: کە لە کوردستاندا چارەسەری نەخۆشییەکە دەست دەکەوێت، وتیشی: «لە ڕێگەی چارەسەری یاریدەدەرو دەرمانی دژە ڤایرۆسەکەوە دەتوانرێت لە کوردستاندا چارەسەری تووشبووانی نەخۆشییەکە بکرێت».

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند: هێنانی ئاژەڵ بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نایاسایی لە ڕێگەی سنوورە کراوەکانەوە، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، هەربۆیە ئەو وەزارەتە هۆشیاریی دا لە ڕێگرتن لە هێنانی ئاژەڵ بە نایاسایی بۆ ناو هەرێم.

سەبارەت بە ئاگادارکردنەوانیان لە هێنانی ئاژەڵ بە نایاسایی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی وتی: «سنووری کوردستان بەگشتیی زۆر بەربڵاوە بەڕووی ئێران و شارەکانی ترو عێراقەوە، لەبەرئەوە پێدەچێت حاڵەتی هێنانی ئاژەڵ بە نایاسایی هەبێت، بەڵام ئێمە ڕێگەنادەین کە ئاژەڵی نەخۆش لە سەربڕینخانەکاندا سەربڕدرێت، هەربۆیە سلێمانی لەو ڕووەوە بێ کێشەیە، تاکە کێشە کە هەمانە قەزاو ناحیەکانە، لەبەرئەوەی کە قەسابخانەکانیان کۆنو بێ خزمەتگوزارینو شارەوانییەکانیان گرنگیان پێ نادەن».

وەزارەتی تەندروستی چەند ڕێوشوێنێک بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەگرێتە بەر

بازگەکانی سەری ڕەش، گوندێک لە دانیشتووانەکەی قەدەغە دەکەن

هاوڵاتییەک: بێ نووسراوی پارتی، ناتوانین بچین بۆ گوندەکەمان

ڕاپۆرتی: هەنگاو هاشم

خەڵکی گوندی گراوی سەر بە شارۆچکەی سەڵاحەدین، بەهۆی بوونی بازگەو بارەگاکانی ئاسایشی سەری ڕەشەوە، ناتوانن کشتوکاڵ لەسەر زەوییەکانیان بکەن.

نەجات ڕەسوڵ ئەحمەد، خەڵکی گوندی گراو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: گوندەکەیانو چەندینجار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وێرانکراوە، ئێستاش پاش ڕاپەڕین، ماوەی (١٥)ساڵ دەبێت گوندەکەیان کە گراوی کۆنە لەگەڵ ڕەزو باخەکانیان لەلایەن ئاسایشی سەری ڕەشەوە قەدەغە کراوە.

ئەو هاوڵاتییە، وتیشی: «بازگە لەسەر ڕێگای گوندەکەمان دانراوەو بەبێ نووسراوی پارتی، ناتوانین بچین بۆ گوندەکەمان، ئەویش بۆ هەموو کەس نییە».

بەپێی وتەی نەجات ڕەسوڵ، ماوەی (١٥)ساڵە گوندو باخەکەی خۆی نەبینیوەو باسیش لەوە دەکات، کە بەشێک لە ڕەزو باخەکان تێکدراونو جادەیان بەناودا ڕۆیشتووە، بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە.

سەری ڕەش، ناوچەیەکی تایبەتە بە مااڵو بارەگاکانی سەرۆکو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو دەکەوێتە باکووری خۆرهەاڵتی هەولێرەوە.

سالح عوسمان، یەکێکە لەو کەسانەی کە پێشتر لە گوندی گراو ژیاوەو دەیەوێت بەئازادیی بچێتەوە بۆ گوندەکەیان کە گراوی کۆنە، چونکە وەک خۆی دەڵێت: «ئێستا بازگە لەپێش گوندەکەمان هەیەو ڕێگە بە هەموو کەس نادرێت بچێتە ناو ئەم گوندەوە، ئەوەی ڕێگاشی پێبدرێت، بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بۆی هەیە لەناو ئەم گوندەدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا پێشتر ئەم گوندە، نزیکەی (٣٥٠)ماڵی تێدا نیشتەجێببوو».

سالح عوسمان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: چەندین ڕەزو باخمان بەر جادە کەوتوونو تا ئێستاش قەرەبووییان نەکردووینەتەوە، لەکاتێکدا بەڵێنی قەرەبووکردنەوەیان پێدابووین، بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار سەردانی بەڕێوبەرێتیی کشتوکاڵی بەستۆرەمان کردووە، بەڵام وەاڵممان نەدراوەتەوە، ئێستاش بەهۆی تێکچوونی ڕەزو زەوییە کشتوکاڵییەکانمان، لەشاری هەولێر دادەنیشین، لەکاتێکدا ژیانمان لەسەر ئەم زەوییە کشتوکاڵییانە بوو، کە سااڵنە بەرهەمی چەندین میوەی جۆربەجۆرمان هەبوو، خاکەکەمان زۆر بەپیت بوو لە ڕووی کشتوکاڵییەوە.

ڕێباز فاروق، یەکێکی تر لە خەڵکی گوندی گراوی سەر بە شارۆچکەی سەڵاحەدین، ئاماژەی بەوەدا: کێشەی گوندەکەمان لەوانەیە کە دەسەاڵتدارانی حیزبییو حکومیی، بە کێشەیەکی ئاسایی و بچووکی دابنێن، بەاڵم بەاڵی ئێمەوە کە خەڵکی ئەم خاکو گوندەین، زۆر بەگەورەو گرنگی دەزانین، چونکە ئەم گوندە نەک بۆ ئێمەی خەڵکی گراو، بەڵکو بۆ خەڵکی تریش سوودی هەبووە، بەپێی ئەوەی ئەم گوندە شوێنێکی گەشتوگوزارییە.

دانیشتوانی گوندەکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە بە ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێنراوە کە گوندی گراو کانییەکی لێیەو ئاوەکەی سوودی هەیە بۆ پێستی مرۆڤ، تەنانەت چەندین کەس پێشتر لە شارو شارۆچکەکانەوە هاتوون بۆ ئەم کانییە بۆ چارەسەری نەخۆشیی پێستیان، سەرەڕای بەپیتی خاکەکەو بوونی کۆمەاڵێک باخچەی جوانو بەسوود لەم ناوچەیەدا.

کێشەی دانیشتووانی گوندەکە لەوەدایە کە بازگەی سەربازیی لەسەر ڕێگەی گوندەکەیانەو وەک خۆیان باسیدەکەن، ئەگەر ئەو بازگانە بچنە پشت گوندەکەوە، خەڵکی گراو کێشەیان نامێنێت.

ڕێباز، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی ئەوەی کە چەندینجار سەردانی الیەنە بەرپرسەکانمان کردووەو گوێمان لێ نەگیراوە، بۆیە ڕێگەی یاسایی دەگرینەبەر، بۆ ئەم مەبەستەش داواکارییەکانمان دەدەین بە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها لە ئێستادا واژووی (٦٠)خێزانی گوندی گراومان کۆکردووەتەوە.

ڕۆژنامە، پەیوەندیی کرد بە ئیسماعیل محەمەد، بەڕێوبەری شارەوانییەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێرەوە، ناوبراو لەلێدوانێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: گراو گوندەو پەیوەندیی بەهیچ شارەوانییەکەوە نییە، بۆیە ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە.

لەوبارەیەوە، کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، پشتگیریی لە هەموو داوایەکی یاسایی دەکەینو داکۆکی لەهەموو مافێک دەکەین کە بێتە پەرلەمانو یاسایی بێت».

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە گوندی گراو سەر بە شارۆچکەی سەڵاحەدینەو دەکەوێتە خۆرئاوای هاوینەهەواری سەری ڕەشو (٣٠)کیلۆمەتر لە شاری هەولێرەوە دوورە.

بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر: (گراو) گوندەو پەیوەندیی بەهیچ شارەوانییەکەوە نییە

١٩٢٨ خوێندنگە دوو دەوام‌و سێ دەوامییان تێدایە

راپۆرتی: رۆژنامە

رێکخراوی (ASK) کەمیی بینای خوێندنگە بە گەورەترین گرفت دەزانێت لەبەردەم پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو پێویایە، ئەگەر لەمسالدا (١٢٥) خوێندنگەش دروستبکرێت، هێشتا چارەسەری ئەو گرفتە ناکات.

بەپێی دووەمین راپۆرتی حوزەیرانی (٢٠١٠)، کە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK) لەسەر بەڵێنەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی کردووە، تیایدا چەندین کەلێن‌و کەموکورتی لە وەزارەتی پەروەردەدا دەستنیشانکردووە، کە کابینەی شەشەم تائێستا چارەسەری نەکردوون.

د.بەرهەم سالح، سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا سوێندی یاسایی خواردو وەک سەرۆکی حکومەت دەستبەکاربوو،کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاشکراکرد، بەتایبەت لە بواری پەروەردەییشدا ئەم خاڵانەی لەخۆگرتبوو:

• دروستکردنی خوێندنگە لە لادێکان.

• بەرپاکردنی هەڵمەتێکی فراوانی دروستکردنی خوێندنگەو نۆژەنکردنەوەی ئەو خوێندنگانەی کە هەنو دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

• گەشەکردن‌و بەردەوامیی بەرنامەی پێداچوونەوەو چاکسازیی لە کەرتی پەروەردەدا.

• بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریی لە بواری پەروەردەدا.

بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، لە بودجەی ئەمسالدا حکومەتی هەرێم گوژمەی (٢٢٥) ملیار دیناری تەرخانکردووە تایبەت بە دروستکردنی خوێندنگەی هاوچەرخ‌و نموونەیی، لەو گوژمە پارەیەش (١٥٠) ملیار دینار لەسەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیرانەو بڕی (٧٥) ملیار دیناریش لەسەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە دیاریکراوە.

بەگوێرەی پلانی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردە، دەبێت لەمسالدا دەستبکرێت بە دروستکردنی (١٢٥) خوێندنگەی نموونەیی‌و هاوچەرخ بەدابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی زانیاریەوە، بە تاقیگەو دانانی تەکنەلۆژیای زانیاریی تیایاندا، کە (٢٥) خوێندنگەیان لەسەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە دەبێتو (١٠٠) خوێندنگەکەی دیکەش لەسەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بەجۆرێک (٨٢) خوێندنگەیان لە هەرسێ پارێزگای هەرێم دروستدەکرێن‌و (١٨) خوێندنگەش لە ناوچە جێناکۆکەکان دروستدەکرێن.

پلانی حکومەت بۆ دروستکردنی خوێندنگە لەمسالدا لەسەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیران، لە هەولێر (١١) خوێندنگەی (٢٧) پۆلی‌و (١٤) خوێندنگەی (١٨) پۆلی، لە سلێمانی (١٥) خوێندنگەی (٢٧) پۆلی‌و (١٨) خوێندنگەی (١٨) پۆلی، لە دهۆک (٣) خوێندنگەی (٢٧) پۆلی‌و (٢٠) خوێندنگەی (١٨) پۆلی دروستدەکرێن، لە گەرمیانیش تەنیا یەک خوێندنگە دروستدەکرێت.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کوردلە راپۆرتەکەیدا تێبینی ئەوەی کردووە، کە ئەم پلانە تائێستا بە تەواوەتی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەو سستی زۆری پێوەدیارەو تەنیا بەردی بناغەی چەند خوێندنگەیەکی کەم لە سلێمانی‌و هەولێرو ئاکرێ دانراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێستا نیوەی یەکەمی سالی (٢٠١٠) تەواوبووەو ئەگەر لەم چەند مانگەی داهاتوودا هەڵمەتی بەرفراوانی دروستکردنی بینای خوێندنگە دروستنەکرێت، ئەوا حکومەت‌و وەزارەتی پەروەردە ناتوانن زاڵبن بەسەر گرفتی کەمیی بینادا.

(ASK) دەڵێت: کەمیی بینای خوێندنگە بە گەورەترین گرفت دەزانرێت لەبەردەم پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەگەر لەمسالدا هەر (١٢٥) خوێندنگەکە لە هەرێمی کوردستاندا دروستبکرێت، ئەوا هێشتا چارەسەری ئەو گرفتە گەورەیەی کەمیی بینای خوێندنگە ناکات لە هەرێمدا، چونکە بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر هەر خوێندنگەیەک یەک دەوامی تێدابکرێت‌و خاوەنی بینای خۆی بێت، ئەوا پێویستە (١٣٠٨) خوێندنگەی نوێ دروستبکرێت.

لەبارەی ئەو بەڵێنەی کابینەی شەشەم دابووی بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاتی حیزب لە حکومەت، رێکخراوی (ASK) زۆر بە راشکاویی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هێشتا هەیمەنەی حیزبیی زاڵە بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا.

رێکخراوی (ASK) دەڵێت: وەزارەتی پەروەردە وەک یەکێک لە دامەزراوە گرنگەکانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە چەند هەوڵێکی داوە بۆ دەربازبوون لە کاریگەریی حیزبی، بەڵام بەپێی دۆکیومێنتەکان، هێشتا ئەم دامەزراوە گرنگە لەژێر هەیمەنەی حیزبیدایەو زۆرجاریش بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە گرفت بۆ کارەکانیان دروستدەبێت.

لەم رووەوە (ASK) زیاتر دەستەخاتە سەر برینەکان‌و باس لەوە دەکات: بەهۆی باکگراوندی حیزبییەوە، زۆرێک لە بەرپرسانی پەروەردەو دانانی بەرێوەبەری خوێندنگەکان لە سەر بنەمای حیزبیبوونیان وایکردووە، کە وەزارەت نەتوانێت بە ئاسانی بەسەر ئەم پرسە گرنگەدا زاڵبێت‌و دامەزراوە پەروەردەییەکانیش لە نموونەی خوێندنگەو پەیمانگاکان بوونەتە شوێنێک بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بە ئاسانی بتوانن لە بەرژەوەندیی مەرامە سیاسییەکانی خۆیاندا بەکاربهێنن‌و کاری رێکخستنیان تێدا ئەنجام بدەن.

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد (ASK)، رێکخراوێکی ئەمریکی کوردییە، ساڵی (١٩٩٩) دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردووە لە هەرێمی کوردستاندا، لەساڵی (٢٠٠٥)دا رێکخراوی (ASK) چووە بواری چاودێریکردنی دامودەزگا ڕەسمییەو هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان لە نموونەی ئەنجومەنی پارێزگاو پەرلەمان، لە درێژەی هەمان پرۆژەشدا، رێکخراوی (ASK) بۆ ئەمسالیش دەستی کردووە بە چاودێریکردنی بەرنامەی کاری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کۆمەڵەکە ئاماژە بەوەش دەکات: بەشێک لە بەرێوەبەرە پەروەردەییەکان بەتایبەتی لە قەزاو ناحییەکان هاوکاری تەواوی ئەم پرۆسەی بە حیزبیبوونەن، بۆ نموونە دابەشکردنی فۆرمی حیزبی بەسەر خوێندنگەکاندا داواکردنی لایەنی سیاسیی‌و عەشیرەت لە مامۆستایان، بەتایبەت لە سنوری سلێمانی‌و زاخۆداو ناساندنی کۆمەڵەی خوێندکاران بە نوێنەری راستەقینەی خوێندکاران لەلایەن پەروەردەی گەرمیانەوە.

دامەزراوە پەروەردەییەکان بوونەتە شوێنێک بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بە ئاسانی بتوانن لە بەرژەوەندیی مەرامە سیاسییەکانی خۆیاندا بەکاربهێنن‌و کاری رێکخستنیان تێدا ئەنجام بدەن

خشتەی داتاکاری رێژەی بینای خوێندگەکان بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

پارێزگا	ژمارەی بینای خوێندنگە	خاوەن بینا	میوان	کرێ	یەک دەوام	دوو دەوام	سێ دەوام
هەولێر	2003	1376	335	292	1258	665	80
سلێمانی	1676	1184	245	247	1055	521	100
دهۆک	1520	1012	325	183	933	541	46
گەرمیان	335	203	42	0	306	28	1
کۆی گشتی	5534	3865	947	722	3552	1755	227

رووداوەکەی ئامادەیی بازرگانیی، وەزارەتی پەروەردە ئیحراج دەکات

زۆربەی سالان هەڵەو کێشە لە پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا هەبووە

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

تائێستا وەزارەتی پەروەردە لێکۆڵینەوەی لەو هەڵەیە نەکردووە، کە لە تاقیکردنەوەیەکی بەکالۆری لەبری پرسیارەکان، وەڵامەکان درانە خوێندکاران، رووداوێکی ئەوجۆرە هەڵانەش بۆ نەشارەزایی‌و کەمتەرخەمیی دەگەڕێندرێتەوە.

رۆژی شەممە لەکاتی تاقیکردنەوەی وانەی (موراسەلات)ی خوێندکارانی ئامادەیی شەشەمی بازرگانیی، کە خوێندکاران بە زمانی ئینگلیزی دەیخوێنن، لەبری پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، وەڵامی پرسیارەکان گەیشتە دەست خوێندکاران‌و بەو هۆیەشەوە تاقیکردنەوەکە راگیراو بڕیارە سبەینێ دووبارەبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا وەزارەتی پەروەردە لێکۆڵینەوەی لە رووداوەکە نەکردووە.

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای ئەوەی ئەو هەڵەیە رووید‌ا، وەزارەتی پەروەردە کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەو مەبەستە سازکردو بڕیاردرا تاقیکردنەوەکە دووبارەبکرێتەوە، هەروەها دوای کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو هەڵەیە پێکدەهێنرێت».

وتیشی: «مامۆستای پسپۆڕی ئەو وانەیە لەکاتی پێشکەشکردنی پرسیارەکاندا ئەندام نەبووە لە لیژنە بااڵکەداو ئەوە کێشەکەیە، هەرچەندە هۆکارەکە بەمەبەست نەبووەو هەڵەیەکی هونەرییە، بەڵام دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی لە سااڵنی داهاتوودا ئەو هەڵەیە دووبارەنەبێتەوە».

ئاشکراکردنی وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان لە هەرێمی کوردستاندا شتێکی نوێ نییەو تائێستا چەندجارێک ئەو حاڵەتە دووبارەبووەتەوەو بەردەوامیی هەیە، بەڵام تائێستا وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە چارەسەری بکات.

مەریوان سەڵاح حیلمی، شارەزای بواری پەروەردە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «زۆربەی سااڵن هەڵەو کێشە لە پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا هەبووە، بەڵام ئەمسااڵ لەبری پرسیارەکان، وەڵامەکان گەیشتنە دەستی خوێندکاران، ئەمە ئەوە دەردەخات کە هیچ وردبینییەک بۆ پرسیارەکان نەکراوە، لەکاتێکدا دەبوو وردبینییەکی زۆری تێدا بکرایە، چونکە داهاتووی خوێندکار بەو پرسیارانەوە بەستراوەتەوە».

پێشیوایە: ئەمە بەشێکە لەو شپرزەییەی کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە تێیکەوتووە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاودا دانراوە، تا حیزب پەروەردە بەڕێوەببات ئەمە ئەنجامەکەی دەبێت.

هەروەک دڵشاد عومەر (منسق) هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردەو ئەندامی گۆنگرەی پەروەردەیی دەڵێت: نەبوونی مامۆستای پسپۆڕو بەرپرسی نێو وەزارەتی پەروەردەو بەرێوەبەرە گشتییەکان یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پەکخستنی بواری پەروەردەو هەموو ئەو زیانە گەورانەی بە پەروەردە گەیشتووە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بەرپرسە بااڵکانی وەزارەت بە تەزکیەی حیزبیی دانراون‌و ئەو جۆرە خەڵکانەش نازانن کێشەو موعانات‌و واقیعی پەروەردە چییەو خەڵکانی بە ئەزموون نین‌و بە ئارەزووی خۆیان رێنمایی دەردەکەن.



هۆڵەکانی تاقیکردنەوە خوێندکاران دەترسێنن

مێژوو دووبارە دەبێتەوە



پشتیوان ئەحمەد

پێش چەند ساڵێک.. یەکێک لە نووسینەکانی بەڕێزنەوشیروان مستەفام خوێندەوە، لەناواخنی بابەتەکەیدا.. باسی دانوستانەکانی ساڵی (١٩٨٤)ی نێوان یەکێتیو میریی دەکات، دەڵێت: جارێکو بەپێی بەرنامەیەک سەردانی تەها یاسین ڕەمەزان-مان کرد.. تەها یاسین وتی: ها کاکە.. لە ئێزگەکەتاندا قسەمان پێدەکەن، تەماشات کردووە بەغدا هەموو کۆشکو تەلارە؟

کاک نەوشیروان دەڵێت: لە وەڵامدا وتم: ئێمە نەمانتووە.. بەغدا کۆشکو تەلاری تیادا نییە.. ئێمە وتوومانە بەغدا ئازادیی تێدا نییە.

ئێستا.. کە ئۆپۆزسیۆنو میدیای سەربەخۆو ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان.. ڕەخنەی دەسەڵات دەگرنو کۆشش دەکەن لەپێناو فراوانکردنی پانتایی ئازادییو سەقامگیرکردنی.. دەسەڵاتو میدیاکانی دێنە گۆ دەڵێن: ئێوە بۆ ڕەخنە دەگرن، ئەوە نییە هەوڵێر هەمووی عیمارات و کۆشکو تەلارو جادەی دووسایدە؟، ئۆپۆزسیۆنو میدیای سەربەخۆو ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکانیش لەوەڵامدا دەڵێن: ئێمە نەمانتووە هەوڵێر تەلارو تەلارسازیی تیادا نییە.. ئێمە دەڵێین: هەوڵێر ئازادیی تیادا نییە.. ئەوە نییە ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لەسەر بیروبۆچوونی تیرۆرکراو لەتیرۆرکردنیدا هەمان شێوازی بەعسییەکان گیرایە بەرو کتومت لەگەڵ نووسینەکەی (حسن العلوي) (عراق دولة المنظمة السرية) یەکدەگرێتەوە.. لەو نووسینەدا (حسن العلوی) شتێکی سەیر کەشف دەکات، دەڵێت: لەسایەی بەعسدا دەسەڵات شێوازی شۆڕشگێڕانەی تۆندڕەوانەی بەکاردەهێنا لەپاکتاوکردنی نەیارەکانیدا.. لەکاتێکدا دەبووایە وەکو دەوڵەتانی دونیا پەنایان بۆ دادو دادگا ببردایەو لەبەرچاوی خەڵکو بەپێی یاسارەفتاریان بکردایە.. زۆرێک لە ئازادیخوازان لەسەر جادەکانی بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقو لەنێو کۆلانەکان بەچەقۆ یان بە (کاتم الصوت) تیرۆر دەکران.

ئێستا.. بەداخەوە هەمدیس مێژوو دووبارە دەبێتەوە.. ئازادیخوازان لەسەر وتنی وشە فیشەک باران دەکرێن.. بەعس لەکوشتنی یەکێک مەبەستی بێدەنگکردنی هەزاران بوو.. ئێستاش تیرۆریستانی سەردەمی گلۆبالێزێشن بەکوشتنی سەردەشت.. دەیانەوێت هەزاران سەردەشتی گەنجو بوێرو خاوەن قەڵەم بێدەنگ بکەن..

لەکۆتاییدا.. دەڵێین: ڕاستە مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە دوو زەمەنی جیاوازدا..

زەمەنی یەکەم: تاوانەکان درەنگ کەشف دەبوونو دیزەبەدەرخۆنە دەکران..

زەمەنی دووەم: تاوانەکان پێشوەخت کەشف دەبنو تاوانبارانیش زووتر ڕیسوا دەبن.

وەفدەکەی بەغدا!



مەهدی ئەبوبەکر

وەفدی کورد، لە بەغدایەو دەیەوێت ببێتە بەشێک لەو حکومەتەی بۆ عێراق دادەمەزرێت.

لەسەر داوای کێو داخوازیی کام لایەن، وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان چوونەتە بەغدا؟

بۆ ئەو پرسیارە ئەندامانی وەفدەکەش وەڵامیان لا نییە!

وەفدەکە دەیەوێت کورد بچێتە ناو حکومەتی عێراقو لە شکڵگرتنی ئەو حکومەتەدا بەشداربێت، بۆیە لە دەرگای سوننەو شیعە دەدات و داوایان لێدەکات لە پێکهێنانی حکومەتدا کورد لەبیر نەکەن.

سیاسەتکردنێکی سەیرە، وەرە کەس بانگت نەکات بۆ گفتوگۆ، خۆت بە پێیەکانی خۆت بڕۆیت و داوای گفتوگۆ بکەیت.

سەرکردەکانی کورد دەڵێن: بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی حکومەتدا، هێڵی سوورمان لەسەر کەس نییە، خەتی سووریشمان بەرامبەر هیچ لایەنو مەزهەبێک نییە.

ئەوەش دووپاتدەکەنەوە تەنیا هێڵی سووری کورد ئەوەیە، دەبێت ئەو لایەنەی بەشداریی لەگەڵ دەکەین، بەڵێنی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد بدات!

داخوازییەکانی کورد چین؟

خۆیان وتەنی: جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوور، واتە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، کێشەی پێشمەرگە، مەسەلەی بودجەی هەرێمی کوردستان، کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان، کە بەغدا بە ناشەرعیی دەزانێتو دەسەڵاتدارانی هەرێمیش بە شەرعیی دەزانن، لەگەڵ چەند وردە شتێکی دیکە!

بەگوێرەی لێدوانی بەردەوامی بەرپرسە بااڵکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانە هێڵی سووری کوردن.

بابێینەوە لای وەفدەکە

ئەو بەڕێزانە لەماوەی (١٠) ڕۆژدا لە بەغدا لەگەڵ لیستی عێراقییەو ئیئتیلافی وەحدەی عێراقی، جەواد بۆلانی، کە تەنیا خاوەنی (٤) کورسییە دانیشتوون.

بەڕەکە لە ژێرپێی عێراقییە دەرهێنراوەو خۆی خواخوایەتی لە حکومەتدا بەشداریی پێبکەن، کەچی وەفدەکەی کورد لەگەڵ ئەواندا دانیشتوون.

یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە دوێنێ وتی: ڕەنگە ئەمڕۆ مالیکی ببینین. تۆبڵێی پێش دانیشتنەکە تاڵەبانی هەموو شتێکی لەگەڵ مالکیدا نەبڕاندبێتەوە؟ چونکە پێڕێ تاڵەبانی لەگەڵیدا دانیشتبوو. خوا دەزانێت، چونکە پێشتر مالکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ وەفدەکەدا دواخستبوو، تا تاڵەبانی نەبینیو لەگەڵیدا کۆنەبووەوە بڕیاری نەدا لەگەڵیاندا دابنیشێت.

بەرهەمی (١٠) ڕۆژ لە بەغدا، بەرهەمی (١٠) ڕۆژ لە مەسرەفو حیمایەی ئەو وەفدە گەورەیە، تەنیا دانیشتنێکە لەگەڵ عێراقییەو لیستە قنجەکەی بۆلانی؟ ئەویش قەیناکە، بەڵام بەرهەمی دانیشتنەکەیان چی بوو؟ هێڵە سوورەکانی کورد نەبەزێران؟

تەنیا لە تەلەفیزیۆنەوە بۆ ماوەی کەمتر لە دەقەیەک، دانیشتنەکەیانم لەگەڵ عێراقییە بینی، نازانم چییان وتووە، بەڵام یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە کاری ڕاست بێت، چەند ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەکە وتی: لەگەڵ لایەنەکان ڕێککەوتین مەسەلە جێناکۆکەکان دوابخەین!

ئۆو مەسەلەی جێناکۆک کامانەن وا دوای دەخەن؟

بەدڵنیایەوە هەر ئەو خاڵانەن کورد بە هێڵی سوور ناویان دەبات، ئەی کەواتە هێڵە سوورەکان چییان لێهات بۆ کاڵبوونەوە؟

پرسیارێک بێ عاجز بوون: لەگەڵ عێراقییە، کە ئەویش حاڵی لە حاڵی ئێوە باشتر نییە، وا زوو لە هێڵە سوورەکانتان پەشیمان بوونەوەو کردتانە هێڵی سەوز، ئەدی سبەی لەگەڵ هاوپەیمانیی شیعەکان، کە ئەوان لەسەر ئەرزی واقیع حکومەت دروستدەکەن، هێڵە سوورەکانتان دەکەنە هێڵی چی؟

خەتەرە! بڕواناکەم هەر باسی بکەن، لەوانەیە باسکردنی لە بەشداریی حکومەت دوورتان بخاتەوە.

وەفدەکە لەبەغدایە، کەس نازانێت ئەجێندا کەیان چییە، نە ئەندامەکانی لیستی دەسەڵات ئەجێندا کەیان بۆ خەڵک باسکردووە، نە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئامادەن باسی بکەن!

خوا خراپتر نەدات و بە بوختان لە سەرمی حساب مەکەن، دەترسم هەر ئەجێندایان نەبێت!

بڕادەران، ئێوە بەقسەی خۆتان بۆ مافەکانی کورد چوون بۆ بەغدا، باشە کو دەبی کورد ئاگادار نەبێت لەوێندەر داوای چی بۆ دەکەن؟

بەدەر لە ئەجیندا هێڵی سوورو شین، چوونی وەفدێکی وا گەورە بێ داوەتی لایەنە عێراقییەکان بۆ بەغدا، لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان ئەوەیە کورد هەر هێندە لە سیاسەت دەزانێت، ئای لەو کارەساتە!، یان ئەوەتا یەکێتیو پارتی لە ژێرەوە لەگەڵ شیعە ڕێککەوتوونو وەفدەکەیان وەک دیکۆرێک ناردووە بۆ بەغدا، ئەوەش لەوەی یەکەم کارەساتتر.

وەزارەتی دارایی ڕێنمایی دروستکردنی فڕۆکە دەردەکات

سەلمان عەلی

خۆزگە وابوایە، من و خوێنەری بەڕێزیش دەبووین بە فڕۆکەوان، بەڵام بەداخەوە ڕێنماییەکە بۆ خەرجکردنی کرێی خوێندنو دەرمانەکانی خوێندکارانەو لەم وەزارەتی داراییەی هەرێمەکەی ئێمە بووەتە دروستکردنی فڕۆکە، ئەگەر لە وەزارەتی دارایی نەبووتە کەوڵی شێر، کەی و لە کام جێگە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ تەنیا یەک بڕیاری حکومەت (٤٠) ڕۆژ دەخایەنێتو هێشتا ئەنجامەکەیشی دیار نەبێت؟، بەتایبەتیش ئەگەر ژیانو خوێندنو چارەنووسی چەند کەسێکی پێوە گرێدرابن، کەواتە حکومەتو وەزارەتەکانی چین؟ ئیشی خەڵک ڕادەپەڕێنن، یا خەریکی ئاشە بەتەنوورەو چاڵچاڵێنن؟

خۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠١٠/٥/٤ وە فەرمانی ژمـــارە (٤٨٣٤)ی دەرکـــردووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو خوێندکارانەی وا لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی وڵات دەخوێنن. وێنەی ئەو فەرمانە دراوەتە پەیوەندیدارەکانی دارایی و خوێندنی باڵا، ئەی بۆچی تائێستا ئەو فەرمانە نەچووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە؟ بۆچی وەزارەتی دارایی تا ئەمڕۆ ڕێنمایی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی دەرنەکـــردووە؟ خۆ ژمارەیەک لەو خوێندکارانەی کە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانەن، (٩) مانگە نانبڕاوکراون و دەرماڵەو کرێی خوێندنیان بۆ خەرجنەکراوە، هەندێکیان خێزانو منداڵیان لەگەڵدایەو، لەسایەی سەری کاربەدەستانی حکومەتەوە، هێندەی نەماوە دەست بە سوالکردن بکەن، هەندێکیان لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە مانگانەی شوێنی ماندووبان دابینبکەن، دەرکراون و هاوڕێو برادەرو خەڵکی خێرخوا دالدەی داون، لەم لاوە کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی لەجیاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، لەبەر هەوای فێنکی سپلیتی ئۆفیسەکانیاندا خەویان لێکەوتووە، لەوڵایشەوە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی داوایان لێدەکات پشوو درێژبن و ئاگایان لە ئاستی خوێندنەکانیان بێت.

ئاخر بە چ پێوەرێک خوێندکاری برسی دەتوانێت بخوێنێت! کێ هەیە خەرجیی تەنیا دوو ڕۆژی لەباخەڵدانەبێتو بتوانێت ئاستی خوێندنەکەی ڕابگرێت! خوێندکاری کام وڵات لەمەینەتیی خوێندکاری کوردستان دەژێ؟ یا کام لەوانەی کە ئەو فەرمانەیان دواخستووە، ئامادەن دەوامی خۆیان بکەن، ئەگەر تەنیا دوومانگ، نەک نۆمانگ، مووچەکانیان ببڕدرێت؟ یا بۆچی دەبێت (٨٠٪)ی کاری دەزگاکانی حکومەت بووەستێت، لەبەرئەوەی حیزبێک کۆنگرە دەبەستێت؟! ئایا کام کاربەدەستی حکومەت ئامادەیە مووچەی ئەو چەندڕۆژەی ببڕن، کە لەجیاتی دەوامی ڕەسمیی خۆی لە حکومەتدا، لەهۆڵی کۆنگرە دانیشتوە؟ کەی ئەمانە بیر لە باری ژیانو دەروونیی خوێندکاری (٩) مانگ نانبڕاو دەکەنەوە؟ کەی دەسەڵات دەرک بە مافو کەرامەتی ئینسانی کورد دەکات؟ کەی حکومەتی هەرێم، وەکو هەر حکومەتێکی تری دنیا، خۆی بە خاوەنی تاکی کورد دەزانێت؟

خۆ فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیش، کە بەناو نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن، ئاگاداری ئەم بارە نالەبارەی خوێندکارانو لەڕێگەی ئیمەیڵی هەندێکیانەوە داوایان لێکراوە بەدواداچوون بۆ ئەم کێشەیە بکەن، ئاخۆ ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە، لەجیاتی شەڕی ئۆتومبیلەکانیان، وەزیری دارایی پەلکێشی پەرلەمان بکەنو لێی بپرسن: «کاتێک حکومەتەکەی تۆ (٩) مانگ نانی خوێندکارانو مااڵومنداڵییانی دەبڕێتو چارەسەری کێشەکەیان دەکەوێتە سنووری کاری وەزارەتەکەت، تۆ (٤٠) ڕۆژە لەکوێ نوستووی؟ بۆ دەبێت ڕێنمایی فەرمانێک (٤٠) ڕۆژ بخایەنێت؟ ئایا شەرم ناتگرێت خوێندکاری کوردو مااڵو منداڵی بێ خاوەن لە وڵاتانی بێگانەدا بەجێهێڵراون، کەچی تۆ (١٢) ڕۆژە لە کۆنگرەی حیزبێکدا خەریکی چەپڵەلێدانی؟ ئایا لە سیاسەتو ئەجێندای وەزارەتو حکومەتەکەتدا ئامادەبوونی تۆ لە کۆنگرەدا گرنگترە، یا ژیانو چارەنووسی خوێندکاری کورد؟»

salmanyykarim@aol.co.uk

پشووی پەرلەمانو هیلاکیی هاوڵاتییان



ڕەزا جەبار

هەرکاتێک هاوڵاتییان لە ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵدا هەستیان بە ئارامییو حەوانەوە کرد، ئەوکات ڕەوایە نوێنەرەکانیان پشوو بدەن، بەڵام زۆر ناڕەوایە ئەگەر هاوڵاتییان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەدەست ناهەمواریی ژیانەوە بنااڵێنن، نوێنەرەکانیان پشوو بدەنو ئیسراحەتی شەست ڕۆژە وەربگرن!.

وا بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ ماوەی شەست ڕۆژ بحەوێنەوە، وەک ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا ئەوەندە کاریان بۆ باشکردنی ژیانی هاوڵاتییانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان کردبێت، هێزیان لێ بڕابێتو توانایان نەمابێت لەناو هۆڵی پەرلەمان لەسەر کورسی دابنیشن!، پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا شەست ڕۆژ پشوو وەردەگرێت، کە هاوڵاتییان لەم هەرێمە بچووکەدا وەک درێژکراوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەدەست گەندەڵییو بێدادییو نەبوونی مافەوە دەناڵێنن، کەچی نوێنەرانی خەڵک وەک ئەوەی کەسێک نەبێت بانگهێشتی پەرلەمانی بکەنو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکەن، پشوو وەردەگرن!، نوێنەرەکانمان لەکاتێکدا بڕیاردەدەن شەست ڕۆژ بحەوێنەوە، کە دەسەڵات لەم هەرێمەدا زۆر بێشەرمانەو بەدەنگی بەرز مافە ئینسانییەکان وەک منەت دەفرۆشنەوە بە هاوڵاتییانو پێمان دەڵێن ئەوە نییە ئازادن!، دەبوو لەبەرامبەر ئەو مامەڵەی دەسەڵاتدا نوێنەرەکانمان لەبری ئەوەی پشوو وەربگرن، وەدەنگ بهاتنایەو بە جورئەتەوە وەڵامی دەسەڵاتیان بدایەوە، کە ماف نابێت بکرێتە منەت، چونکە ماف، مافە. ئەم حەوانەوەیەی نوێنەرەکانمان لە ئانو ساتێکدایە، کە هێشتا نەمانزانی بۆچی گەنجێکی ڕۆژنامەنووس ڕۆحی لێسەنرایەوە؟، نەمانزانی بۆ سێ گوللە لەناو دەمی درا؟!.

ئەو فەرمانە دراوەتە وەزارەتی پەیوەندیدارەکانی دارایی و خوێندنی باڵا، ئەی بۆچی تائێستا ئەو فەرمانە نەمانتووە.. بەغدا کۆشکو تەلاری تیادا نییە.. ئێمە وتوومانە بەغدا ئازادیی تێدا نییە.

ئێستا.. کە ئۆپۆزسیۆنو میدیای سەربەخۆو ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان.. ڕەخنەی دەسەڵات دەگرنو کۆشش دەکەن لەپێناو فراوانکردنی پانتایی ئازادییو سەقامگیرکردنی.. دەسەڵاتو میدیاکانی دێنە گۆ دەڵێن: ئێوە بۆ ڕەخنە دەگرن، ئەوە نییە هەوڵێر هەمووی عیمارات و کۆشکو تەلارو جادەی دووسایدە؟، ئۆپۆزسیۆنو میدیای سەربەخۆو ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکانیش لەوەڵامدا دەڵێن: ئێمە نەمانتووە هەوڵێر تەلارو تەلارسازیی تیادا نییە.. ئێمە دەڵێین: هەوڵێر ئازادیی تیادا نییە.. ئەوە نییە ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لەسەر بیروبۆچوونی تیرۆرکراو لەتیرۆرکردنیدا هەمان شێوازی بەعسییەکان گیرایە بەرو کتومت لەگەڵ نووسینەکەی (حسن العلوي) (عراق دولة المنظمة السرية) یەکدەگرێتەوە.. لەو نووسینەدا (حسن العلوی) شتێکی سەیر کەشف دەکات، دەڵێت: لەسایەی بەعسدا دەسەڵات شێوازی شۆڕشگێڕانەی تۆندڕەوانەی بەکاردەهێنا لەپاکتاوکردنی نەیارەکانیدا.. لەکاتێکدا دەبووایە وەکو دەوڵەتانی دونیا پەنایان بۆ دادو دادگا ببردایەو لەبەرچاوی خەڵکو بەپێی یاسارەفتاریان بکردایە.. زۆرێک لە ئازادیخوازان لەسەر جادەکانی بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقو لەنێو کۆلانەکان بەچەقۆ یان بە (کاتم الصوت) تیرۆر دەکران.

نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەبێت ویژدانیان ئازاریان بدات، لەکاتێکدا پشوو وەردەگـــرن کە ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتییان نزیکەی ساڵێکە نانبڕاو کراونو ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن و هێشتا چارەیەکیان بۆ نەکراوەو منداڵەکانیان ڕۆژ دەبەستنەوە بە ڕۆژەوە بۆئەوەی لانیکەم ژیانیان وەک جارانی لێبێتەوە، کەچی چاوەڕوانیی هەر درێژەی هەیەو نوێنەرەکانیش پشوو وەردەگرن.

ئەوە کێیە نازانێت کە هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە لە ڕووی جەستەییو دەروونییەوە هیلاکو شەکەتن؟. نۆزدە ساڵە مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە بۆنی خوێنو بێدادی دەسەڵات وەرسیان دەکات، کەچی ئەو پەرلەمانەی بڕیاربوو جێگەی ئومێدو خواستی ئەوان بێت، وا بڕیاردەدات بە شەست ڕۆژ ئینجا هیلاکی دەربچێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر بە هەمانشێوەی پەرلەمانی پێشوو هەر خەریکی کرینی ئۆتۆمبێلو وەرگرتنی مووچەی زۆری مانگانەو پشووی شەست ڕۆژیی و پاشانیش خەیاڵی خانەنشینی بن، ئیدی پێمان نااڵێن جیاوازیی لەگەڵ پەرلەمانی پێشوو لەکوێدایە؟، ئەگەر وەاڵمەکانتان ئەوەبێت، کە لەماوەی ڕابردوودا زۆر پرۆژەیاسا گفتوگۆی لەسەر کراوەو زۆربەیان بوونەتە بڕیاری یاسایی، ئەوا ئێمەش لە وەاڵمدا پێتان دەڵێین، کە پەرلەمانی پێشوو بەهەمانشێوە زۆر یاساو بڕیاری دەرکرد، بەڵام چاودێریی و لێپرسینەوە نەبوو بۆ جێبەجێکردنیان، هەربۆیە بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکمان نەزانین، ئێستاش هەروایە، کام بڕیارو یاسا جێبەجێنەکراوەو ئێوەی نوێنەری خەڵک لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەسەڵاتدا کردووە؟. یەکێکی دیکە لەو پرسیارانەی کە حەوانەوەکەتان دەیهێنێتە بیرمان، ئەو پرسیارەیە: لەماوەی ئەو شەست ڕۆژەدا کە دوو مانگ دەکات و دوو مووچەی تێدەکەوێت، بێ زیادو کەم مووچەی هەردوو مانگەکە وەردەگـــرن؟، دەربڕینی ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا هۆکارەکەی بۆ ئەو جۆرە ژیانەی هاوڵاتییان دەگـــەڕێـــتەوە، کە نموونەکەی لەچەند هەفتەی ڕابردوودا لە قـــەزای چەمچەماڵ دەرکـــەوتو بینیمان پیاوێک بڕیاریدا ئەگەر ژیانی هەروا بـــەردەوام بێت، منداڵەکانی دەکوژێتو پاشان کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت!، ئێستا ئێوە پێویستان بە پشووە یان هاوڵاتییان؟

تەندروستیی ئاوارەکانی قەندیل بەرەو خراپبوون دەڕوات



منداڵانی ئاوارەکان تووشی سکچوون‌و رشانەوە بوون

فۆتۆ: ئەرشیف

ئەحمەدباڵەکی- چۆمان

ڕێکخەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دووەم وەجبەی کۆمەکی فیدراسیۆنەکەیانی گەیاندووەتە ئاوارەکانی قەندیل، هۆشداری دەدات لە خراپبوونی تەندروستیی ئاوارەکانی قەندیل، بەهۆی نەبوونی ئاوی پاکەوە بۆ خواردنەوە.

دوای ئەو زنجیرە بەردەوامەی تۆپبارانەکانی تۆپخانەکانی ئێران‌و فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەو هەڕێمی کوردستان، زیاتر لە (١٠٠٠) خێزان بەو هۆکارەوە ئاوارەبوون‌و چەند هاوڵاتییەکیش شەهیدو بریندار‌بوون.

لەو پێناوەشدا، فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ڕۆژنامەی هاوڵاتی‌و گۆڤاری لقین، دوێنێ (٦/٢١) دووەم وەجبەی ئەو کۆمەکەیان گەیاندە ئاوارەکانی قەندیل‌و هۆشداریش لەسەر خراپیی ڕەوشی تەندروستیی ئاوارەکان دەدەن.

شۆڕش ئەمین، ڕێکخەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە دووەم وەجبەدا، کۆمەکمان گەیاندووەتە (٢٢٠)مـاڵ کە پێکهاتووە لە خواردن‌و جل‌وبەرگ، لە وەجبەی یەکەمیشدا، (١٢٠)ماڵ کۆمەکی ئێمەیان پێگەیشتووە».

وتیشی: «جگە لە ئێمە، هەندێک لایەنی تر کۆمەکیان گەیاندووەتە ئەو ئاوارانە، بەڵام هێشتا پێویستیان بەهاوکاریی زیاتر هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی تەندروستیی‌و ئاوی پاکەوە، چونکە زۆرێک لە منداڵی ئاوارەکان، تووشی سکچون بوون‌و لەبەر مەترسیی مارو دووپشکیش پێویستیان بە قەرەوێڵە هەیە».

تۆپبارانەکان، هێشتا بەردەوامن‌و شەوی (١٩-٢٠١٠/٦/٢٠) لەدوای سەعات (٨)ی شەوەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا زۆر بەسەختی بۆردومانی کوێستانەکانی سنووری سیدەکانی سەر بە قەزای سۆرانیان کردو لە ئەنجامدا خێزانێک کەوتنە بەر بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان‌و کچێکی تەمەن (١٦)ساڵیان بەناوی (زاهیدە محەمەد مەجید) گیانی لەدەستداو جگە لە زیانی گیانیی، زیانی مادییش بە شوانکارانی ناوچەکە گەیشتووەو نزیکەی (٦٠)سەر بزن‌و زیاتر لە (٢٠) مانگا لەناوچوون.

محەمەد مەجید، باوکی ئەو کچەی بە بۆردومانەکەی تورکیا شەهید بووە، باس لەوەدەکات کە سەعات (٨)ی شەوی ڕابـردوو، بۆردومانەکە دەستیپێکرد، لەئەنجامدا تۆپێکیش کەوتە ماڵی ئێمەو بووە هۆی ئەوەی کچێکم گیان لەدەست بدات‌و کوڕێکو خێزانیشم بەسەختی بریندار ببن.

مێش‌و مەگەز، پێشوازیی لە میوانانی سلێمانی دەکات

شارا عەبدولڕەحمان

کێڵگە پەلەوەرییەکانی کەنەکەوەو کارگەی چیمەنتۆکانی دەروازەی سلێمانی، فلتەر بەکارناهێنن‌و پاشماوەکانیان مادەی زیانبەخش‌و کۆژەر دەردەدەن‌و چەندین حاڵەتی نەخۆشیی‌و مردنی لەناو دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەریاندا لێکەوتووەتەوە.

لە دەروازەی زۆربەی شارەکاندا بە (گوڵو گوڵزار پێشوازیی لە میوان دەکرێت، بەڵام لە دەروازەی شارە خۆشەویستەکەی ئێمەدا، بە پیسی‌و بۆگەن پێشوازیی لەخەڵک دەکەین، ئاخۆ چۆن لە شارەکەمان بڕوانن؟). دانیشتووانی گوندەکانی (کێڵە سپی، کەنەکەوە، ڕاپەڕین، باوەمەردە، شێخ ڕەش، ئەحمەد ئاوا، سورگە)، لەنووسراوێکیاندا کە کۆپییەکی دەستی ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بەوەدەکەن کە بەهۆی بوونی کێڵگە پەلەوەرییەکانی (کەنەکەوەو کارگەی چیمەنتۆکان)ەوە لە نزیک گوندەکانیان، ژیان‌و گوزەرانیان خراپ‌و ناخۆشەو بۆ ماوەی (٢٠)ساڵیش دەبێت کە لەو بارودۆخە خراپەدان‌و حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە هیچیان بۆ بکات.

لە بەشێکی تری نووسراوەکەیاندا هاتووە: «وامانلێهاتووە کە بگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر، لەبەر مێشومەگەزو پیسی‌و بۆنی ناخۆش، چونکە ئەو کارگانە فلتەر بەکارناهێنن، بۆیە مادەی زیانبەخش‌و کۆژەر دەردەدەن کە حاڵەتی نەخۆشیی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی مردن».

دانیشتووانی ئەو گوندانە، داوادەکەن کە بەزوترین کات چارەسەری کێشەکەیان بۆ بکەن کە ئەوان ناویان ناوە(کارەسات)، هاوکات داوادەکەن کە قەرەبووی چەند ساڵەیان بکەنەوەو نووسراوەکەشیان بە ئیمزای ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانەوە ئاڕاستەی(پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی سلێمانی، ژینگەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی کشتوکاڵی سلێمانی) کردووە.

کەریم مەلا سدیق، نوێنەری سکاڵاکاران، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو کێڵگە پەلەوەرییانە، ئەو ناوچەیەیان هەراسانکردووەو بۆنێکی زۆر ناخۆشیان هەیە، شەقامە سەرەکییەکەی دەروازەی شاریشیان بێزراو کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین نەخۆشیی لەناوماندا بڵاوبووەتەوەو تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە چەند منداڵێکمان بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە».

جەنابی پارێزگاری کەرکوک دەزانیت؟!

ستار محەمەد قادر

دەزانیت پار هاوین شەوێکیان تێڵم بۆ کردیت، وتم ئاومان نییە، لە وەڵامدا وتت: من چی بکەم، من ئیستیقالەکەم وا لەنێو جانتاکەمدایەو دەمەوێت دەست لە کار بکێشمەوە؟!، بەڵام ئەوە ساڵێک بەسەر ئەو کۆنێکتە ناچارییەدا تێپەڕی، جەنابتان هەر پارێزگارن‌و لە شوێن‌و بان کورسییەکە دانیشتوون!.

من ئەمجارەیان تێڵت بۆ ناکەم، چونکە دەزانم گوێم لە هەمان پەندو بالوێرە دەبێتەوە، وەلێ حەزدەکەم بزانیت، کە بە ئەمڕۆوە وا بۆ چوار ڕۆژی خشت دەچێت، ئاوی بۆری سەری نەکردووە بەو گەڕەکەی ئێمەدا، جا نازانم دەبێت ئەم کێشەیە چ پەیوەندییەکی بە جەنابتانەوە هەبێت؟.

پار کە تێڵم بۆ کردیت، لە لای خۆمەوە وتم، بێ یەکو دوو ڕاست هەڵوێست وەردەگریتو بە زووترین کات دێی چاوت بە دانیشتووانی گەڕەکەکە دەکەوێت، من چاوەڕوانی ئەوە بووم عینوانم لێ وەرگرپت، کەچی ڕاستییان وتـووە ئـاش لە خەیاڵێکو ئـاشـەوان لە خەیاڵێک!.

من لێرەوە جەنابتان وەکو بەرپرسی پلە یەکی ئەم شارە دەبینم، جا تۆ چۆنی دەبینیتو چ تەفسیرێک بۆ ئەو کورسییەی ژێرت دەکەیت، ئەوەیان بۆ ڕای گشتیی بە جێدەهێڵین.

ئەمڕۆ بۆ جارێکی دیکە، ڕووی دەمم لە ڕێی ئەم وتارەوە لە جەنابتان دەکەم، پێت ڕادەگەیەنم بێئاوین، بە ماناو واتای گەڕەکێک لە ئاوی خواردنەوەو ئامێری فێنککەرەوە مەحرووم کراون، ئەگەر بە زەحمەتی نابینن، دەتوانن خۆتان نا، بەڵکو باوەڕپێکراوێکی خۆتان بۆ دڵنیایی بۆ شوێنی مەبەست بنێرن.

ناونیشان
گەڕەکی ڕاپەڕینی یەکەم
پشت ناوچەی پێنج

قەدەغە لەسەر ڕاوکردنی ماسی هەڵگیرا

شاسوار مامە- ڕانیە

وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی کۆتایی هاتو ڕاوچییەکان ڕوویان لە چەمو ڕووبارەکان کردەوە بۆ ڕاوکردن، لەماوەی قەدەغەکردنی ڕاوە ماسیشدا (٤٠) کەس دەستگیرکراون.

بە بڕیاری حکومەتی هەرێم سالانە لە (٤/١) بۆ (٦/١٥) ڕاوکردنی ماسی بەهۆی گەڕا دانانیانەوە لە ناوچەکانی کوردستان قەدەغە دەکرێتو دوای ئەو ماوەیەش لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی پۆلیسی دارستان ڕاوکردنی ماسی دەستپێدەکاتەوە.

لەئێستاشدا ڕاوچییەکان دەستیانکردووەتەوە بە ماسی گرتن لە دەریاچەی دوکان‌و دەربەندی ڕانیەو چاوەڕوانن زۆرترین ماسی ڕاو بکەن بۆ ئەوەی بیخەنە بازاڕەکانی کوردستان‌و بژێویی ژیانیان دابین بکەن.

محەمەد عەزیز، ڕاوچییەکە کە زیاتر لە (٣٠) ساڵە ڕاوی ماسی دەکات‌و هەموو شەوێک تۆڕەکەی دەخاتە ئاوی دەربەندی ڕانیەو لە بەردەبەیانی ڕۆژی دواتر تۆڕەکەی هەڵدەگرێتەوە، دواتریش ماسییەکانی دەفرۆشێت، ئەو ڕاوچییە وتی: «بژێویی ژیانمان لەسەر ڕاوکردنی ماسییەو لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان ڕاوی ماسی دەکەم».

عومەر خدر، ڕاوچییەکی دیکەیەو ماوەیەکە خەریکی ئەو پیشەیەیە (٢) مانگە بەهۆی قەدەغەکردنی ڕاوە ماسییەوە هیچ نیچیرێکی ڕاونەکردووەو چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی ڕاو بووە، باس لەوەدەکات: پۆلیسی دارستان ئەو ماوەیە دەربەندی پاراستووەو ماسییەکی زۆر هەیە لە دەریاچەی دوکان‌و دەربەندی ڕانیە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی دارستانی ڕانیە موقەدەم عەبدوڵڵا چاوڕەش، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات: تەنیا لە سنووری شاری ڕانیە (٤٠) ڕاوچی لەماوەی قەدەغەکردنی ڕاوی ماسی دەستگیرکراون‌و ژمارەیەکی زۆریشیان غەرامەکراون، وتیشی: لە سەعات (١٢)ی شەوی (٦/١٥) ماسی گرتن دەستیپێکردووەتەوەو بەپێی ڕێنمایی تازە ڕاوکردن بە کارەباو تەقەمەنی‌و دەرمان قەدەغەیەو ئەنجامدەرانی بە تۆندی سزا دەدەڕێن.

دەریاچەی دوکان‌و دەربەندی ڕانیە سالانە دەبنە وێستگەی ڕاوکردنی ماسی‌و دوای زیاتر لە (٢) مانگ بەسەر قەدەغەکردنی ڕاوی ماسی، ڕاوچییان دەست دەکەنەوە بە ڕاوکردن‌و ڕۆژانە بە هەزاران کیلۆ ماسی دەخەنە بازاڕەکانی کوردستانەوە.



سوپای کوردستان بۆ ڕۆژی تەنگانەیە؟



دڵشاد حافز

سوپایەک کە تەنیا لە سەربازگەکاندا جێگیرکرابێ و لە هیچ چالاکییەکی سەربازیی دژی پەلامارەران و داگیرکەران دەستبەکارنەبن، بەمە دەوترێت سوپا؟

دەگێڕنەوە کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، پیاوێکی تورکمانی کەرکوک بۆ کاسبیو چەرچێتی ڕوو لە گوندەکانی گەرمیان دەکات، لە ڕێگا تووشی ڕێگرێک دەبێتو هەرچییەکی پێیە لێی دەستێنێت، کابرای تورکمان بە بێئومێدیی دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوکو ڕوو لە بازاڕی حەسیرەکە دەکات، هاوڕێو برادەرە کوردو تورکمانەکانی لە دەوری کۆدەبنەوە، تا بزانن چی لەگەڵ خۆی هێناوە وەکو: گەنم، جۆ، هەنگوین ...هتد. کابرای تورکمان لە ماینەکەی دادەبەزێتو بەسەرهاتی ڕووتکرنەوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، پیاوێکی هاوڕەگەزی خۆی پێی دەڵێت، ئەی ئەو خەنجەرە چییە بە بەر ورگتەوە، بۆ خۆت پێ نەپاراست.. کابرای تورکمان دەڵێت: (کە ڕێگرەکە پەلاماری دام، من لە بان ماین بووم، دەستێک لە ڕەشمەی ماینو دەستێک لەسەر خەنجەرەکەم بوو، خۆ من کەڵەشێر نیم، بە دەندوک شەڕ بیکەم). وتیان، دەی باشە، بۆ خەنجەر هەلدەگریت، وتی: (ئێ بابە، بۆ ڕۆژی تەنگانە).

لە وڵاتەکەی ئێمەدا ئەزموونێکی (٢٠)ساڵەیی لە ئارادایە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەو حکومەت، پەرلەمانێکی هەڵبژێردراومان هەیەو لەجیاتی سوپایەک، دووانمان هەیە، لە جیاتی ئاسایشێک، دووانمان هەیە، ئەگەر بەراوردی خۆمان بکەین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئێمە زۆر لە پێشترینو لە هەموو شتێکدا دەبلمان هێناوە، وڵاتانی دراوسێ بە چاکی کوردستانیان کردووە بە بازاڕێکی فراوان بۆ بازرگانیو ساغکردنەوەی کاڵاکانیانو قازانجی بەرچاویان بەدەستهێناوە، ئەگەر چی ئێمەش لە ڕووی ئابووریەوە گەشەی باشمان کردووەو جوڵەیەکی ئابووریی فراوان ڕووی لە بازاڕەکانمان کردووە، بەڵام بە داخەوە، ئەدای حکومەتی هەرێم لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی سستییەکی، یان کەمتەرخەمیی ترسناکی پێوە دیارە، لەوەی کە نەیتوانیوە سوپایەکی یەکگرتوو لە کوردستاندا دابمەزرێنێت لەسەر بنەمای دەستووریی، واتە سەربازی خۆبەخشانە، یان بە زۆر (ئەرک) (التجنید الاجباری) وەکو ئەرکێکی نیشتمانی بۆ هەموو تاکێکی کورد بچەسپێنێت، ئەمەش ئاشکرایە کە هەردوو حیزبەکەی کوردستان، بۆ ماوەی زیاتر لە (٥٠) ساڵە هێزی پێشمەرگەی تایبەت بە خۆیان هەیەو ئامادە نین، دەستبەرداری بن، کە پێموایە، لەبەر بێمتمانەییانە بە یەکتر، یان لەبەر خۆشەویستیی دەسەڵاتو پلەو پایەیە کە زەحمەتە بۆ نەوەی نوێی جێبهێڵن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین گورزی کوشندەیە کە لە جەستەی ئەم هەرێمە دەدرێت.

لە سیستمی حوکمڕانی جیهانیدا، تەنانەت وڵاتانی دونیای سێیەم، یان وڵاتە هەژارەکان، پلانی پێنج ساڵەیان هەیە (الخطة الخمسية)، لەو پلانەدا خەلکانی پسپۆڕو شارەزا هێڵەگشتییەکانی بەڕێوەبرنی وڵاتو دانانی بودجە دەستنیشان دەکەن، پێش وادەی خۆیو دەدرێتە پەرلەمانو پاشان کاری پێدەکرێت، ئەمە یەکێکە لە ئەولەویاتی هەر حکومەتێک کە وڵات بەڕێوەدەبات.

لە هەرێمی کوردستاندا گەورەترین بودجە بۆ سوپا تەرخانکراوە، کە ئەمە کارێکی زۆر باشە بەتایبەتی ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ مەشقو ڕاهێنانی سەربازو پێشمەرگەکانو سازدانو ئامادەکردنی شورایەکی پۆلایین لە دەوری هەرێمی کوردستان، بەڵام سوپایەک کە تەنیا لە سەربازگەکاندا جێگیرکرابنو لە هیچ چالاکییەکی سەربازیی دژی پەلامارەرانو داگیرکەران دەستبەکارنەبن، بەمە دەوترێت سوپا؟، بە تایبەتی ماوەیەکی زۆرە ئێرانو تورکیا تۆپبارانی سنوورەکانمان دەکەن، هاوڵاتییانمان دەکوژنو دەربەدەریان دەکەن، خەڵەوخەرمانی ئەمسالیان دەسووتێننو قوتابخانەو مزگەوت وێران دەکەن، پردو ڕێگاوبانەکان دەشێوێنن، کەچی کەس ورتەی لێوە نایەت، ئەمەش چیرۆکی کابرای تورکمانمان دەهێنێتەوە یاد، بەڵام بە شێوەیەکی تر. ئەگەر لە دەسەڵات بپرسیت، بۆ سوپا دەوری خۆی نابینێت لە پاراستنی سنووری هەرێمدا، لە وەڵامدا دەڵێن، (دەستێک بۆ دۆلارو دەستێک بۆ سەیارەی نوێ، خۆ ئێمە سپایدەرمان نین، بە چیاکاندا هەڵگەڕێین).

پەیوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانو دواسێکانمان، پەیوەندییەکی کۆنەو لە سەردەمی خەباتی چەکداریەوە درێژەی هەیەو تا ئەمڕۆ ئەمە کارێکی پێویستە، چونکە تۆ ناتوانی ئیدارەی حکومەتەکەت بە باشی بەڕێوەبەری ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ دراوسێکانت باش نەبێت لە ڕووی سیاسیی، ئابووریی، تەنانەت کلتووریشەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بۆ شەقامی کوردی، ئەوەیە کە دوای دابەزین لە شاخو بەڕێوەبردنی ئیدارەی هەرێمو هەڵبژاردنی پەرلەمانو هاتنەکایەی حکومەت، بەپێی دەستوور لە چوارچێوەی عێراقدا، هێشتا پەیوەندییەکان هەمانشێوەی پەیوەندی عابدو مەعبودە، یان ئاغاو جوتیارە، هەرگیز جاوپێکەوتنەکان ناگەنە ئاستی قەرارگا بەرزتر، سەرەڕای ئەم دۆخە، دیسان دوو نوێنەراییەتی حیزبیمان هەم لە تورکیاو هەم لە ئێران هەیە، نەک حکومیی، لە کاتێکدا دەبوایە بۆ ڕێزگرتن لە خۆمانو ئەزموونەکەمان لە ڕێگەی کەنالی دیبلۆماسییەوە ئەم پەیوەندییانە ئەنجام بدرانایە، بۆیە بە ڕای چاودێرانی سیاسیی، سنووری پەیوەندییەکان زۆر تەسکنو دراوسێکانمان کوردستان وەکو پردێک بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆلکردنی دۆخی نالەباری عێراقو هەوڵی خۆیان جدیتر دەکەن بۆ پشتگیریی شیعەکانو تورکمانەکان، زەرەرمەندی یەکەمو کۆتایی هەر ئێمەی کورد دەبین، لەبەر شپرزەییو نەبوونی گوتاری سیاسیی کوردیمان لەم بوارەدا، میدیای حیزبیی بیری تاکەکان چەواشە دەکاتو ڕاستییەکان دەشارنەوەو ناتوانن بە شەفافانە جۆرو شێوەی پەیوەندییەکان بۆ جەماوەر ئاشکرا بکەن، تائێستاش لە عێراقدا باسی فیدراڵییەت ناکرێتو زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراقی، هەریمی فیدراڵیی کوردستان بە (شمال العراق) ناودەبەن، ئەوەی کە باسی فیدراڵیەت دەکات هەر کورد خۆیەتیو جگە لە چەند کەسایەتییەکی شیعە نەبێت، کە ئەوانیش زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق پێکناهێنن.

ئەگەرچی ئەمریکاو بەریتانیاو تەنانەت ئەوروپاش، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە یارمەتی کوردیان دا، بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامو پێدانی کەلوپەلی سەربازییو مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەو کردنەوەی دەرگای خەزێنەکانیان بە ڕووی هەردوو زلهێزەکەی کوردستاندا، بەڵام بە داخەوە، سیاسەتمەدارانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی بەرپرسی پەیوەندییەکان بوون، نەیانتوانی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرزبکەنەوەو لە پەیوەندیی مرۆڤایەتییەوە بۆ پەیوەندیی سیاسیی، تا ئێستا ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی عێراقدا ئێمەی کورد دەناسێت، نەک وەکو نەتەوەیەکی چەوساوەو ژێردەستە،ئەمریکاو ئەوروپا لەپێناوی پاراستنو گەشەپێدانی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانیان، هەم سەدامو ڕژێمەکەیان ڕووخاند، هەم ئێمەشیان بەکارهێنا لەم جەنگەدا.

پاش پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا، ئومێد لە دڵی خەڵکیدا پەیدابووەوە، کە ئەو شاندەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانی عێراقدا دەکەن، هەیبەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکەن، ڕێز بۆ تاکی کورد بگەڕێننەوەو لە هەمووی گرنگتر، پارێزەرێکی ئازاو چاونەترسی بن، شەڕێکی دیبلۆماسییانەی شارستانییانە بەرپا بکەن لە بەغدا لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییماندا.

گۆمەکە قووڵە...بەڵام

سەیفەدین مەنمی

بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی نەیتوانیوە بارودۆخی ناوخۆی هەرێم سەقامگیرو ئارام بکاتو مالی کورد دلسۆزانە ڕێکبخاتەوەو درزەکانی نێوانیان پرکەنەوە، لەهەمان کاتیشدانەیتوانیوەهاوسەنگیی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ڕابگرێت، ئەگەرچی کەنالی ڕاگەیاندنەکان ئەوە دەگەیەنن، کە دیبلۆماسیەتی کوردی لەگەڵ دەوروبەردا زۆر تووندوتۆڵو چالاکە، بەڵام دەرئەنجامەکانی وا ناخوێندرێنەوە، چونکە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردیدا بەرپرسانی ئەم وڵاتە تاڵەبانیو بارزانییەوە بگرە تاکو دەگاتە نێچیرڤانو د.بەرهەم سالح، دەیان سەردانو چالاکیی دیبلۆماسیان کردووە بۆ وڵاتانی ئێرانو تورکیاو گفتوگۆیان لەگەڵدا ئەنجامداون، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەنجامێکی باشی ئەو سەردانو گفتوگۆیانە لەناوخۆی هەرێمدا ڕەنگی نەداوەتەوە، کە خۆشیان بەسەردانی سەرکەوتوو و بەرهەمدار باسیان کردووەو پەیوەندیی پتەوی دۆستانەی هەرێمو ئەو وڵاتانەیان بەڕاگەیاندنەکان داوە، کەچی هەر چەند ڕۆژی دوای هاتنەوەیان لە مالی دۆستەکان، تۆپبارانو هێرشی فڕۆکەی جەنگی هەردوو وڵات بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان ئەنجامدراوە، ئایا ئەمە پەیامی دۆستانەیە بۆ هەرێمو کاربەدەستانی؟ ئایا ئەمە دیبلۆماسیەتی سەرکەوتووی کوردە بۆ ئەو وڵاتانە؟ ئەم هەڵسوکەوتە بێ ئەنجامانەی بەرپرسانی کوردستان نیگەرانییەکی زۆری لە شەقامی کوردیدا خستووەتەوە، چونکە ئەوەی کە سەرکردایەتی کوردو حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر ئەنجامیانداوە، تەنیا بواری بازرگانییە،بازرگانیش نابێتەهۆی پاراستنی سنوورو ئەمنو ئاسایشی نەتەوەییو نیشتمانیی، بەڵکو دەبێتەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی خاوەن کارو کۆمپانیاکان، کە هاوردەو بردووی کاڵاکان دەکەن لەنێوان هەرێمو ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی بازرگانی بە نەوتی نایاسایی و گوماناوی، کە ڕۆژانە بەرەو ئێرانو تورکیا بەڕێدەخرێنو داهاتەکەشی گوماناوییو شاراوەیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە سەردانەکانی بەرپرسانی هەرێم لەبواری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو نیشتمانییەوە تاکو ئێستا بەرهەمێکی بەرچاوی بۆ خەڵکی کوردستان نەبووە، کە مرۆڤ گومان لەوە دەکات بەرپرسانی هەرێم جگە لە مەسەلە بازرگانییەکان، شتێکی دیکەیان لەگەڵ ئێرانو تورکیا باس نەکردبێت، ئەگەر وانییە بۆچی ئێرانو تورکیا پابەندی هەموو بواریکی بازرگانییو کۆمپانیاکانی خۆیانن لەناو هەرێمداو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەچاکی دەپارێزن، بەڵام ئامادەنین هاوسەنگییەکی دۆستانە لەگەڵ هەرێم لەبواری ئەمنو ئاسایشدا ڕابگرن؟! ئەی ئەگەر وانییە ڕۆژانە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانو چۆلکردنی گوندەکانو شەهیدو بریندارکردنی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە مانای چییە؟! ڕەنگە گوێنەدانی بەرپرسانی هەرێم بەم وێنە تراژیدییە، ئەوە بێت کە بواری بازرگانیی بەتایبەتی نەوتە گوماناوییەکە بەرپرسانی شەرمن کردبێتو لەڕوویان نەیەت داوای ڕاگرتنی دەستدرێژییەکانیان بکەنو داوای پاراستنی سنووری هەرێم بکەن.. ئەی ئەگەر وانییە ئاوارەبوونی چەندین ناوچەو دەیان گوندو سەدان ماڵو ئاگر تێبەردانی پووشو پاوانو خەڵەو خەرمانو ڕەزو باخی خەڵکی ستەمدیدەو دەستبەسەرداگرتنی مەڕو ماڵاتو سوکایەتیکردن بە شوانو گاوانی ئەو ناوچانە لە وێژدانی کام پەرلەمانو کام حکومەتو کام دەسەڵاتدا جێگەی دەبێتەوە؟!

ئێمە دژی پەیوەندیی دۆستانەو بازرگانیی نێوان هەرێمو ئەو وڵاتانە نین، دژی سەردانو دیبلۆماسیەتی ڕاستو دروست نین، بەدڵنیاییەوە زۆریش پێویستن، بەڵام ئێمە با ستراتیژ نەکەین بە قوربانیی تاکتیک، با بەرژەوەندییە بازرگانییەکان سەری بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی وڵاتمان نەخواتو هەردووکیان پێکەوە بەرجەستە بکرێن، وەکو یەک ڕێز لە هەردووکیان بگیرێت، بەداخەوە ئەوەی ئێستا لەنێوان هەرێمو ئەو وڵاتانەدا هەیە، نەک هەر پەیوەندیی دۆستانە نییە، نەک هەر دیبلۆماسیەتی سەرکەوتووی سەردەم نییە، بەڵکو تراژیدیایەکی زەقو ماڵوێرانییەکی سەختە بۆ کۆمەڵگەی کوردی، ئەوان هەر گۆشتەکەمان ناخۆن، دەیانەوێت ئێسکەکانیشمان بکرۆژن، ئەوەتا جگە لەوەی کە ڕۆژانەبەرهەمی کشتوکاڵییوئاژەڵییوکەرەستەی پیشەسازییو نەوتی ڕەشمان لێوەردەگرنو دەیکەنە هۆکارێک بۆ پتەوکردنی ئابووریی خۆیان، لەهەمانکاتدا ڕۆژانە سەدانو هەزاران تەن کاڵای بێکەڵکو خۆراکی بەسەرچوو و ئامێری کارەبایی بێ ستاندارد دێنن بازارەکانی کوردستانو ساغیان دەکەنەوەو بەرهەمەکانی خۆمالیی خۆشمان بێ نرخ دەکاتو ماندووبوونی جوتیارەکانمان بێ ئەنجام دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەو وڵاتانە لە سەنگەردان بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردیو پووچەڵکردنەوەی ئەزموونەکەی، لە سەنگەردان بۆ شەڕفرۆشتن بەخەڵکی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانو بەترساندنو تۆقاندنو هەڵکەندنی خەڵکەکەی لەزێدی باپو باپیرانی خۆیان، ئەویش بە بیانووی پەکەکەو پژاکو چەندین بیانووی بێ بەڵگەو بێ بناغە، باشە کە دۆستەکانمان بەم شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ بکەنو ئێمە بە گوڵو ئەوان بە بۆمبو فڕۆکە وەڵامان بدەنەوە، شانازییەکەی دیبلۆماسیەتی کوردی چ مانایەک دەگەیەنێت؟ ئایا بێدەنگبوونی بەرپرسانی هەرێمو دەسەڵاتی ناوەند لەو هەڕەشەو دەستدرێژییانەی ئێرانو تورکیا نابێتە هۆی دروستبوونی دەیان پرسیار؟!!

ئاگادارییەک لە (گۆڤاری شەن)ەوە.

خوێنەرانی بەڕێزی (گۆڤاری شەن) ئاگادار دەکەینەوە کە لە ژمارە (٢٢)ـدا بە دواوە کاک ڕێبین شێرکۆ دەستی لە خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە کێشاوەتەوە، ئێستا (عەلی فەتاح مەجید) خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری (شەن)ە. لەگەڵ ڕێزماندا

ستافی گۆڤاری شەن

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٣٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ – ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت سارەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

میدیای حیزبی.... کفرە گەورەکە



مەحمود رەزا ئەمین

١-٢

جارێک گوێم لێ بوو کادرێکی حیزبی وتی: ((پرۆژەیەکم دا بە حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات ناوەندێکی چاپ و پەخشی «بێلایەن» دامەزرێنم، رازی نەبوو، دوایی پرۆژەکەم دایە سەرکردایەتی فلان حیزب و قەبوولْ کرا... ئێ کاکە خۆ حیزبەکان دیوەخانانە دەدەن بە عەشایەرەکان، بەمنی بدەن بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی راگەیاندن باشترە، یان بیدەن بە دیوەخانانە؟)).

مامۆستایەکی زانکۆ، کە لەو بەرنامەیەدا بەرامبەری بوو، بێ بیرکردنەوەو بێ وەستان وتی: «وەللاّ بە تۆ».

ئەوەندەی ئەو مامۆستا بەڕێزە بناسم گومانم هەیە ئەو وەلاّمە لە دلّی و ئەقلی هاتبێتە دەر، چاوەڕێی بووم بەو راشکاوییەی پێی ناسراوە لە وەلاّمیدا بلێ: «ئەگەر دیوەخانانە کفر بێ، ئەوا بەکارهێنانی پارەی میللەت بۆ راگەیاندنی حیزبی کفرە گەورەکەیە».

راگەیاندنی حیزبی خزمەتە، یان کفری گەورە؟

بەرلەوەی بچمە سەر زیانەکانی راگەیاندنی حیزبی، ناکرێ هەندێک باشەی ئەم راگەیاندنە فەرامۆش بکەم، خۆم لە هەلسەنگاندنی باشەو خراپەکانی قۆناغی پێش راپەڕینی سالی (١٩٩١) دەپارێزم، کاری ئەم وتارە نییە، باشەکانی دوای راپەڕینی باس دەکەم:

١- لە غیابی پەیمانگەو کۆلیژی پێگەیاندنی راگەیاندنکاری کوردستاندا رۆڵیان بینی.

٢- لە غیابی یەک وتاریی سەرکردایەتی کورد لە بەرامبەر رژێمی بەعس و هێرشو پڕوپاگەندەی ولاّتانی دراوسێدا هەریەکەیان بەشێک لە ئەرکی سازدانی جەماوەرو پاراستنی ئەزموونی کوردستانیان، لە دژی بیروڕای شۆڤێنییانەو رەفتاری دوژمنانەی داگیرکەران، راپەڕاند.

٣- لەو زەمانی نەبوونی و نەدارایی یەدا، هەریەکەیان کوانووی دەیان خێزانی گەرم داهێنایەوە.

٤- لە بواری تەکنیکدا هەریەکەیان دەیان کادری پێ گەیاند... چاپخانەی باشیان هێنایە کوردستان...چەند دەزگایەکی چاپ و پەخشی کتێبیان دامەزراند، کە هەندێکیان (کەمترن لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک)، تائێستاش بەسوودن... هونەری دیزاین و دەرهێنانی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی یان پەرە پێدا.

میدیای حیزبی ئەگەر ئەوێ رۆژێ، بۆ ماوەیەکی کورتی دیاریکراو قازانجی هەبووبێت، ئێستا بەڕێژەیەکی ترسناک بووەتە زەرەر بۆ دۆزی کوردو پرسی دیمۆکراسی، لە خوارەوە هەندێک لەو زیانانە دەژمێرم:

١- قوولکردنەوەی بیری تەسکی حیزبایەتی لە زهنی کادرانی میدیای حیزبی داو، لە رێگەیانەوە شۆڕکردنەوەی بۆناو کۆمەڵو بەتایبەت بۆ ناو ئەندامەکانی حیزب، وەکو: پیرۆزکردنی سەرکردەو بنەماڵەو حیزب؛ زاڵکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو سیانە بەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانیی و نەتەوەیی و گشتییەکاندا؛ زاڵکردنی قانونەکانی حیزب و قانونی جەنگەڵو پاشاگەردانی بەسەر قانونە مەدەنییەکاندا. بەوجۆرە سەدان کادری سەرکردە پەرستو حیزب پەرستو بنەماڵە پەرستیان بەرهەمهێناوە، کە لەباتی ئەوەی خشتی خێر بن بۆ ناو دیواری رۆژنامەگەریی کوردی، بوون بەخەتەر لەسەر دنیای رۆژنامەگەریی ئازادو ئەهلی، کە بەبێیان هەرگیز دەسەلاّتداری دلسۆزو دیمۆکراتو گەل پەرستو ولاّت پارێز دروست نابێت.

٢- گەرمتر کردنی ئاگری شەڕی ناوخۆ، بە هۆیەوە هەزاران رۆلەی کوردستان کە دەبوو بە کەرامەتەوە بژیایەن و لە ئاوەدانکردنەوەی ولاّتدا کەلک لە وزەو سەلیقەیان وەربگیرایە، کرانە سووتەمەنی بۆ دریژەکێشانی شەڕی ناوخۆ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانانی شەڕو تاقمێکی دیاریکراو لە هەردوو بەرەی شەڕ.

٣- رۆلی کاریگەری بینی لە دابەشکردنی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، بۆ دوو ناوچەی لێک دابراو، هەر پارچەیەکیان کرایە گیتۆی یەکێک لە دوو حیزبە گەورەکەو تا ئەم چرکە ساتە دریژەی هەیە.

٤- ناکۆکییەکانی نێوان دوو حیزبەکەی وا تۆخ کردەوە کە تائێستاش، سەرەڕای هەبوونی «رێکەوتنی ستراتیژیی» سەرکردایەتی و بنکردایەتی هەردووکیان، پاشەملە، پیش لەیەک دەخۆنەوە، لە تەواوی ماوەی شەڕی ناوخۆدا، راگەیاندنی هەرلایەک لە لایەنەکانی شەڕەکە، لایەنی بەرامبەری وەکو دوژمنی کوردو کوردستان وێنا دەکرد، ئەم کەلّچەرە تائێستا دریژەی هەیە، هەر یەکێک لەو دوو حیزبە لە هەر قۆناغێکدا، لە هەر هێزو لایەنێکی هەڵپێچا بێت، قەڵەمەکانی شەڕی هاندراوەو بەری داونەتە گیانی بەرامبەر، راگەیاندنی یەکێتی بەرامبەر بزووتنەوەی گۆران لە قۆناغی پێش هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠/٣/٧)و، راگەیاندنی پارتی بەرامبەر هەمان هێز لە پرسی کوشتنی رۆژنامەنووسی لاو، سەردەشت عوسمان دا، نموونەی بەرجەستەن.

٥- مەودای خۆڵەمێشی سڕیوەتەوەو بواری بۆ ئازادیی رەئی و ئازادیی وێژدان نەهێشتووەتەوە: «یان لەگەڵ حیزبی، یان دوژمنی گەلو ولاّتی!».

٦- ئاسایشی سەرکردەو ئاسایشی بنەماڵەو ئاسایشی حیزبی یەکسان کردووە بە ئاسایشی نیشتمانیی و نەتەوەیی.

٧- لە تێکڕای ئەو پرس و بابەتانەدا، کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستانەوە هەبێت، میدیای حیزبی و کادرەکانی بە بەرژەوەندیی حیزب دەکەونە سەنگەرگرتن لە خەڵک، جوانکردنی ناشیرینییەکانی دەسەلاّتو حیزبەکانی، بچووککردنەوەی هەڵەو خەتاو تاوانەکانیان و بە (گا) کردنی (کێچ)ی «دەسکەوتەکانی حیزب بۆ گەل»، بوون بە ئەرکی «پیرۆز»ی میدیای حیزبی و کادرەکانی، پرسەکانی: بودجە؛ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان؛ خزمەتگوزاریی لایق بۆ هاوولاّتییان؛ دیاردەی گەندەلی؛ قۆرغکردنی دەسەلاّتی سیاسیی و ئیداریی و ئابووریِ؛ داتەپاندنی بەئەنقەستی ئابووریی کشتوکاڵی؛ زاڵکردنی حیزب بەسەر حوکمەتدا؛ پەلامارادنی رۆژنامەگەریی ئەهلی و رۆژنامەنووسانی ئازاد؛ دزینی سامانی گشتیی و بەتاڵانبردنی سامانی سەرئەرزو ژێرئەرزی کوردستان؛ تەزویرکردنی هەڵبژاردنەکان و ..هتد، هەندێک لەو پرسە خەتەرانەن، کە لەکاتی وروژاندنیاندا لە لایەن ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئەهلییەوە، بەدرێژایی خەت میدیای حیزب، بە قازانجی حیزب، دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی زانیاریی درۆ، هەڵگێڕانەوەی راستییەکان بۆ تێکدانی زەینی خەلک و شێواندنی رای گشتیی.

٨- کوشتنی کەسێتی و ئابڕوبەتی کادری راگەیاندنی حیزبی، دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان لەبەرئەوەی هەریەکەیان لە ناوچەی حوکمڕانیی خۆیدا نانی هەموو خەلکی خستووەتە دەستی خۆی، بە گشتیی ئابڕوبەتی مرۆڤی کوردستانییان تێکشکاندووە: «یان بە تەپڵو زورنام هەڵدەپەڕی، یان نانت دەبڕم... راوت دەنێم... ژیانت لێ تاڵ دەکەم... دەتکوژم». بەڵام بە تایبەتی ئابڕوبەتی کادری راگەیاندنەکانی خۆیانیان خراپتر تێکشکاندووە، تایبەتتر ئەوانەیان کە بەتەنیا نانو ترس لە برینی، بە میدیای حیزبەوە گرێی داون و لەکاتی قەیرانەکاندا پێچەوانەی فیکرو بیروڕای خۆیان، دەیانخەنە کارو جنێونامەیان پێ دەنووسنو پێ دەخوێنەوە.

وەزیری پەروەردە لە سلێمانی چ باسە



بەرزان عەلی مەجید

پێم سەیرە لەسەر بەرزایی هەر قوتابخانەیەک بە خەتێکی درشت نووسراوە «ئامانجمان پەروەردەو فێرکردنە»، بەڵام بەداخەوە ئەم دروشمە هەروەک دروشمە سیاسییە بەدینەهاتووەکانی دیکە تەنیا لە چوارچێوەی دروشمو وەک قسەی باقو بریق ماوەتەوە، ئاخر من زۆرم لەلا سەیرە موفەتیشێکی بەتەمەن کە ئەزموونێکی سی سالّ زیاتری بواری فێرکردنی هەیە، وەک پیاوێکی سەربازیی رەفتار بکاتو کەس نەتوانێت لە بەردەمیدا هەناسەش بدات، تەنانەت ئەو وەک ئەوەی ئیسرائیل بێتو فەلەستینی بەزۆرو جەور گرتبێت مامەلە دەکاتو کەس ناتوانێت بە تیلە چاوێکیش سەیری کاتژمێرەکەی دەستی بکات، چونکە ئەو وەک ئیزرایل بەسەر سەرتەوە ئامادەیەو لەوانەیە ئەگەر تووڕەیی قولپبدات، وەک دار پییەکی پیر رۆحت لە رەگەوە هەلکێشێت.

ئاخر جەنابی وەزیر تۆ دەزانی هۆڵی قوتابخانەو تاقیکردنەوەکان دەڵێی بەشی خوارەوەی دۆزەخو مەنجەنیقێکی هەمیشە پڕ لە ئاگرە، ئێمەش وەک تاوانبارێکی دە سەدە پێش زایین لە گەرمای ئەو مەنجەنیقەدا هەڵپڕوکاوینو لەبەردەم رەحمەتی سپلیتی خودایێدا هەر چاوەڕوانی گۆدۆین، ئیدی بەم مەزاجەوەو لەو کەشە پڕ لە حەسرەتەدا چۆن دەتوانین لە وانەکان تێبگەین؟ ئەدی چۆن دەتوانین تاقیکردنەوە ئەنجامبدەینو نمرەیەکی باش وەربگرین؟

بەڵێ جەنابی وەزیر، ئایا دەکرێت لە ئێوە بپرسم بۆچی بڕیارەکانی پەرلەمان تەنیاو تەنیا لە هۆڵەکانی خوێندنو تاقیکردنەوەدا جێبەجێدەکرێت بەسەر قوتابیو خوێندکاری بەستەزمانو هیچ لەدەست نەهاتوودا؟، مەگەر تۆ نازانیت کەئابەی خوێندکار دەگاتە تڕۆپکو دلّی لە خولەکێکدا یەک ملیۆن جار لێ دەدات؟، ئەوە لەولاوە بێ کارەباییو گەرمای هاوینە سووتێنەرەکەو تۆزو خۆڵی جنوبە حەیاتەکە هەر لە باسکردن نایەت، کە بۆ مەزاجی قوتابی بوونەتە ملۆزم و مێشکی لە رۆژێکدا سەدجار فۆرمات دەکەنو چی بەرنامەو داتای لەسەرە لە بناغەوە دەیسڕنەوە.

بەڕێز جەنابی وەزیر، دەکرێت من ئەوە بپرسم لە کوێی دنیادا ژمێریارت بینیوە بە پەنجە حساب بکات، ئایا لەم سەردەمی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەدا ژمێریارەکانی ئێمە بە پەنجە حسابی داهاتو خەرجی حکومەت دەکەن؟، باشە ئەگەر ئەمە وا نییە بۆچی خوێندکارانی ئامادەیی بازرگانییەکان بۆیان نییە حاسیبە بەرنە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەوە، خۆ ئەوان نۆستردامۆس نین ئەو هەموو ژمارەیە لە مێشکیاندا پێکەوە کۆبکەنەوەو لێکی دەربکەن؟، من دەپرسم ئاخر چۆن سەر لەو هەموو ژمارەیە دەربکەن، ئەگەر حاسیبە نەبێت؟. ئایا تۆ سەربازت بینیوە لەبری تفەنگ دەمەقاچانی پێببێت؟ تا ئێمە ژمێریاری بێ حاسیبە قبوولْ بکەین!!.

بەڕێز جەنابی وەزیر، حەزدەکەم ئەوەش بپرسم، بۆچیو لەبەر کام هۆکارو هۆی ئەمنیی قەومی رۆژنامەنووس بۆی نییە بچێتە هەر وەک ئەوەی پاچەکۆڵەی کردبێتو نیوەی کوردی لە فەوتان رزگارکردبێت.

بەڕێز جەنابی پەروەردە، خۆزیا خۆتان تەشریفتان بهێنایە بۆ سلێمانیو ئەو هەموو شتە عەنتیکەیەتان لە پەروەردەی شارەکەماندا بە چاوی سەر دەبینی، هیوادارم لەکۆتاییدا ئەم وتارەی من بە رۆحێکی وەرزشییەوە لە یەکەم دێرەوە تا کۆتایی بخوێنیتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی بەکردەوە بهاوێژن لە راستای چاککردنی ئەو بارە خراپەی پەروەردەو فێرکردن لە شاری سلێمانیداو باقی وەلسەلام.



سروشت‌و تۆپباران



بابەکر دڕەیی

کەناڵی «جەزیرەی بەڵگەنامەیی» یەکێکە لەو کەناڵانەی ناسراوییەکی جیهانی هەیە. پێڕێ بەرنامەیەکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بەسنووری تەلبەندکراوی نێوان کۆریای باکوورو باشوور هەبوو. بەدرێژایی سنووری دو وڵات ناوچەیەکی چەند کیلۆمەتری هەیە کە بۆتە شوێنی ژیانو ژیانەوەی هەزاران جۆر گیانەوەرو باڵدار... تیمی پزیشکی کۆریای باشوور لەکاتی پێویستدا سەردانی جێگەی دیاریکراو دەکەنو گیانداری تەرەبوو، قاچپەڕیو بەمین، گیرخواردوو لەناو تەلی درکاویدا رزگار دەکەن و لە مردن دوریان ئەخەنەوە.

بەحوکمی ئەوەی هیچکام لە کۆریاکان بۆیان نییە هاموشۆی ناوچەکە بکەن، مەترسی بۆسەر ژیانی زیندەوەرەکانی ناوچەی قەدەغەکراو کەم بووەتەوەو لەحوکمی بەهەشتێکی دەستکرددایە بۆ گشت رۆحلەبەرەکان جگە لەمرۆڤ.

بەڵام یاسای جەنگەڵ لەم شوێنە قەدەغەکراوەدا بە وردەکارییەکی بێوێنەوە جێبەجێ دەکرێت، لەبەرنامەی پیرێدا، دوو باڵدار نیشان دران کە هەر هێندەی کەناریەک قەبارەیان هەبوو، پێنج زەرنەقوتەیان لەهێلانەیەکی نەرمو نیاندا گرمۆڵە کردبوو، نێرەو مێیە بە بەردەوامو بەنۆرە خواردنو وزەیان دەکرد بەقورگی وردیلەکانیاندا.. بەڵدارە ژیکەڵەکان بۆ پاراستنی نەوەکانیان هاتبوون هێلانەکەیان لەسەر دارێک دروست کردبوو کە لەناو ئاودا دەژیاو مەترسی هێرش و پەلاماریان زۆر کەم کردبووەوە، بەڵام دەرکەوت مەترسی کەم نەبووەتەوە، فیلمەکە نیشانیدا کە ماری ئاوی باکی بەهیچ شتێک نییەو درەختی بەرزی ناو ئاو مەیدانێکی گونجاوە بۆ چالاکییو گرتنی نێچیرەکانی.

لەمەودایەکی کورتی چەند چرکەییدا، ماری سامناک خۆی لەهێلانەی باڵندەکان نزیک کردەوەو یەک یەک هەر پێنج بێچوەکانی قوت دان. دیمەنی قاچە وردیلەکانی بێچوەکان لەشەویلەی مارەکەدا، دایکو باوکی باڵندەکانی شێتو هار کردبوو، بەڵام جگە لەحەپەسان هیچ چارەسەرێک نەبوو... یاسای دارستان واتاکەی ئەوە بوو کە بەهێزەکان لاوازەکان قوت دەدەنو چارەسەرێک لەگۆڕێدا نییە.. یاسای سروشت وای بڕیار داوە کە خاوەن ماسولکەو قەبارە زلەکان دەتوانن ئەوانی دیکە هەللوشنو لەناو گەدەیاندا بتوێنەوەو وزەی پێویست بۆ گەورەکان بڕەخسێنن.

تۆپبارانی سنووڕەکانی کوردستان لەم سیناریۆ «سروشتی» یەی ناو جەنگەڵو ناوچە پاوانکراوەکانی نێوان دوو کۆریا دەچێت.

خەڵکێکی زۆری وڵاتی ئێمە کە هیچ پەیوەندییەکی سیاسییو حزبیان بە لایەنە سیاسییەکانی هەموو کوردستانەوە نییە، بوونەتە خۆراکی ئەو هێزانەی کە ژیانو گوزەرانی ئەوانی داوەتە بەر هەڕەشەی مانو نەمان.

دەزگاکانی هەواڵنێری کوردستان بەڕوونیو بەوێنەوە دەیخەنە بەرچاومان کەئێران تۆپبارانی فڵانو فیسار ناوچەی کردو فڵان ژمارەش لەخێزانەکان ئاوارە بوون یان کوژران.

تورکیا بەفڕۆکەو توپ هێرشی کردە سەر فڵان ناوچەو بووە هۆی زیانێکی زۆرو زەوەند.

بەڕواڵەت پێدەچێت ئەو تۆپبارانو مااڵوێرانیو کوشتنە پەیوەندیی بەگەلی کوردی عێراقەوە نەبێت. وا دەردەخەین کە ئێمەش وەک دایکو باوکی باڵدارە بچوکەکان دەبێت سەیری پەلاماری «مار» بکەین کە بە چ شێوازێک بێچوەکان قوت دەداتو حاڵەتی سەرسوڕمان بەخۆوە بگرین..

تۆپبارانی وڵاتانی دراوسێ بۆ سنووڕەکانی کوردستان پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر ئەم تۆپبارانە ناڕەوایەو غەدرێکی سیاسییە لە گەلی ئێمە، پێویستە زیاتر لێی بەدەنگ بێینو میللەتی باشتر لێ هۆشیار بکرێتەوە.

ئەگەر لێدانی سنووڕەکانی وڵاتی ئێمە بەهانەیەکی هەیەو هەڵەو کەموکورتی لەئێمەوە یان لەلایەنێکی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە –دیسان– پێویستە بەرچاوی خەڵکو جیهان ڕوون بکرێتەوەو ڕێگا نەدەین بەشێک لە هاوڵاتییەکانی ئێمە ببنە خۆراک بۆ حەزو ئارەزووی کەسانێک کە جگە لەبەرژەوەندیی خۆیان چاویان بە هەبوونی کەسی دیکە هەلنایەت.

ئەگەر یاسای جەنگەڵ لەنێوان مرۆڤەکاندا حوکمڕان بێت سەرجەمی یاساکانی دیکە لەبێخو بنەوە لێک دەترازێن. کاتی ئەوە هاتووە بەدەنگی بەرز داکۆکی لە ئاسایشی سنووڕەکانی کوردستان بکرێتو بەهانە بۆ هیچ لایەک نەهێڵرێتەوە تەراتێنی تیا بکاتو مار ئاسا بیچوەکان لوش بدات.





چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩